هەرێمی کوردستانی – عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

# دەوروبەر

## ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی واتای شیعردا

### لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە

**نامەیەکە**

**پێشکەش کراوە بە ئەنجومەنی کۆلێژی زمان _ زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر**
**وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بە دەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا**

**لەلایەن**

**شوان نجم الدین عمر _ بەکالۆریۆس زانکۆی سەلاحەددین _ 2008**

**بەسەرپەرشتی**

**پ . ی . د . عبدالواحید مشیر دزەیی**

**گوڵان2713 کوردی** **ڕەجەب 1434 کۆچی** **ئایار 2013 زاینی**

## ڕاپۆرتی سەرپەرشت :

**ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی (دەوروبەر ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی واتای شیعردا) یە , قوتابی (شوان نجم الدین عمر) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین _ هەولێر ئامادەی کردووە , بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا .**

**سەرپەرشت :پ.ی.د. عبدالواحید مشیر دزەیی**

**مێژوو :** / / 2013

**بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت , ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .**

**ناو:**
**سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا**
**لە بەشی زمانی کوردیدا**
**مێژوو :** / / 2013

# ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن :

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتوویژکردن و هەڵسەنگاندن , ئەم نامەیەمان خوێندەوە بە ناونیشانی ( دەوروبەر ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی واتای شیعردا ) یە , کە لەلایەن قوتابی ( شوان نجم الدین عمر ) ەوە ئامادەکرابوو , لەگەڵ قوتابییەکە گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا , کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی ( پڕاگماتیك ) پێبدرێت .

ناو : پ . د . وریا عمر امین

سەرۆکی لیژنە

مێژوو : 18 / 5 / 2013

ناو : پ . ی . د . گالب حسین علی

ئەندام

مێژوو : 18 / 5 / 2013

ناو : پ . ی . د . بکر عمر علی

ئەندام

مێژوو : 18 / 5 / 2013

ناو : پ . ی . د . عبدالواحید مشیر محمود دزەیی

ئەندام و سەرپەرشت

مێژوو : 18 / 5 / 2013

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسندکرا .

ناو : پ . ی . د . شادان جمیل عباس

ڕاگری کۆلێژی زمان بە وەکالەت

مێژوو : / / 2013

# پوختەی نامە

ئەم باسە بە ناونیشانی (دەوروبەر ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی واتای شیعردا) یە , لێکۆڵینەوەیەکی پڕاگماتیکیە . ئامانج لەم باسەدا ڕوونکردنەوەی لێڵی و تەمومژیە لە دەقی شیعری نووسراودا , لە چوارچێوەی دەوروبەری دەروونیدا . کەرەسەی بە کارهێنراو لەم باسەدا دەقی شیعری نووسراوە بە زمانی کوردی , تایبەت لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا .

باسەکە پێك هاتووە لە پێشەکی و دوو بەش و کورتە بە هەردوو زمانی (عەرەبی , ئینگلیزی) , لەگەڵ گرینگترین ئەنجامدا .

بەشی یەکەم : جۆر و بنەماکانی دەوروبەر :

بەشێوەیەکی گشتی لەم بەشەدا لایەنی تیوری پەیرەو کراوە , ئەم سەرە بابەتانە لەخۆدەگرێت : ( پێناسەی دەوروبەر , جۆرەکانی دەوروبەر , بنەماکانی دەوروبەر , ڕۆنانی دەوروبەر , سنوری دەوروبەر , دەوروبەر و یەکەی واتایی , پچڕانی دەوروبەر , گەڕاندنەوەی دەوروبەر , هەڵبژاردنی دەوروبەر , دەوروبەر و مەبەست , ئەنجامگیری و دەوروبەر , ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕوونکردنەوەی واتادا , کاریگەری دەوروبەر لە گۆڕینی واتادا ) .

بەشی دووەم / دۆزینەوەی دەوروبەر لە زمانی شیعردا :

لەم بەشەدا باسەکە لایەنی پڕاکتیکی گرتۆتەبەر بە پشت بەستن بە دەقی شیعری نووسراو بۆ دۆزینەوەی دەوروبەر , ئەم سەرە بابەتانە لەخۆدەگرێت : (زمانی شیعر , لادانی واتایی لە زمانی شیعردا , خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی زمانی شیعر , ئەندازەی تێگەیشتن لە زمانی شیعردا , دوروبەر و قۆناغەکانی شیکردنەوەی پڕاگماتیکی , دۆزینەوەی دەوروبەر و شیکردنەوەی پڕاگماتیکی , نموونەی پڕاکتیکی ) .

دەوروبەر بە یەکەیەکی گرنگ دادەنرێت لە بواری واتاسازیدا , تایبەت لە دیراسەکردن و ڕوونکردنەوە و دیاری کردنی واتای مەبەست لە دەقی شیعریدا , کە جۆرێك لە تەمومژی واتایی لە خۆدەگرێت , کە دەکرێت دەوروبەر وەك سەرچاوەیەك پشتی پێ ببەسترێت بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەمومژیە , هەڵبژاردنی بابەتی باسەکەش هەر بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و ڕەواندنەوەی ئەم لێڵی و تەمومژییەیە .

# ناوەڕۆک

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| ناوەڕۆك | IV |
| ليستي وشه و زاراوەكان | VI |
| پێشەكی | 1 |
| **بەشی یەكەم : جۆر و بنەماكانی دەوروبەر .** | 3 – 50 |
| 1 – پێناسەی دەوروبەر | 3 |
| 2 – جۆرەكانی دەوروبەر | 6 |
| ا – دەوروبەری زمانی | 9 |
| ب – دەوروبەری بار | 9 |
| ج – دەوروبەری كەلتوری | 10 |
| د – دەوروبەری سۆز | 10 |
| ه – دەوروبەری كۆمەڵایەتی | 10 |
| و – دەوروبەری ئەدەبی | 11 |
| ز – دەوروبەری مێژوویی | 12 |
| 3 – بنەماكانی دەوروبەر | 12 – 17 |
| 4 – ڕۆنانی دەوروبەر | 17 – 21 |
| 5 – سنووری دەوروبەر | 21 – 22 |
| 6 – دەوروبەر و یەكەی واتایی | 23 – 25 |
| 7 – پچڕانی دەوروبەر | 25 – 28 |
| 8 – گەڕاندنەوەی دەوروبەر | 28 |
| ا – دەوروبەری ڕاستەقینە | 29 |
| ب – دەوروبەری گریمانەیی | 29 – 31 |
| 9 – هەڵبژاردنی دەوروبەر | 31 |
| یەكەم : لێكدانەوە و دەركەوتەكان | 32 |
| دووەم : گریمانە و ئەگەرەكان | 34 |
| سێیەم : هەڵسەنگاندن | 34 |
| 10 – دەوروبەر و مەبەست | 35 – 39 |
| 11 – ئەنجامگیری و دەوروبەر | 39 |
| ا – بەرئەنجام | 40 |
| ب – هەڵێنجان | 41 |

| | |
|---|---|
| 42 | 12 – ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕوونکردنەوەی واتادا |
| 47 | 13 – کاریگەری دەوروبەر لە گۆڕینی واتادا |
| 104 – 51 | **بەشی دووەم : دۆزینەوەی دەوروبەر لە زمانی شیعردا** |
| 51 | 1 – زمانی شیعر |
| 53 | 2– لادانی واتایی لە زمانی شیعردا |
| 56 | 3 – خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی زمانی شیعر |
| 57 | ا – کردەی خوێندنەوە و تێگەیشتن |
| 60 | ب – کردەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە |
| 63 | 4 – ئەندازەی تێگەیشتن لە زمانی شیعردا |
| 68 | 5 – دەوروبەر و قۆناغەکانی شیکردنەوەی پڕاگماتیکی |
| 70 | 6 – دۆزینەوەی دەوروبەر و شیکردنەوەی پڕاگماتیکی |
| 70 | یەکەم / نیشانکارەکان |
| 70 | ا – نیشانە کەسیەکان و دۆزینەوەی ناسنامەی بەشداربوان |
| 74 | ب – دۆزینەوەی کات |
| 77 | ج– دۆزینەوەی شوێن |
| 81 | دووەم / گریمانە پێشەکییەکان |
| 82 | • دۆزینەوەی پاشخان |
| 83 | سێیەم / کردە قسەیەکان |
| 83 | ا – کردەی دەربڕین |
| 83 | ب – کردەی مەبەست |
| 84 | ج – کردەی پاشکار |
| 85 | • دۆزینەوی مەبەست |
| 91 | چوارەم / دەرکەوتەکان |
| 93 | • نموونەی پڕاکتیکی |
| 94 | – نموونەی یەکەم |
| 96 | – نموونەی دووەم |
| 100 | – نموونەی سێیەم |
| 105 | ئەنجام |
| 110 – 107 | سەرچاوەکان |
| أ | پوختە بە زمانی عەرەبی |
| A | پوختە بە زمانی ئینگلیزی |

- **ليستى وشه و زاراوەكان :**

| | |
|---|---|
| Conversation | ئاخاوتن |
| Audience | ئامادەبوو |
| Topic | بابەت |
| Induction | بەرئەنجام |
| Normal use | بەكارهێنانى ئاسايى |
| Parasitic use | بەكارهێنانى نائاسايى |
| Principles | بنەما |
| Comprehension | دەرككردن |
| Backg round | پاشخان |
| Syantagmatic relation | پەيوەنديى ئاسۆيى |
| Pragmatic | پراگماتيك |
| Introduction minor | پێشەكى بچووك |
| Introduction major | پێشەكى گەورە |
| Semantic clash | پێكدادانى واتايى |
| Construction | بنياتنان |
| Inference | دەرئەنجام |
| Implication | دەركەوتەى واتايى |
| Text | دەق |
| Context | دەوروبەر |
| Literary context | دەوروبەرى ئەدەبى |
| Situation context | دەوروبەرى بار |
| Micro context | دەوروبەرى بچووك |
| Linguistic context | دەوروبەرى زمانى |
| Emotional context | دەوروبەرى سۆز |
| Cultural context | دەوروبەرى كەلتورى |
| Social context | دەوروبەرى كۆمەلآيەتى |
| Macro context | دەوروبەرى فراوان |
| Historical context | دەوروبەرى مێژوويى |
| Analysis | ڕاڤەكردن |
| Structure | ڕۆنان |

| | |
|---|---|
| Knowledge | زانیاری |
| Manner | شێواز |
| Massage formally | شێوەی پەیام |
| Place | شوێن |
| Discourse | گوتار |
| Utterance | گوتن |
| Hearer | گوێگر |
| Time | کات |
| Channal | کەناڵ |
| Process | کردە |
| Generalizacion | فراوان کردنی واتا |
| Clue | قەرینە |
| Speaker | قسەکەر |
| Deviation | لادان |
| Amblgnity | لێڵی |
| Intension | مەبەست |
| Inconvenient | ناتەبایی |
| Incompatability | نەگونجان |
| Content | ناوەرۆك |
| Sender | نێرەر |
| Deixis | نیشانکارەکان |
| Expressive | هەست دەربڕین |
| Semantic redudancy | هەڵئاوسانی واتایی |
| Elicitaion | هەڵێنجان |
| Collocation meaning | واتایی هاورێیەتی |
| Receiver | وەرگر |

# پێشەکی

# پێشەکی

## 1 – ناونیشانی نامەکە :

نامەکە بە ناونیشانی (دەوروبەر ڕۆڵی لە ڕوونکردنەوەی واتای شیعردا) یە , کە لێکۆڵینەوەیەکی پڕاگماتیکیە , بەمەش نامەکە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتا و مەبەستی دەربڕین لە ڕوانگەی دەوروبەر(Context) بە نموونەی دەقی شیعری .

## 2 – هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

دەوروبەر وەك بابەتێکی گرنگی نێو بواری پڕاگماتیك ڕۆڵی هەیە لە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەست لە شیعردا , کە جۆرێك لە تەمەومژی لەخۆ دەگرێت و کێڵگەیەکی بەر فراوانی لادانی واتاییە , بۆیە لەم ڕووەوە هەڵبژاردنی بابەتەکە کارێکی بە سوود دەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تەم و مژییە .

## 3 – سنووری لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی زمانی کوردی – زاری ناوڕاست دایە , کە لێکدانەوەی پڕاگماتیکی بۆ دەقی شیعری (نووسراو) دەکرێت پشت بەستوو بە دەوروبەر .

## 4 – ڕێبازی لێکۆلینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری دەبەستێ , بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتا و مەبەست لە دەقی شعیریدا بە بەڵگە و نیشانەی لۆجیکی .

## 5 – ناوەڕۆکی نامەکە :

نامەکە لە پێشەکی و دوو بەش و کورتە و ئەنجام پێك هاتووە بەم شێوەیە :

**بەشی یەکەم / جۆر و بنەماکانی دەوروبەر :**

( پێناسەی دەوروبەر , جۆرەکانی دەوروبەر , بنەماکانی دەوروبەر , ڕۆنانی دەوروبەر , سنوری دەوروبەر , دەوروبەر و یەکەی واتایی , پچڕانی دەوروبەر , گەڕاندنەوەی دەوروبەر , هەڵبژاردنی دەوروبەر , دەوروبەر و مەبەست , ئەنجامگیری و دەوروبەر , ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕوونکردنەوەی واتادا , کاریگەری دەوروبەر لە گۆڕینی واتادا ) .

**بەشی دووەم / دۆزینەوەی دەوروبەر لە زمانی شیعردا :**

**(زمانی شیعر , لادانی واتایی لە زمانی شیعردا , خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی زمانی شیعر , ئەندازەی تێگەیشتن لە زمانی شیعردا , دوروبەر و قۆناغەکانی شیکردنەوەی پڕاگماتیکی , دۆزینەوەی دەوروبەر و شیکردنەوەی پڕاگماتیکی , نموونەی پڕاکتیکی ) .**

# بەشی یەکەم
# جۆر و بنەماکانی دەوروبەر

## بەشی یەکەم : جۆر و بنەماکانی دەوروبەر .

### 1- پێناسەی دەوروبەر Context .

لەزۆربەی بابەت و لێکۆڵینەوەکانی بواری واتادا بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ باس لە بابەتی دەوروبەر و ڕۆڵی لە زمان بەگشتی و تایبەت لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی واتا و مەبەستدا کراوە , چونکە دەوروبەر وەك چەمکێکی فراوان هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان لەسەر زمان هەیە لە ئێستا و ڕابردوودا (عبدالواحیدمشیر دزەیی:28:2010) . بیروبۆچوون سەبارەت بە دەوروبەر لە سالانی سیەکاندا سەری هەڵدا , کاتێ گرنگی درا بە کۆمەڵ و پەیوەندی کۆمەلایەتی کە مرۆڤ دەتوانێت بە هۆی زمانەوە لە ئەندامانی کۆمەڵەکەی بگات و تێیان بگەیەنێ . بە تایبەتی لەسەردەمی (مالینۆفسکی و فێرث ) ئەم ڕێبازە زیاتر پەرەی سەند و بایەخی پێ دراوە , هەروەها چەند زمانەوانێکی تر وەك هالیدای و روبینز و بازل و کاتز و ڤودر بەشدارییان کردووە و بەرهەمیان دەربارەی ئەم بابەتە تۆمارکردووە (ساجیدەعبدوڵلا:27:2008) .

دەوروبەر ئەو ڕەگەزانە لەخۆ دەگرێت کە ڕۆلیان هەیە لە دیاریکردن و ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی واتا و مەبەستدا , لەمبارەیەوە (لاینز) دەڵێ : ئەو دەوروبەرەم بدێ کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە واتاکەت دەدەمێ (عبدالواحیدمشیردزەیی:28:2010 ) , واتە لە ڕێگەی دەوروبەر دەتوانین واتای مەبەست لە وشەدا دەست نیشان بکەین , لەبەر ئەوەی وشە لە دەوروبەردا واتای جێگر دەبێت و سنوورداردەبێت , مەودای دەوروبەر پتر لە ژینگەی کۆمەلایەتی و فیزیکییدا دەردەکەوێت , بە گشتیش زانیاری ( knowledge) دەگرێتەوە , کە هەموو ئەمانە ڕۆڵی سەرەکی لە لێکدانەوەی دەق یان دەربڕاو دەبینن (تریفە عومەر ئەحمەد:47:2008) . هەروەها دەوروبەر ئەو چوارچێوە هاوبەشە زمانی و نازمانییەش دەگرێتەوە کە (واتا) جۆر بە جۆرەکانی تێدا ساغ دەبێتەوە , لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی دەوروبەر واتای وشە بە تەواوی دەستەبەر نابێت (سالم شاکر:31:1992) . ئاشکرایە هەر دەربڕینێکی زمانی یا نازمانی , نووسراو یان زارەکی بێت چەند مەبەستێکی شاراوەی لەگەڵ دەردەبڕدرێت و پێویست بە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە دەکات , کە دەکرێت بەهۆی گیرکردنی دەربڕینەکە بە دەوروبەر و زانینی ئەو بارودۆخەی دەربڕاوەکەی تێدا دەربڕاوە مەبەستەکە ڕوون بکرێتەوە , بەو پێیەی پێکهاتی وشە و ڕستەکان چەند نیاز و مەبەستێکی لێ پەیدا دەبێ , کە دەرهاویشتەی لایەنی سۆز و هەڵچوونی قسەکەرە . سەبارەت بە پێناسەکردنی دەوروبەر , زمانەوان و شارەزایانی بواری واتا تێڕوانین و بۆچوونی جیاجیایان هەیە , کە هەر یەکەیان بەپێی بۆچوون و میتۆدی کارەکەی دواوە و سەرنج و تێڕوانینی خۆی تۆمارکردووە .

لێرە دا هەندێ لەو بۆچوون و پێناسانە دەخەینەڕوو , کە بۆ چەمك و بابەتی دەوروبەر کراوە :

1- بریتییە لە کۆمەڵە ڕەگەزێك بۆ بارێکی دیاریکراوی ئاخاوتن (هادی نهر:1988 : 188) .
ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر ڕەگەزەکانی دەوروبەر دەکات , کە ڕۆڵیان هەیە لە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی واتا مەبەست لە ئاخاوتنێکی تایبەت و بارودۆخێکی دیاریکراودا , ڕەگەزەکان وەك (قسەکەر , گوێگر , کات , شوێن ,……..هتد ) .

2- بریتییە لە زانیاری و ڕاستیی زیاتر , کەبەشدار دەبێت لەگەڵ واتای فەرهەنگی وشە بۆ دیاریکردنی واتای مەبەست ( منقور عبدالجلیل:89:2001) .

3- زانیاری پێشینەیە , کە گریمانە دەکرێت هاوبەش بێت لە نێوان قسەکەر و گوێگردا , ئەو زانیاریە پێشینەیە هۆیەکە بۆ ئەوەی گوێگر بگات بەو مەبەستانەی لە گوتنەکانی قسەکەر دایە .(Leech:1983:13)

4- بریتییە لەو زانیاری و گریمانانەی , کە شوێن کەوتەی ئاخاوتنن بە ئامانجی ئەوەی بگات بەو مەبەستانەی , کە لە گوتنەکانی قسەکەر , باری گوتنەکە , بارودۆخی قسەکەر یان گوێگردا هەیە (فهد بن شتوی:27:2005) .
ئاشکرایە قسەکەر لە پرۆسەی پەیوەندی کردندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەندێ زانیاری لە دەربڕینەکانیدا بە دەستەوە دەدات , کە یارمەتیدەرن بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو واتا و مەبەستانەی قسەکەر لە گوتنەکاندا بە شاراوەی دەریان دەبڕێت .

5- بریتییە لە دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە دەربڕاو و دەرنەبڕاوانەی , کە لە ئاخاوتن بەرهەم دێن (جون لاینز :222:1978) .
ئەم پێناسەیە ئاماژەدانە بە ڕۆڵ و گرنگی دەوروبەر لەدیاریکردن و ڕوونکردنەوی مەبەست , کە لە ئاخاوتن بەنادیاری دەربڕاوە .

6- ڕەواندنەوەی تەمومژی و لێڵیە لە دەربڕیندا , یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا (عبدالقادر عبدالجلیل:540:2002) .
جێگەی ئاماژە پێدانە , کە تەمومژی تەنیا لە نووسیندایە نەك ئاخاوتن , لە هەموو بارێکیشدا ناتوانرێ تەنیا لە ڕێگەی دەوروبەرەوە تەمومژی برەوێندرێتەوە , بەڵکو هۆکاری تری وەك هێز و ئاوازەش ڕۆڵ دەبینن .

7- خستنەڕوو و ئاماژە پێدانە بەو هۆکارانەی کە دەتوانن فۆرم و واتا و گونجاوی ئاخاوتن دەربخەن (crystal:1992:79) .
دەوروبەر کۆمەڵێك هۆکاری زمانی و نازمانی لە خۆدەگرێت , ئەم هۆکارانە دەتوانن بەپێی بارودۆخی ئاخاوتنەکە فۆرم و واتاکان بگونجێنن لەگەڵ ئەو بارە تازەیەی تێیدا دەردەکەوێت .

8– ئەو چوارچێوە زمانییە کە شوێنەواری فۆنیم , وشە , ڕستە پێك دەهێنێ , هەروەها پەیوەندی شێوەی ناوەوە و بار دەگرێتەوە (یحی عبابنە و امنە الزعبی:54:2008) .
ئەمەش ئەو چوارچێوە زمانیە دەگرێتەوە , کە مەبەست تێیدا گیرکردنی ئاخاوتنە بە دەوروبەر لە ڕێگەی پەیوەندی ناوەوەی پێکهاتە زمانیەکە و بارودۆخی دەرەوە .

9– بریتییە لە دەقێکی تر , یان هاوەڵ دەقێکە بۆ دەقێکی سەر زاری , کە وەك پردێك وایە هێما زمانیەکان بە ژینگەی دەرەوە دەبەستێتەوە (یوسف نور عوظ:29:1410) .
ناساندنی دەوروبەر بە دەقێکیتر یان هاوەڵ دەقێك بۆ دەقێکی سەرزاری , بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەق مانای زۆر بە خۆوە هەڵدەگرێت , پێویستی بە لێکدانەوە هەیە .

10– بروس انغام دەڵێ : دەوروبەر واتە یەکێك لەم دووانە , یەکەمیان دەوروبەری زمانی بریتییە لەو کەرستانەی کە لە پێش و لە دوای وشەدا دێت , دووەمیان دەوروبەری نازمانی ئەویش بریتییە لەو بارودۆخەی دەرەوە کە دەربڕینی تێدا ئەنجام دەدرێت (ردةاللةبن ردة:40:1418) .

هەموو ئەو پێناسانەی کە دەربارەی دەوروبەر خستمانەڕوو , دەبینین هەر یەکێکیان لە گۆشە نیگایەکی تایبەتەوە ڕوانیویەتیە بابەتەکە , بەڵام هەموویان بەدەوری تەوەرەیەکدا دەخولێتەوە , ئەویش بریتییە لەوەی کە دەوروبەر هۆیەکە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا و ئاشکراکردنی مەبەست لە دەربڕیندا .

بەم پێیە و لە ژێر رۆشنایی ئەو بیروبۆچوون و پێناسانەی , کە لەلایەن زمانەوان و پسپۆرانی بواری واتا بۆ دەوروبەر کراوە دەتوانین بڵێین : دەوروبەر بریتیە لەو ژینگە (زمانی , نازمانی ) یەی , کە دەربڕینی تێدا ساغ دەبێتەوە , ئامانج و مەبەستی قسەکەر دەپێکێ , ئەو گریمانە و تەمومژیانەش ناهێڵێ , کە لە وشە , رستە , دەق , گوتنەکاندا بەدی دەکرێت , کەواتە دەوروبەر وەك هاوکێشەیەکی پڕاگماتیکی (واتا) ی تێدا شیکار دەکرێت .
بۆ نموونە :
– گیراوەکەتان گرتەوە .
ئەم دەربڕینە جۆرێك لە تەم و مژی لەخۆ گرتووە , کە نازانرێ مەبەست لە (گیراوەکە) کەسێکی بەندکراوە یان گیراوەی کیمیاوی یان جۆرێکی دەرمانە....هتد , بەڵام دەتوانرێت لە ڕێگەی زانینی ئەو دەوروبەرەی دەربڕینەکەی تێدا دەربڕاوە بگەین بە واتا و مەبەستی دەربڕاوەکە .
گریمان ئەو دەوروبەرەی دەربڕینەکەی تێدا دەربڕاوە تاقیگەیە , ئەوا مەبەست لە گرتنەوەی (گیراو)ەکە مادەیەکی کیمیاوی دەبێت نەوەك کەسێکی بەندکراو , بەڵام ئەگەر دەوروبەری دەربڕینەکە بۆ شوینێکی وەك بەندیخانە بگۆڕێت , ئەوا مەبەست لە گرتنەوەی (گیراو)ەکە کەسێکی بەند کراوە , نەوەك ماددەیەك یان گیراوەیەکی کیمیاوی .
کەواتە دەوروبەر وەك هاوکێشەیەکی پڕاگماتیکی توانی واتا و مەبەستی نێو دەربڕاوەکان شیکار بکات .


## 2- جۆرەکانی دەوروبەر Kinds Context .


**ئەو تێڕوانین و بۆچوونە جیاوازانەی لە بارەی چەمك و پێناسەی دەوروبەر لە نێو زمانەوانەکاندا هەن , کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر دیاریکردنی جۆرەکانیش هەیە . زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە , لەناو کۆمەڵ سەری هەڵداوە و لە ژێر کاریگەری کۆمەڵ دا گۆڕانکاری و جیاوازی تێ دەکەوێت , دەوروبەریش وەك یەکەیەکی واتایی لە ژێر ئەو کاریگەریەدایە و بەدەر نیە لەو جیاوازیانە . بۆیە شێوە دابەش کردنێکی یەکگرتوو بۆ جۆرەکانی دەوروبەر بە ڕوونی نابینرێت , هەریەك بەپێی پێویست و میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی جۆرەکانی دیاریکردووە , ئەمەش بۆ پەیوەندی بەربلاوی بە بوارەکانی تر دەگەڕێتەوە , کە وای کردووە زیاتر لەشێوەیەك دابەشکردن بۆ جۆرەکانی دەوروبەر بکرێت , بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی زمانەوانەکان دوو جۆر دەوروبەر (context) یان دەست نیشان کردووە , ئەویش دەوروبەری زمانی (linguistic context) یان (verbal context) , دەوروبەری کۆمەڵایەتی (social context) (تمام حسان :295:1979) , کە ئەوەی دووەمیان لای (firth) دەوروبەری بار (context of situation) ی پێ دەووترێ , لای (palmer) بە دەوروبەری نازمانی (non-linguistic context) ناوی هاتووە** (palmer:1977:92-101) .

**سەبارەت بە جۆرەکانی دەوروبەر و تێڕوانینە جیاجیاکان چەند بۆچوونێك وەردەگرین لەوانە فێرث (firth) بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر دەوروبەر جیادەکاتەوە** (عبدالعزيزبن ردة الطلحى:6:2008), **کە بریتین لە :**

1- **دەوروبەری بار** Situational context.

2- **دەوروبەری زمانی** Linguistic context.



فێرث لە دەوروبەری زمانی دا گرنگیەکی زۆر بە هاوڕێیەتی نێوان وشەکان دەدات لە دەق دا , کە گۆڕانکاری بەسەر واتای وشەکاندا دەێنن . ئەم زمانەوانە لەڕوانگەی دەوروبەرەوە دەیڕوانییە زمان , جەختێکی زۆری لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان دەکرد (ستیڤن اولمان:64:1986) , فێرث سەیری زمانی دەکرد وەك کردارێکی کۆمەڵایەتی یان چالاکیەکی کۆمەڵایەتی , بەمەش تیۆری فێرثی زمانەوانی لەسەر بناغەی پێوەندی زمان بە تاك و کۆمەڵەوە دامەزراند , وای بۆ دەچوو کە واتا ئەنجامی پەیوەندییە ناوخۆیی و بە ناو یەك چووەکانە , بە تەنها پەیوەستی کاتێکی دیاریکراو نیە کە دەنگ و ڕەنگی لەگەڵ دا بێت , بەڵکو بەرهەم و دەرئەنجامی بار و هەڵوێستە زیندووەکانە , کە لە لایەن تاکەکانی نێو کۆمەڵگا پیادە دەکرێت , بە جۆرێك ڕستە لە کۆتاییدا واتاکەی لە چوارچێوەی بەرگی ڕووداوەکانەوە وەردەگرێت , واتە لە چوارچێوەی دەوروبەری بار context of situation (یحی احمد:81:1989) . فێرث لە تیۆرەکەیدا ( contextual theory) لە چوارچێوەی شیکردنەوەی زمان دەرنەچووە , واتای ڕزگارکرد لەو رەخنانەی کە دووچاری تیۆرەکانی ناولێنان و هۆشەکی و رەوشتی دەبوونەوە , کە ئاماژەی بەوە کرد لێکۆڵینەوە لە زمان دا دەبێ لە چوارچێوەی زمان دا بێت , بۆیە فێرث بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە واتا ڕوون نابێتەوە تەنیا لەناو دەوروبەری یەکەکانی زمان نەبێت , واتە دانانی یان بەکارهێنانی لە دەوروبەری جیاوازەوە .


لای هالیدای (Halliday) لێکۆڵینەوەی زمان بە پلەی یەکەم بریتیی بوو لە لێکۆڵینەوەی واتا , کە وای دەبینی زمان بریتییە لە جۆرێك لە ڕەوشتی واتای ئەگەری , واتە ئەو ئەرکانەیە کە مرۆڤ بە زمان جێ بەجێی دەکات .

هالیدای تێڕوانینێکی جیایی بۆ دەوروبەر هەیە , بەلایەوە دەوروبەر پێکهاتووە لە :

1– بوار field : ئەو بابەتە سەرەکییەیە کە بەشداربوان گفتوگۆی لە بارەوە دەکەن , لە گوزارشت کردنیدا زمان پێکهاتەیەکی سەرەکی دەبێت .

2– ڕێگا tenor : واتە سروشتی پەیوەندی نێوان بەشداربوانی دەربڕینەکە , جۆری ئەو پەیوەندییەی لە نێوان بەشداربواندایە , ئایا پەیوەندیەکی فەرمی یان نافەرمیە , ئاشکرا یان شاراوەیە , ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیە ....هتد .

3– شێواز mode : واتە جۆری دەقی بە کارهاتوو لە کردەی پەیوەندی کردندا . ئەویش دەوەستێتە سەر چۆنیەتی پێکهاتی دەقەکە کە شێوازی بەکارهێنانی زمانی و هۆکارەکانی ڕەوانبێژی دەگرێتەوە , بەجۆرێك ئایا دەقەکە زارەکییە یان نووسراوە , گفتوگۆ ئامێزە , فەرماندانە , گێڕانەوەیە ...هتد . (یحی احمد:85:1989) .




کلیمر (Klammer) چوار جۆر دەوروبەر دەست نیشان دەکات :

1 – دەوروبەری زمانی Linguistic context .
2 – دەوروبەری دەروونی Emotional context .
3 – دەوروبەری بار Situational context .
4 – دەوروبەری کەلتوری Cultural context (Klammer:1977:160) .

هەروەها گرایس (Grice) تێروانینێکی تری هەیە بۆ دەوروبەر و ئەمیش چوار جۆر دەوروبەر دیاری دەکات بەم شێوەیە :

1 – دەوروبەری فیزیکی .
2 – دەوروبەری زمانی .
3 – دەوروبەری زانیاری .
4 – دەوروبەری کۆمەڵایەتی (مهدی ابراهیم:2010:13) .

بەپێی ئەم دابەشکردنانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی , کە بڵێین هەر چەندە لە شێوەی دابەشکردن و دانانی زاراوەکان جیاوازی هەیە , بەڵام لە ناوەڕۆکدا تاڕادەیەکی زۆر لەیەك نزیکن , کە هەموویان لە چوارچێوەی یەك تەوەر دەخولێنەوە ئەویش پەیوەندی کەرستەزمانیەکان , کاریگەری ژینگەی دەرەوەیە لەسەر کەرستە زمانیەکان .



لێرەدا بە پێی پێوستی و پێوەندی باسەکەمان تیشك دەخەینە سەر هەندێ لە جۆرەکانی دەوروبەر (context ) و بەم شێوەیە ڕیزبەندیان دەکەین :

## ا – دەوروبەری زمانی Linguistic context .

ژینگەیەکی زمانییە , پەیوەستە بەڕێوشوێنی زمان و وشە و ڕیزبوونە جیاوازەکان (نورالهدى لوشن:98:1995) , کە تێدا پەیوەندی کەرستە زمانیەکان لە ناو پێکهاتەیەکدا لە بەر چاو دەگیرێت , بەو پێیەی لە دەوروبەری زمانی پەیوەندی وشە بە وشەکانی پێشتر و دواتر لێکدەدرێتەوە (عبدالواحيد مشير دزەيى:24:2009) , ئەو پەیوەندیەش , پەیوەندیەکی ئاسۆییە (syntagmatic relations ) پەیوەستە بە چوارچێوەی ناوەوەی زمان وەك ڕیزبوونی کەرستەکان , گونجان و نەگونجانیان , بە دوایەك هاتنی کەرستەکان (فاطمة الشيدى :22:2011 ) , لەم پەیوەندییە دا هەموو ئەو هێمایانە پەیڕەوێك دروست دەکەن بەهای هەر هێمایەك لەپەیوەندی نێوان هێماکاندا هاتووە (محمد معروف فتاح :47:1985) , کە لەڕێگەی ئەو پەیوەندیەوە کەرستەکان دەتوانن واتایەکی جیاواز لەواتا تایبەت و فەرهەنگیەکەی بە دەستەوە بدات . کەواتە دەوروبەری زمانی زیاتر هاوڕێیەتی و بەیەکەوەهاتنی کەرستە زمانییەکان و فۆڕمە ئەرکییەکان دەگرێتەوە .

بۆ نموونە وشەی (باش) لەگەڵ وشەی :

1– (پارە ) واتای (زۆر) دەدات .

وەك / **ڕۆڤار لە کارەکەی پارەیەکی باشی دەست دەکەوێت** .

2–(پزیشك ) واتای (شارەزا )یی دەدات .

وەك / **ڕۆڤار پزیشکیکی باشە** .

3–(قوتابی ) واتای (زیرەك)یی دەدات .

وەك / **ڕۆڤار قوتابیەکی باشە** .

## ب – دەوروبەری بار Situational context .

ئەو دەوروبەرەیە کە پرۆسەی تێ گەیشتنی تێدا ئەنجام دەدرێت , کات و شوێنی ئاخاوتن و پەیوەندی نێوان ئاخێوەران و نەریتی هاوبەشی نێوانیان لەگەڵ ئەو دەربڕینانەی پێش ئاخاوتنەکە دەگرێتەوە (خولةطالب الابراهيمي:259:1997) , دەوروبەری بار بارودۆخی دەرەوە دەگرێتەوە , یان ئەو هەڵوێست و بارەی دەرەوەیە کە دەکرێت وشەی تێدا دەربکەوێت , تێدا واتای دەربڕاوەکە بەگۆڕانی باری دەرەوە دەگۆڕێت (منقورعبدالجليل:90:2002) , دەوروبەری بار ئاراستەکانی دەرەوەیە لەسەر دەقێك یان هەر پێکهاتەیەکی زمانیدا , لەگەڵ ئەو ئاماژە و هێمایانەی ڕۆڵیان هەیە لە لێکدانەوەی واتا و مەبەستدا . ئەمە جگە لە زانیاری هاوبەشی نێوان بەشداربوان , چونکە بەشێکی زۆر لە واتای وشە و ڕستە بەکارهێنراوەکان پشت دەبەستێ بە زانیاری هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر , بۆیە پێویستمان بە دەوروبەری بار دەبێت . کەواتە دەوروبەری بار

ڕاستیەکانی پەیوەست بە بەشداربوون لە ڕووداوی زمانی , خودی ڕووداوە زمانیەکە , شتە مادییەکان کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە ڕووداوی زمانی هەیە دەگرێتەوە .
بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك :
– دەست خۆش .
ئاسایی ئەم دەربڕینە پاش نیشاندانی هەڵوێستێکی باش بەکاردەهێنرێت , بەڵام زۆر جار لە بارێکی دیاریکراو و دوای هەڵویستێکی نەشیاو ئەویش لەژێر کاریگەری باری دەرەوەی دەربڕینەکە وەکو توانج بەکاردێت .

## ج – دەوروبەری کەلتوری Cultural context .

لێکدانەوی واتای دەربڕاوێکە بەپێی هەڵوێستێکی دیاریکراو , ڕۆڵی گرنگ دەبینیٚ لە دەست نیشان کردنی واتای مەبەست لەو وشانەی بەکارهێنانی گشتیان هەیە . ئەمیش بە لەبەر چاو گرتنی ئەو پاشخانە کەلتوریەی بەشداربوانی دەربڕاوەکە هەیانە , ئەگینا پڕۆسەی دەست نیشانکردنی واتای مەبەست سەرکەوتوو نابێت و بەناتەواوی و بیٚ بنەما لێکدەدرێتەوە .
بۆ نموونە وشەی (ڕەگ ) بە پێی ئەو دەورووبەرە کەلتوریەی تێیدا دەردەکەوێت واتا و مەبەستی جیاجیا دەدات وەك :

– ڕەگی ( ڕابردوو , ڕانەبردوو ) لە بواری زمانەوانی .
– ڕەگی ( دار و درەخت ) لە بواری کشتوکاڵ .
– ڕەگی ( دووجا .سیٚ جا ) لە بواری ژمێریاری .
– ڕەگی ( ددان ) لە بواری پزیشکی ددان .

## د – دەوروبەری سۆز Emotional context .

دەوربەری سۆز پەیوەستە بە کاریگەری و دیاریکردنی پلەی سۆز و هەڵچوون , کە بە هۆیەوە دەتوانرێت مەبەستی قسەکەر لەناو دەربڕینێکی دیاریکراو دەست نیشان بکرێت , بە گوێرەی پلەی بە هێزی و لاوازی هەڵچوونەکە . بەو پێیەی هەموو دەربڕینە زمانی و نازمانیەکان ڕنگدانەوە و ئاماژەیە بۆ وێنەیەکی دەروونی ناوەوە , کە سەرەتا هەستی پیٚ دەکرێت و پاشان گوزارشتی لیٚ دەکرێت , سا لە دەقێکی سەرزاری یان نووسراو بێت .
بۆ نموونە بە گوێرەی هەڵوێستێکی سۆزداری واتای وشەی (ڕق لیٚ بوونەوە ) جیایە لەگەڵ واتای وشەی (حەز پیٚ نەکردن) .

## هـ – دەوروبەری کۆمەڵایەتی Social context .

دەوروبەری کۆمەڵایەتی بریتییە لە دیاریکردنی ئەو جۆرە پەیوەندییەی کە لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە , واتە دەست نیشانی جۆری پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و بەشداربوانی نێو دەربڕاوەکە دەکات . هەروەها پلەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریش دیاری دەکات , کە ئەمانە

ڕۆڵ دەبینن لە ڕوونکردنەوەی واتای مەبەست لە دەربڕیندا . سەرەڕای ئەمانە دەوروبەری کۆمەڵایەتی شیکردنەوە بۆ ئەو هەڵوێستەش دەکات , کە دەربڕینەکەی تێدا دەربڕاوە ئایا هەڵوێست و بارێکی (فەرمیە , نافەرمیە , گونجاوە , ڕێگە پێدراوە..........هتد .

بۆ نموونە بە پێی هەڵوێست و پلەی کۆمەڵایەتی , ئاستی ڕۆشنبیری بە کارهێنانی وشەکانی (خاتوون , خانم , خانمەکەم , خێزانەکەم , دایکی منداڵان , هاوسەری ژیان,.....هتد) گۆڕاوە بە گوێرەی ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەی وشەکەی تێدا دەربڕاوە .

## و- دەوروبەری ئەدەبی Literary context .

دەوروبەری ئەدەبی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی واتای وشە و ڕستەیە لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبی نووسراو یان گوتراودا , چونکە وشە و ڕستە لە دەوروبەری ئەدەبیدا لێکدانەوەی جیاواز لە واتای سیمانتیکی هەڵدەگرێت , ئەدەبنووس مەبەستەکانی بەئاشکرا دەرنابڕێت , بەڵکو لەژێر پەردەی کەرستە زمانیەکان بیری خوێنەر سەرقاڵ دەکات (تریفە عومەر ئەحمەد:53:2008) . بوونی لادانی واتایی و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ناونیشانی ئەدەبی مانای هەڵگرتنی لێکدانەوە و خوێندنەوەی پڕاگماتیکیانەی دەقێکی ئەدەبییە . کەواتە گەڕان بە دوای واتا و مەبەستەکانی دەق و شێوازی ئاڕاستەکردنیان دەمانگەیەنێتە سنوری ئەو دەوروبەرە ئەدەبییەی , کە لێکدانەوە و خوێندنەوە بۆ دەقێکی ئەدەبی تیایدا دەکرێت , بۆ نموونە پەشێو لە دەقێکی شیعریدا دەڵێ :

**بۆ هادی عەلەوی**
**تۆ ,لە سەردەمی کورتەبالایان ,**
**بالای بەرزی خۆت لە کوێ هێناوە؟**
**تۆ , لە سەردەمی قاتی و نەهاتا ,**
**وەرزی سەوزی خۆت لە کوێ هێناوە ؟**
**لەبەر خرینگەی**
**شیر و ... زرینگەی**
**ئاڵتونی قورەیش......هتد .** (عەبدوڵڵا پەشێو:159:2008) .

لەناونیشانی دەقدا (هادی عەلەوی ) کە وەك ئاماژەیەك بەکارهێنراوە , شاعیر تەنیا مەبەستی لە ئاماژە بۆ کراوەکەی نیە , بەڵکو هەموو ئەوانەی لە ئاستی ئەو کارەساتە گەورەیەی هەڵەبجە هاتنە گۆ , خوێنەر بەهۆی دەوروبەرە ئەدەبیەکە و زانیاری پێشینە دەربارەی باس لێکراو دەزانێ کە هادی عەلەوی بیرمەندێکی عیراقیە و یەکێکە لە نووسەرە بە تواناکانی عەرەب , دەتوانێ هەر دوو ئاستی ئەدەبی شاعیر و باس لێکراو هەڵبسەنگێنێت , کەنزیکایەتی هەر دووکیان بۆ پیشەی ئەدەبیان دەگەڕێتەوە .

## ژ- دەوروبەری مێژووی Historical context .

دەوروبـــەری مێـــژووی ئـــەو هەڵوێســـت و بـــارە مێژووییـــە ڕوون دەکاتـــەوە , کـــە دەربڕاوێـــك تێیـدا دەردەکـەوێت , لـە فەرهـەنگی زمـانی هـەر میللەتێکـدا هەنـدێ دەسـتەواژە و وشـە هـەن هـەڵگری واتـــایی تایبـــەتین , کـــە ڕەنگدانـــەوی ئـــاین و مێـــژوو و کـــەلتوری ئـــەو میللەتەیـــە , ئـــەم وشـــانەش دەکرێ وەك دەوروبـەرێکی مێژوویی لـە لێکدانـەوەی مەبەسـتی نێـو دەربڕاوەکـان پشـتی پـێ ببەسـترێت وەك (کۆڕەو , ساڵی گرانیەکە , ڕاپەڕینـە مەزنەکە , لافاوەکـەی سلێمانی ......هتـد ) . ئەم دەسـتەواژانە هـەر یـەکێکیان ئامـاژە بـۆ سـەردەمێکی دیـاریکراوی مێـژووی گـەلی کـورد دەکـەن , کـە دەتوانرێـت وەك دەوروبەرێکی گونجاو بۆ لێکدانەوی مەبەستە پڕاگماتیکیەکانی نێو دەقێك یان هـەر دەربڕاوێکـی تـر سـودی لـێ وەربگـرین . پڕۆسـەکەش کاتێـك سـەرکەوتوو دەبێـت , کـە قسـەکەر و گـوێگر هاوبـەش بـن لە هەمان هەڵوێست و بارە مێژووییەکە .

بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك :

- کوڕە گەورەکەت تەمەنی چەندە ؟
- کاتی کۆڕەوەکە لە دایك بووە .

## 3- بنەماکانی دەوروبەر Principles of context .

دەوروبـەر بریتییـە لـە کۆمـەڵێك بنـەما بـۆ هەڵوێسـت و بـارێکی دیـاریکراوی ئاخـاوتن , واتـە دەوروبـەر بـەپێی چـەند بنـەمایێك لەسـنوری دەربڕاوەکانـدا (نووسـراو , گـوتراو) کـردەی لێکدانـەوەی واتـا و مەبەستی تێدا ئەنجام دەدرێت . ئەو بنەمایانـە وەکـو بازنەیـەکی تـەواوکارین , بـە شێوەیەکی هاوبـەش جگە لـەڕۆڵی تایبـەتیان بەشـدارن لـە پڕۆسـەکە , کـە ڕۆڵـە سـەرەکیەکە دەوروبـەر (context) دەیگێرێـت . کەواتـە بـە پێـی ئـەو ڕۆڵـە تەواوکاریـە , کـاتێ گـۆڕان بەسـەر یـەکێك لـەم بنەمایانـەدا دێـت , دەرئـەنجامی کاریگەرییەکە لەسەر لێکدانەوەی واتا و مەبەستدا بـە ئاشـکرا دەردەکـەوێت . زمانـەوان و لێکۆڵـەرەوەکان بنەماکانی دەوروبەر (context) یان بە چەند شێوەیەك دەست نیشان کردووە , ئـەویش بـەپێی میتـۆد و جۆری لێکۆڵینەوەکان تایبەتمەندکراوە .

سەرەتا بە پێی تێڕوانینی هالیدای (Halliday) بۆ دەوروبەر کە پێی وابوو پێك دێت لـە : بـوار Field , ڕێگا Tenor, شێواز Mode , دەکرێت بنەماکان بەم شێوەی خوارەوە دیاری بکەین :

1- بابەتی سەرەکی کردەی پەیوەندی کردن .
2- شێوازی زمانی (نووسراو , وتراو) .
3- جۆری دەق (گێڕانەوە , گفتوگۆ , ...هتد) .
4- شـێوازی دەق و جـۆری دەربڕینەکـە , لـە ڕووی ڕێزمانـەوە ئایـا پرسـیارییە , فەرماندانـە , داوایـە . هەروەها لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە ئایا فەرمییە یان نافەرمییە .
5- قسەکەر .
6- گوێگر .

7 -مەبەست (ڕاگەیاندنە , وەسفکردنە , داخوازیە , ...هتد )
8 -بەشداربوان لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی , پەیوەندیان بە قسەکەر و گوێگر و کردەی دەربڕینەکە بەشێوەیەکی گشتی .
9 -کەرستە بەشداربوەکان بە پێی کات و شوێن (ردةاللةبن ردة:476:1418) .


(لیڤیس) بنەماکانی دەوروبەری بە شێوەیەکی تر دابەشکردووە , کە ئەمانە دەگرێتەوە :

1 -بوونی جیهانێك :جیهانی واقیع و دەوروبەری ڕاستەقینە , گریمانەیی دەگرێتەوە .
2 - کات : ڕستەی کاتی , ئاوەڵکاری کاتیی دەگرێتەوە .
3 -شوێن : ڕستەی شوێنی , ئاوەڵکاری شوێنی دەگرێتەوە .
4 -قسەکەر : ڕاناوەکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ قسەکەر .
5 -ئامادەبوان : ڕاناوەکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ گوێگر و وەرگر .
6 -ئاماژەبۆکراو : ئەو ڕستانەی ڕەگەزی ئاماژەییان تێدایە دەگرێتەوە .
7 -گوتاری پێشوو : ئەو ڕستانەی کە گەڕانەوەی پێشوویان تێدایە دەگرێتەوە .
8 -تایبەتبوون : کۆمەڵێ شتی بێ کۆتایی دەگرێتەوە .

هەروەها دەوروبەر لای هایمز (Hymes) شێوەیەکی تر وەردەگرێت و پێی وایە پێکهاتووە لە :

1- نێرەر : قسەکەر یان نووسەرە , کە بەرهەمهێنەری دەربڕینەکەیە .
2- وەرگر : گوێگر یان خوێنەرە , کە پەیامەکەی ئاڕاستەکراوە .
3- ئامادەبووان : کەسی سێیەم یان گوێهەڵخەرە , کە ئامادەی کردەی دەربڕینەکەن و کاریگەریان لەسەر کردەکە هەیە .
4- بابەت : تەوەری باس وخواست دەگرێتەوە , کە پەیامی قسەکەرە .
5- پێگە : کات و شوێن و پەیوەندی فیزیایی نێوان هاوبەشەکانی کردەیی دەربڕین و باری دەموچاو و جووڵەی ئاماژەیی و نیشانەکان دەگرێتەوە .
6- کەناڵ : کەناڵی پەیوەندی کردنی وەك قسە , نووسین , ئاماژە , زمانی جەستە ......هتد دەگرێتەوە .
7- سیستەم : شێوازی بەکارهێنراو لە دەربڕیندا , جۆری زمان و دیالێکت دەگرێتەوە .
8= شێوەی پەیام : جۆری پەیام , کە گفتوگۆ , نامەی خۆشەویستی, ئەفسانەیی ....هتد دەگرێتەوە .
9- نیشانە : هەڵسەنگاندنی پەیامەکەیە .
10- مەبەست : ئامانج و مەبەستی دەربڕینەکە نیشان دەدات , ئەوەی ئەنجامەکەی لێ دیاری دەکرێت (مقبول ادریس:259:2004) .

**دەكریێت لەڕێگەی هێلكاریەكەی یاكۆبسن (Jacobson) بۆ كردەی پەیوەندیكردنی زمانی , بنەماكان زیاتر ڕوون بكەینەوە :**




**بەشێوەیەكی گشتی ئەو بنەمایانەی (هایمز) دەست نیشانی كردوون , زانیاریمان دەربارەی هەر یەكێكیان هاوكار و یارمەتی دەرە بۆ كردەی لێكدانەوە و دیاریكردنی واتا و مەبەست , بە جۆرێك هەریەك لەو بنەمایانە بەشێك لەزانیاری (زمانی , نازمانی ) لە خۆ دەگرێت , كە دەكرێت بە پێی جۆری دەربڕاوەكە وەریان بگرین و لە دووتوێی ئامانجێكی دیاریكراو كۆیان بكەینەوە , تاكو بتوانین وەك بەڵگەیەك بۆ لێكدانەوە و ڕوونكردنەوەی واتا و مەبەست بەكاری بهێنین و بگەین بە مەبەستی دیاریكراو , چونكە هەموو كاتێ مرۆڤ مەبەستەكانی خۆی بە ئاشكرا دەرنابڕێت , بەڵكو پەنا دەباتە بەر هۆكاری زمانی و نازمانی بۆ دەربڕینی هێزی ڕەوانبێژی گوتنەكە . كەواتە بۆ گەیشتن بە مەبەستی دیاریكراو , سەركەوتنی پڕۆسەی لێكدانەوە و ڕوونكردنەوەی واتا و مەبەست دەبێ سەرەتا زانیاریمان هەبێ دەربارەی :**

## 1 **نێرەر** Sender :

**یەكێكە لە ڕەگەزەكانی بارودۆخەكە , ئەو كەسەیە كە پەیامەكە بەمەبەستێك لە هەڵوێست و كات و شوێنێكدا بە ڕەچاوكردنی یاسا ڕێزمانی و واتاییەكان دەنێریت , كە بە زۆری لەسەر بنەمای گریمانەی بنیات دەنرێت** (عبدالواحید مشیردزەیی:50:2010) . **واتە نێرەر لەڕێگەی ئەو پەیامەوە بیر و بۆچوونێك لەلای وەرگر بەپێی مەبەستەكانی دروست دەكات .**

## 2 **وەرگر** Receiver :

**وەرگر ئاڕاستەكراوە , ئەو كەسەیە كە پەیامەكە وەردەگرێت , لەمێشكدا شیان دەكاتەوە , كاتێكیش سەركەوتوو دەبێت ئەگەر ئاگای لەبارودۆخەكە بێت و لەمەبەستی (نێرەر) بگات** (عبدالواحیدمشیردزەیی:28:2011) . **واتە لەم پڕۆسەیە وەرگر نیشانەیە بۆ هەموو كردەیەكی زمانی و نازمانی كەپەیوەستە بە تێگەیشتنەوە .**

جێگـەی ئامـاژە پێدانـە لـە پرۆسـەی نووسـیندا (نووسـەر , خوێنـەر) بەرامبـەر بـە (نێـرەر , وەرگـر ) وەك نیشانە کەسیەکان رۆڵـی هاوبـەش لەبەرهـەم هێنـان و ڕاڤـەکردنی دەقدا دەبیـنین , کـە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کردەی پەیوەندیکردندا بەشداری دەکەن .

3 ئامادەبوو Audience :

ئامـادەبوو یـان گوێهەڵخـەر ئـەو کەسـەیە , کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بەشـداری کـردەی دەربڕینەکـە ناکـات , بـەڵام کاریگـەری لەسـەر کـردەی دەربڕینەکـە هەیـە . زۆر جـار دەربڕینـەکان ئاڕاسـتەی وەرگـر دەکرێـت , بـەڵام لەبنچـینەدا نێـرەر مەبەسـتی ئامـادەبووە , لـەباری وا دا دەبـێ نێـرەر و وەرگـری ڕاسـتەقینە و ناڕاسـتەقینە لـە یـەکتری جیابکەینـەوە , ئەوسـا گـوێگری ڕاسـتەقینە ئـەو کەسـەیە کـە نێـرەر هـەڵی دەبـژێرێت . دەکرێـت ئامـاژە بـەوە بـدەین , کـە نیشـانە کەسـیە پڕاگماتیکیـەکان بـەپێی چـۆنیەتی هاتنیـان لـە دەقـدا لێکدەدرێتـەوە و کەسـەکان بـەپێی مەبەسـتی نووسەر دەگۆڕێت .

4 بابەت Topic :

ئـەو بیرەیـە کـە (نێـرەر) دروسـتی دەکـات , پاشـان وەری دەگێرێتـە سـەر هێمایـەکی گونجـاو , تـا بەرامبەرەکەی تێی بگات (عبدالواحید مشیردزەیی:51:2010) , بابـەت تـەوەری باس و خواستەکە دەگرێتـەوە , کە نێرەر بیری بەشداربوان بە مەبەستە شاراوەکانی نێو بابەتەکە سەرقاڵ دەکات .

5 کات و شوێن Place & Time :

کـات وشـوێن هـەر یـەکێکیان ڕۆڵ و گرنکـی خـۆی هەیـە لـە دیـاریکردنی ئـەو دەوروبـەرەی کـە دەربڕینەکـەی تێـدا ئـەنجام دراوە , چـونکە دەربڕینـەکان پابەنـدی ئـەو کـات و شـوێنەن کـە تێیـدا دەردەبڕدرێن . بەمەش بوونی هەر زانیاریەك سەبارەت بەکات و شوێنی دەربڕینەکە ئاڕاستەمان دەکات , بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەستی دیاریکراو .

6 کەناڵ Channel :

ئـەو پشـتێنە پێوەندییەیـە , کـە دەنگـەکان دەگوازێتـەوە وەك ( ڕادیـۆ , تەلـەڤزیۆن ,تەلـەفۆن ) , یـان ئـەو دەقـە نووسـراوەیە وەك (کتێـب , ڕۆژنامـە , گۆڤـار , گـۆاو) , واتـە کـەناڵ هۆکـاری بـە یـەك گەیاندنـە لە نێوان نێرەر و وەرگردا (عبدالواحید مشیردزەیی:41:2009 ) .

7 شێواز Manner :

بریتییـە لـە زمـان یـان زار , یـان ئـەو شـێوازە زمانیەیـە کـە لـەکردەی دەربڕینـدا بـەکاردێت , بـوونی شـێوازی جیـاواز لـە دەربڕینـدا مانـای لـە خـۆگرتنی واتـا و مەبەسـتی جیاجیایـە . بـە واتایـەکی تـر زۆرجـار نێـرەر (نووسـەر ) شـێوازێکی تایبـەت لـە دەربڕینـەکانی دەگرێتەبـەر لەوانەیـە بـە مەبەسـتیش

نـــەبێت , بـــەڵام ئـــەم جـــۆرە شـــێوازی دەربڕینـــە ئـــەرکێك دەخاتـــە ســـەر وەرگـــر (خوێنـــەر) , ڕەنگـــە ویســـت و خواســـتەکانی نێـــرەری بەتـــەواوی لـــەلا ڕوون و ئاشـــکرا نـــەبێت . ئـــەم شـــێوازی دەربڕینـــە بە ئاشکرا لە قسەکردنی ڕۆژانە و نووسینە ئەدەبی و جیاجیاکاندا هەستی پێدەکرێت .

بۆ نموونە :

- مێرووولەکە منداڵەکەی خوارد .
- منداڵەکان دەفڕن .
- فیلەکە بە سەقفی ژوورەکە هەڵدەگەڕێ .

ئەوانـە کۆمەڵـە ڕسـتەیەکن لـە دۆخـی ئاسـایی قسـەکردندا نـەگونجاون , بـەڵام لـە دۆخێکـی تایبـەت بـە خۆیانـــدا ڕســـتەی ئاســـایین لـــەڕووی واتـــاوە , وەك لـــە دۆخـــی فیلمـــی کارتۆنیـــدا , تـــەواوی ئەو ڕستانە گونجاو و بێ گرفتن (محمد معروف فتاح:402:2010) . کەواتـە گرنگـە گوێگر یـان خوێنـەر یەکسـەر ڕسـتەکان ڕەت نەکاتـەوە , بـەڵکو لـەو دەوروبـەرە بکۆڵێتـەوە کـە ئـەو ڕسـتانەی تێـدا دەربـڕاوە , هـەروەها تێبینی شێوازەکەی بکا , شارەزای بارە زمانیەکە بێت و بزانێ جووڵە و گەشەی واتا تیایدا چۆنە .

## 8- شێوەی پەیام Message formally :

پـەیام ئـەو نامەیەیـە , کـە (نێـرەر ) دەینێرێـت بـۆ (وەرگـر) , هـەڵگری واتـا و مەبەسـتێکە (عبدالواحید مشیردزەیی:41:2009) , یـان دەقێکـی زمانییـە لـە دوای بـە کارهێنـان (محمدمحمدیونس:132:1993 ) . شـێوەی ئـــەو پەیامـــەی نێـــرەر ئاراســـتەی وەرگـــر و ئامـــادەبووانی دەکـــات کاریگـــەری لەســـەر لێکدانـــەوەی واتا و مەبەست هەیە , ئەویش بە جیاوازی جۆری ئەوپەیامـە دەگۆڕێت کـە هـەڵگری واتـا و مەبەستەکەیە وەك (دەقـی نووسـراو , گـوتراو , وێنـەی ڤیـدیۆیی , ....هتـد) , چـونکە مـەرج نیـە ئـەو پەیامـەی نێـرەر دەینێرێـت تـەنها لـە ڕێگـەی زمانـەوە بێـت , بـەڵکو زۆرجـار پەیامەکـە لـە ڕێگـەی نازمـانی (هێمـا , پەرەزمانیـەکان) دەردەبڕدرێـت , کـە دیـاریکردنی دەوروبـەر لـە هەریـەك لەمانـە دەوەسـتێتە سەر شێوەی پەیامەکە .

## 9- نیشانە (قەرینە) Clue :

هەڵســەنگاندن دەگرێتــەوە , بــۆ ئــەوەی بــزانین ئایــا جــۆری پەیامەکــە هــەواڵ , فــەرمان , پرســیار , شـی کردنەوەیـەکی دەروونـی کاریگـەرە . نیشـانە سـەرکەوتنی پەیامەکەیـە , چـونکە هەڵسـەنگاندنی هەڵویست و باری دەربڕاوەکە سەرەتایەکە بۆ دەست کەوتنی زانیاری دەربارەی ویست و مەبەستەکانی نێـو دەربڕینەکـە , ئەمـەش لـە ڕێگـای هەنـدێ وشـەوە دەکرێـت کـە ڕۆڵـی کلیـل یـان نیشـانە دەگێـڕن و لە تایبەتمەندیشیان زۆر دووبارە دەبنەوە و جێگای بەرچاویان هەیە .


## 10- مەبەست Intension:

ئامانجێکـە بەشـداربوانی کـردەی دەربـڕین مەبەسـتیانە پێـی بگـەن , کـە لەڕێگـەی کـردەی پەیوەنـدی کردنـدا زۆربـەی جار بـە شـاراوەی دەردەبڕدرێـت . ئـەو ئەنجامـەی دەسـت دەکـەوێت لـە ڕێگـەی پرۆسـەی

پەیوەندی کردنەکەوە زۆرجار پێچەوانەی ئەو مەبەستەیە کە قسەکەر لە دەربڕینەکەیدا دەریبڕیوە , بۆیە مەرج نیە هەموو کات لە لێکدانەوەی دەربڕینەکاندا مەبەستی نێرەر و وەرگر هەمان ئاڕاستە وەربگرن .


## 4- ڕۆنانی دەوروبەر Structure Context .


کردەی ئاخاوتن یان دەربڕین یان هەر کردەیەکی تری پەیوەندی کردن ئەگەر لەبەر چاو بگرین دەبینین چەند ڕەگەزێك لە پێکهاتەکەی بەشداری دەکات , کە هەندێکیان ڕۆڵی سەرەکی و هەندێکی تریان ڕۆڵی لاوەکی لە ڕۆنانی کردەکە دەگێڕن . ئەو ڕەگەزانەی بەشدارن لە ڕۆنانی هەر کردەیەکی پەیوەندی کردن بەلایەنی کەمەوە قسەکەر و گوێگرێك بوونیان چاوەڕوان کراوە , ئەمە جگە لە هەندێ بارودۆخی تر کە گوێهەڵخەر یان کەسی سێیەم دێتە ناو باری ڕۆنانەکەوە , کەواتە دەبێت بزانین : ( قسەکەر کێیە ؟ گوێگر کێیە ؟ گوێهەڵخەرەکان کێن؟) , بێگومان هەر کردەیەکی دەربڕین کە ئەنجام دەدرێت لە کات و سەردەمێکی دیاریکراو دێتە بەرهەم , ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت ژینگە و شوێنێکی لەباریش هەبێت تاکو کردەکە لەخۆبگرێت وەك ڕەگەزیکی نێو ڕۆنانی دەربڕینەکە , بۆیە پێویستە دەست نیشانی کات و شوێنی ڕوودانی کردەکەش بکرێت . سەرەتای دروست بوون و ئەنجامدانی کردەی ئاخاوتن یان هەر کردەیەکی دەربڕین دەبێت بابەتێك لە ئارادابێت بۆ ئەوەی قسەکەر ئەو پەیام و مەبەستانەی هەیەتی لە ڕێگەی کەناڵی پەیوەندی کردنەوە بە گوێگری بگەیەنێت , کە زۆرجار قسەکەر بە شاراوەیی هەستەکانی دەردەبڕێت , ئەویش لە ژێر کاریگەری دەوروبەر و ئەو بارە دەروونیەدا دەبێت کە بەشداربوان تێیدا دەبن . دەکرێت شێوە و چۆنیەتی کاری ڕۆنانی دەوروبەر لە ڕێگەی ئەم هێلکاریەوە زیاتر ڕوون کردنەوەی بۆ بکرێت :




**ا- بەشداربوان :**


**مەبەست لە بە شداربوان قسەکەر و گوێگر و ئامادەبوو (گوێهەڵخەر) دەگرێتەوە , کە دەکەونە ناو بازنەی ڕۆنانی دەوروبەرەوە , کە هەریەکێکیان ڕۆڵ و کاریگەری و تایبەتمەندی خۆی هەیە .**













**سەبارەت بە بوونی (گوێهەڵخەر) وا گریمانە دەکرێت کە هەبێت یان نەبێت :**




**بۆ دەست نیشانکردنی پلە و پایە و ڕەگەزی قسەکەر و گوێگر دەکرێت بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بدرێت :**







**ب - کات :**

بۆ دەست نیشان کردنی کاتەکان , پێویستە جیاوازی لە نێوان سێ جۆر کاتدا بکەین ئەوانیش : (Time) , (Tense) , (Aspect) , تایم کاتەکانی (ڕابردوو , ڕانەبردوو) دەگرێتەوە , تێنس کاتەکانی (ڕابردوو , ڕانەبردوو , ئێستا) دەگرێتەوە نەك داهاتوو , هەرچی ئەسپێکتە ئەمەیان پەیوەندی بە مۆدالیێتیەوە Modality هەیە , چونکە قسەکەر کار و ئاوەڵکار بەکاردێنێت بۆ دەربڕین لە دەوروبەرێکی دیاریکراو . دوتی (Dowty) پێی وایە لە ڕێگای ئەسپێکتەوە (Aspect) جیاوازی لە نێوان سەرەتای بار (Stat) و بەردەوام بوون لەگەڵ ڕاپەڕاندنی کار (Act) دەکەین , کۆك (Cook) پێی وایە ئەسپێکت کەتیگۆرییەکی واتاییە , لە ڕێگایەوە کاتی شاراوە لە سیستەمی (کار) دەردەخات . بەم پێیە ئەسپێکت وەسفی ڕووداو و ماوەی ڕوودانی کات لە دەست پێکردن و بەردەوامبوون و تەواوبوون دەگرێتەوە (عبدالواحید مشیردزەیی:2013:81) .




لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە کردەیی دەربڕینەکە مەرج نیە لەو سەردەمەدا بێت , بەڵکو لە سەردەمێکی پێشوتردا ڕەنگە ئەنجامدرا بێت , لەو بارەشدا چەند کاتێکی تر بوونی دەبێت سەبارەت بە قسەکەر وەك :

1- کاتی بیرکردنەوە .
2- کاتی کە بیرۆکەی بابەتەکەی بۆ هاتووە .
3 – کاتی نووسین .

**ج - شوێن :**

دیاریکردنی شوێنی ڕووداو یان ئەو شوێنەی دەربڕینەکی تێدا ئەنجام دراوە بە شێوەی گریمانەی دەبێت , ئەویش بەگوێرەی ئەو شوێنەی کە پلەی بە هێزی و پەسندی وەردەگرێت و ڕادەی گونجاوی بە پێی واقیع و لۆجیك بۆ لە خۆگرتنی کردەی دەربڕینەکە . سەبارەت بە دوور و نزیکی شوێنی قسەکەر و گوێگر لە ئاخاوتندا چوار جۆر شوێنی بنچینەیمان هەیە کە بریتین لە :

1- شوێنی نزیك لە قسەکەر .

2- شوێنی نزیك لە گوێگر .

3- شوێنی نزیك لە جەماوەر .

4- شوێنی نزیك لە کەس کە نە قسەکەر و نە گوێگر و نە جەماوەرە (عبدالواحیدمشیردزەیی:31:2011) .

**د - مەبەست :**

بە پێی کردە قسەییەکان دەکرێت هەر دەربڕینێك چەند مەبەستێك لە خۆبگرێت وەك :

1- هەست دەربڕین .
2- گلەیی .
3- ناڕەزایی .
4- سەرسوڕمان .
5- پۆزش .
6- جنێودان .
7- داوا .
8- پێشنیاز .
9- توانج لێدان .....هتد .

**ە - بابەت :**

بێگومان بابەت وەك پێکهێنەرێکی سەرەکی نێو ڕۆنانی دەوروبەرەکە ئاڕاستەی هەموو پێکهێنەرەکانی تر بەرەو لای ئەوە , چونکە بابەت دەستپێکێکە هەموو ئەوانی تر بە دوای خۆی دەهێنێت . بەزۆریش بابەتەکان بریتین لە :

1- کۆمەڵایەتی .
2- ئاینی .
3- سۆزداری .....هتد .

**و - باری دەروونی :**

**سەبارەت بە باری دەروونی قسەکەر (نووسەر) لە ژێر کاریگەری دوو ئاڕاستە دەبێت , یەکێکیان دەروونی خۆیەتی , دووەمیان گاریگەری دەرەوەیە , کە گریمانە دەکرێت بارە دەروونیەکەی بەم شێوەی خوارەوە بێت :**

**قسەکەر لە ژێر**
**کاریگەری دەروونی خۆی دا دەبێت**
**کاریگەری دەرەکی دا دەبێت**

**گوێگر لە ژێر**
**کاریگەری دەروونی خۆی دا دەبێت**
**کاریگەری دەرەکی دا دەبێت**

**کەواتە بۆ هەردووکیان (قسەکەر , گوێگر) گریمانەی بارێکی دەروونی بەم شێوەیە دەکرێت :**

**باری دەروونی**
**باش**
**خراپ**

## 5- سنووری دەوروبەر .

**دەوروبەر ڕێکخستن و گونجاندنی کەرستە زمانی و نازمانیەکانە لەگەڵ ئەو بارەی تێیدا دەردەکەوێت , بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەستێکی دیاریکراو . بە واتایەکی تر ئەو ژینگەیەیە کە دەربڕاوەکان بۆ لێکدانەوە و ڕوون کردنەوەی واتا و مەبەست پشتی پێ دەبەستن , چونکە زۆر واتای شاراوە هەیە تەنیا بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دەربڕینەکە لەناو سنوری دەقکەیدا یان لەناو ئەو ژینگە و بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و مێژووییەی کە قسەکەر و گوێگر تێیدایە درکی پێ دەکرێت .**

**بۆ دەست نیشانکردنی سنوری دەوروبەر دەبێت لە پرۆسەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردندا ڕەچاوی شێوە و جۆری دەربڕینە (زمانی , نازمانی) و باری دەرەوەی دەربڕینەکە بکەین , کە کاریگەریان لەسەر ڕوون کردنەوە و گۆڕانی واتا و مەبەست دا هەیە . بۆ ئەم مەبەستە شێوازگەرەکان جیاوازی لەنێوان دوو شێوەی دەوروبەر دەکەن :**

**أ- دەوروبەری بچووک** ( Micro context ) .

مەبەست لە دەوروبەری بچووک , ئەو کەرستە نزیک و ڕاستەوخۆیانەیە , کە لە پێش و دوایی وشە دێت , بەو مانایەیی شێوە و چۆنیەتی بەیەکەوە هاتنی وشەکان و کارلێک کردنی وشەکان و دەرخستن و کاریگەریان لەسەر یەکتر دەگرێتەوە , کە دەرکەوتنی هەندێکیان زیاترە لە هەندێکی تریان (عبدالسلام المسدی:175:1982) .

**ب- دەوروبەری فراوان** ( Macro context ) .

مەبەست لەم جۆرە دەوروبەرە ئەوەیە , کە فراوانترە لەو دەوروبەرە بچووکە نزیک و ڕاستەوخۆیەی لەگەڵ وشە دێت , کە بریتییە لە هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر دەق وەك : مێژوو , کۆمەڵایەتی , دەروونی ...هتد . وەکو سەرچاوەیەك پشتی پێ دەبەسترێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی ناوەوەی دەق (یوسف اوغليسی:117:2000) , بە زۆریش ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو دەربڕاوانە دەگرێتەوە کە بارکراون و دەوڵەمەندن بە ڕەگەزە کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکان . واتە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بارودۆخ و هەڵوێستی دەرەوەی دەربڕاوەکە (عبدالسلام المسدی:175:1982) .

سەبارەت بە دیاریکردنی سنوری دەوروبەر و ئەو کەرستانەی بەشدارن لە پرۆسەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردندا , کاتێك بەپێی کەرستە زمانیەکان دیاری کردنی سنوری دەوروبەر ئەنجام دەدەین , بۆ نموونە ئەگەر کەرەستەی شیکردنەوە بریتی بێت لە یەکەیەکی دەنگی (Phoneme) کە بچوکترین یەکەی زمانییە , ئەوا ئەو کاتە لە بەردەم کەمترین سنوری دەوروبەردا دەبین , بەڵام ئەگەر یەکەی شیکردنەوەکە بریتی بێت لە وشە یان مۆرفیمێك ئەوا لە بەردەم دەوروبەرێکی گەورەتر لەو یەکە دەنگیەکەدا دەبین , هەروەها ئەگەر کەرستەی شیکردنەوە بریتی بێت لە رستە یان دەقێك ئەوا لە بەردەم دەوروبەرێکی فراوانتر لەو دەوروبەرانەی پێشووتردا دەبین . ئەوەی تایبەتە بە دەوربەرە نازمانیەکە کە بارودۆخی دەرەوەی دەربڕین یان ئەو ژینگەی دەرەوەیە کە کردەی دەربڕینە زمانیەکە دەگرێتە خۆی , تێدا دیاریکردنی سنوری دەوروبەر بە شێوەیەکی جیاواز لە دەوروبەرە زمانیەکە دەبێت , بەشێوەیەك جیهانی دەرەوە بەشداریەکی ئەرێنی دەبێت لە گۆڕینی هاوکێشەی واتا و ئەو دەرئەنجامانەی دەست دەکەون , چونکە هەموو ئەو کەرستە و شتانەی ئامادەبوونیان هەیە لەو ژینگەیەدا جا چ بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت کاریگەریان هەیە و کاردەکەنە سەر واتا و مەبەستی دەربڕاوەکە . کەواتە بە پێی ئەو کەرستانەی بەشدارن و دەکەونە ناو چوارچێوەی دەوروبەرەکە , ئەوا دیاریکردنی سنوری دەوروبەر کارێکی ئاسان نابێت , ئەمیش بە هۆی ئاڵۆزی و جەنجاڵی ژینگەی دەرەوە و ئەو ڕەگەزانەی بوون و ئامادەبوونیان هەیە لە پرۆسەی دەربڕینەکەدا , کە بێگومان لەو بارەشدا لە بەردەم دەوروبەرێکی زۆر فراوانتر دەبین بە بەراورد بە دیاریکردنی دەوروبەرە زمانیەکە .

## 6- دەوروبەر و یەکەی واتایی .

ئەو یەکە واتاییانەی دەکەونە ناو چوارچێوەی دەوروبەر و لە پرۆسەی لێکدانەوەی و ڕاڤەکردن بە شداری دەکەن دەکرێت دابەش بکرێن بە پێی :

1- Type یان نووسراو .
2- Talk (قسە) و ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان پێوە هەیە .

### یەکەم / دەست نیشانکردنی یەکە واتاییەکان بە پێی کەرستە نووسراوەکان .

**ا - وشە .**

یەکەیەکی زمانییە , یەکێکە لەو کەرستانەی دەکەوێتە چواچێوەی دەوروبەر . کەبەشدارە لە کردەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردن بۆ دیاریکردنی واتا و مەبەست . وشە گرنگترین یەکەی واتاییە کە واتایەکی هۆشەکی هەیە , لەگەڵ ئەوەشدا واتایەکی نموونەیی نیە (عبدالواحیدمشیردزەیی:33:2009) , چونکە وشە لە کاتی بەکارهێنانیدا لەگەڵ وشەی تردا واتای جۆراوجۆر دەدات جگە لە واتا فەرهەنگیەکەی . هەروەها واتای وشە زۆرجار تەمومژی و لێڵیشی تێدا بەدی دەکرێت , بەهۆی دیاردەی فرەواتایی و هاوبێژی , کە لێڵی لە سنوری وشەدا ئەوەیە وشەیێك یان مۆرفیمێك بەتەنیا ببیسترێ یان بخوێندرێتەوە , گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە مانایێك تێی بگات (وریاعومەرئەمین:293:2009 ) .

**ب - ڕستە** Sentence .

یەکەیەکی زمانییە , هەندێ زمانەوان واتا لە سنوری ڕستەدا بە گرنگتری دادەنێن لە واتای وشە , چونکە وشە واتاکەی لە ناو سنوری ڕستەدا بەدیار دەکەوێت (کلودجرمان و ریمون روبلان:30:1994) , کە واتای ڕستە دەکاتە (واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی ) .

بۆ نموونە وەك لەم ڕستانەدا :

- ئارین ڕۆڤاری گرت .
- ڕۆڤار ئارینی گرت .

هەردوو ڕستەکە هەرچەندە لە ژمارەی وشەکان یەکسانن , بەڵام بە هۆی جیاوازی ڕیزبوون و کاریگەری ڕێزمانی , لێکدانەوە و واتاکانیان جیایە .

**ج - دەق** Text .

بریتییە لە زنجیرە ڕۆنانێکی زمان , کە یەکەیەکی گشتی تەواو پێکدەهێنێت , ڕستەکان واتای یەکتری تەواو دەکەن , تا کۆتای دەق (vandijk:1977:3) . لاینز دەوروبەر و دەق بە تەواوکەری

یــەکتر دادەنێــت (جــون لاینــز:221:1987) , هــەروەها هالیــدای دەڵێــت : باشــترین پێناســە بــۆ دەق ئەوەیــە کــە یەکەیــەکی ســیمانتیکییە پەیوەنــدیی بــە فۆرمــەوە نیــە , بــەڵکو پەیوەنــدی بــە واتــاوە هەیــە . لەوانەیــە دەق نوســراو بێــت یــان نەنوســراو بێــت , پەخشــان بێــت یــان شــیعر بێــت , گفتوگــۆ یــان مەنــەلۆگ بێــت (قــیس کاکــل:29:2002) . هــەموو دەقێکــیش خــاوەن پێناســەی خۆیــەتی , بۆیــە وەرگــر (خوێنــەر) بــۆ وەرگــرتن و ڕەتکردنــەوەی هــەر دەقێــك لــە پێناسەکەیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات , دەتوانیٚ لە واتا و مەبەستەکانیدا پێناسەکەی بدۆزێتەوە (سەمەد ئەحمەد:9:2003) .

## دووەم / بە پێی باری قسە ( Talk ) و ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان پێوە هەیە .

### ا - گوتن Utterance .

گوتن ڕستەی بەکارهێنراوە لە دەوروبەردا , بەمە واتای گوتن دەبێتە (واتای ڕستە + دەوروبەر) , کە هەڵگری مەبەستی قسەکەرە بۆ گوێکر (عبدالواحیدمشیردزەیی:46:2010) .

بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك :

– تەلەڤزیۆنەکە وێنە نیشان نادات .

ئەگەر ئەم ڕستەیە بخرێتە چوارچێوە(دەوروبەر) ی گوتنەوە , ئەوا واتای جیاواز دەگەیەنێت .

وەك:

- کێشەی هەیە .
- تەلەڤزیۆنەکە کار ناکات .
- شاشەکەی سوتاوە .
- شاشەکەی شکاوە .

### ب- گوتار Discourse .

ئاستێکی گەورەتر لە ڕستە دەگرێتەوە , بریتییە لەو قسەیەی کە ئەرکی گەیاندنی واتا و پەیامێکە بۆ کەسی بەرامبەر . گوتار مەرجی ئازادی قسە و نۆبە گرتنی تێدانیە بۆیەش دەتوانین بڵێین قسەیەکە لە دەوروبەرێکدا ئەنجام دەدرێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:33:2011) .

### ج- ئاخاوتن Conversation .

ئاخاوتن بەکارهێنانی دەقە لە دەوروبەردا , یان قسەیەکە لە نێوان دووکەس یان زیاتر بەئازادی بەڕێوەدەچێت , ئەم جۆرە واتایە لە ئاستی پراگماتیکدا لێکدەدرێتەوە , کە بریتیە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر کە گرنگە بۆ تێگەیشتن (عبدالواحیدمشیردزەیی:33:2009) . بەو مانایەی واتای ئاخاوتن دەرئەنجامی واتای دەقە لەگەڵ دەوروبەر کە بەپێی چوار بنەما بەڕێوەدەچێت ئەویش بریتیە لە (نێرەر , وەرگر , بابەت , دەوروبەر ) .

د- پەرەزمانیەکان .

سـنوری دەوروبـەر پەرەزمانیـەکانیش دەگرێتــەوە , بـەو پێیــەی پراگماتیـك لێکۆڵینــەوی پەیوەنـدی واتایـە بـە بـارودۆخی ئاخـاوتن وەك قسـەکەران و دەوروبـەری ئاخـاوتن و هـەروەها ئامـانج لەگوتنـدا (عبدالواحیدمشـیردزەیی:15:2011) , کەواتــە لــە پراگماتیکـدا ئــەو پێــرەو و هێمایانــەش لێکدەدرێتــەوە کـە شـتێك دەربـارەی قسـەکەر دەردەخـات وەك : لێوگەسـتن , چاوقوچـاندن , هـەروەها ئایـا بـاری دەم و چاو چۆنە ؟...هتد (عبدالواحیدمشیردزەیی:32:2011) .

## 7- پچڕانی دەوروبەر .

پچـڕان لـە دەوروبـەر یەکێکـە لـە هۆکارەکـانی درەنـگ تێگەیشـتن لـە دەربڕاوەکانـدا , بـەو پێیـەی لــە دەرەوەی ئــەو هەڵوێســت و ژینگەیــەی کــە دەربڕاوەکــە لــەخۆ دەگرێــت ناتوانرێــت بەتــەواوی پێشبینی واتا و مەبەست بکرێت , تەنها لە ڕێگەی گریمانەوە نەبێت , چونکە دەوروبەر جگە لە کردە زمانیەکە باری دەرەوەش دەگرێتەوە کە کردەی دەربڕینـی تیـدا ئـەنجام دەدرێت , بۆیـە کاریگـەری بەسـەر واتـاوە هەیـە و زۆر لایـەنی شـاراوەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە . کەواتـە پچـڕان لـە دەوروبـەر هۆیەکـە بـۆ دروسـت بـوونی لێڵـی واتـایی , لێڵـی(ambiguity) یـش لـە زمانـدا وا پێناسـە دەکرێـت کـە دەربڕینێـك زیاتر لە مانایێك ببەخشێ (وریاعومەرئەمین:293:2009) , لێڵی دوو جۆرە :

ا- لێڵی لە وشە دا .

لێڵــی لــە ســنوری وشــەدا , ئەوەیــە وشــەیێك یــان مۆرفیمێــك بــە تــەنیا ببیســترێ یــان بخوێندرێتــەوە گــوێگر یــان خوێنــەر بــە زیــاتر لــەمانایێك تێــی بگــا (وریاعومەرئــەمین:293:2009) . وشــە تــا ڕادەیــەك واتایــەکی لــێڵ بــە خۆیــەوە دەگرێــت , کاتــێ واتاکــەی دەزانرێــت کــە ســەرنجی بــەکارهێنانی بـدرێت , واتـە یەکـەمجار بـەکارهێنان دێـت , پاشـان واتاکـەی بـە دیاردەکـەوێت (احمدمختارعمر:68:1998) , ئەمـەش پەیوەنـدی بـە بـەکارهێنانی وشـەوە هەیـە , تـا وشـەیەك زیـاتر بـەکاربهێنرێت ئەگـەری ئـەوەی زیاترە ببێتە وشەیەکی فرەواتا یان هاوبێژ .

1- فرەواتا Polysemy :

بریتییـە لـەوەی وشـەیێك زیـاتر لـە واتایێـك لـە خۆبگرێـت (crystal:1992:307 ) , یـان وشـەیێکە زیـاتر لــە واتایــەکی هەیــە , بــەڵام واتاکانیــان لــە بنچــەوە لەیــەك نــزیکن و بەیــەك وشــە لــە فەرهــەنگ دەنووسرێت (کلودجرمان و ریمون روبلان:40:1994 ) .

بۆنموونە وشەی (زمان ) زیاتر لەواتایەك لە خۆدەگرێت :

1- زمان : بەواتای ئەو پارچە گۆشتەی لە زاردایە .

2- زمــان : بـەواتای زمـانی قسـەکردن وەك (زمـانی کـوردی , ئینگلیـزی , فرەنسـی , فارسـی , عـەرەبی , ......هتد) (گیویموکریانی:535:1999) .

2- هاوبێژی Homophone :

بریتییه لەوەی یەك فۆرم , كە دوو واتا یان زیاتری هەبێ (محمدمعروف فتاح:147:2011 ) .

بۆ نموونە وشەی (باز ) چەند هاوبێژێكی هەیە وەك :

1- **باز : مەلی ڕاوچی** .

2- **باز : هەنگاوی بڵند دەگەڵ هەڵبەزین** .

3- **باز : ڕێگای ناسراو , شەقام** (هەژار:42:1381 ) .

4- **باز : نووسینگەی گواستنەوە بۆ دهۆك** .

**ب- لێڵی لە ڕستە دا** .

ڕستە وەك یەكەیەكی زمانی ڕووت لە دەرەوەی دەوروبەردا ئەو مەبەستانەی تێدا دەرناكەوێت كە لە خۆوەی گرتوون , بە پێچەوانەی ئەوەی كاتێك لە دەوروبەرێكی زمانیدا بەكاربێت , ئەوا ئەو مەبەستانەی تێدا دیار و ئاشكرا دەبێت . لێڵی لەئاستی ڕستەدا ئەو ڕستانە دەگرێتەوە كە زیاتر لە واتایەكیان هەیە , ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

1 -بوونی وشەی فرەواتا و هاوبێژ لە ڕستەدا.

بۆ نموونە (وەرگەڕان) فرەواتاییە و لێڵی لە ڕستە دا دروست دەكات .

وەك :

- **لێمی وەرگەڕان** .

ا- وەرگەڕانی هۆیەكانی گواستنەوە (دەمەوقڵپ) بوون .

ب- گەڕانەوە لە ڕەئی و پەشیمان بوونەوە (صباح رشید:43:2000) .

2- جیاوازی لە ئاوازی ڕستە دا Intonation .

بۆ نموونە لە ڕستەی :

- **هەر چواریان هاتن** .

ئەم دوو واتایەی هەیە :

ا- **هەموو چواربوون و هەموو هاتن** . كە بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر(هەر) .

ب- **زیاتر بوون لە چوار تەنها چواریان لێ هاتن** . بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (چوار)

(وریاعومەرئەمین:296:2009) .

3- هەبوونی دوو پەیوەندیی جیاواز لە نێوان بەشەكانی ڕستە لە بنجدا – deep structure و دەرنەكەوتنی ئەم جیاوازیە لە سیمادا surface structure .

بۆ نموونە لە ڕستەیەكی وەك :

**خۆشەویستیی باوك پیرۆزە** .

ئەم دوو واتایەی هەیە :

أ –**باوك منالەكانی خۆشدەوێ** .

ب –**منالەكان باوكیان خۆشدەوێ** (صباح رشید:35:2000) .

4– لە ئەنجامی سەپاندنی یاسای گوێزانەوە دێتە كایەوە و دوو ڕستەی جیا لە بنجدا دەكەن بە هاوسیما .

بۆ نموونە لە ڕستەیەكی وەك :

**پێم شكا** .


ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە :

أ –**قاچم شكا** .

ب –**توانیم بیشكێنم** .

واتای یەكەم لە ئەنجامی ئەوە هاتووە كە دەكرێ ڕاناوی سەربەخۆی هەیی بكرێ بە لكاو بەگوێرەی ئەم یاسایە (پێ ی من ) دەبێتە (پێم) , كە (م) جێگای (من) دەگرێتەوە ڕۆڵی (ی) ی بەستنەوە نامێنێ . واتای دووەم لە زمانی كوردیدا یاسایەك هەیە ڕاناوی سەربەخۆی بەركاری دەشێ بە ڕاناوێكی لكاو جێگر بكرێ ئەگەر ڕاناوەكە دوای (بە) بێت , دەبێتە (پێ) بەم یاسایە (بەمن) دەبێتە (پێم) (عبدالواحیدمشیردزەیی:142:2010) .

كەواتە پچڕان لە دەوروبەر هۆكارێكە بۆ ئەوەی دەربڕینەكان بكەونە خانەی لێڵی واتایی , چەندین لێكدانەوەی جۆراوجۆر لە خۆبگرن . كە دەكرێت بەم هێلكاریە زیاتر ڕوون بكرێتەوە :




دوروبەر بیروباوەڕی هاوبەشی نێوان تاك و بارە زمانیەكانە , كە پەیوەندی بە ژیانی كۆمەڵایەتی و ئاینی و كەلتوریەوە هەیە و یارمەتی دەرە بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەستی پێشینی كراو . پچڕان یان دابڕاوی هەر دەربڕینێك لەو دەوروبەرەی تێدا دەردەكەوێت پرۆسەی لێكدانەوەی واتا و دیاریكردنی مەبەست ئاڵۆز تر دەكات . هەروەها دەوروبەر

ئـەو بـارەی بەشـداربوان تێیـدان لـە شـێوەی دانیشـتن و پلـە و پایـە و پەیوەنـدی نێوانیـان ,....هتـد دەگرێتــەوە , جگـە لەمانـە دەوروبـەر پەرەزمانیـەکانیش لـە بـاری دەموچـاو و نیشـانە ئاماژەییـەکانی دەسـت و سـەر و چـاو لـە خۆدەگرێـت , کـە ڕۆڵیـان هەیـە لـە ڕوونکردنـەوەی واتـا و مەبەسـت لــە دەربڕینـــە ڕاســـتەوخۆکاندا . کەواتـــە نـــاتوانین لـــە مەبەســـت و واتـــایی وشـــە و ڕســـتە و دەق یــان هـــەردەربڕاوێك بگـــەین کاتێـــك پچـــڕابێت لـــەو دەوروبـــەرەی تێیـــدا دەربـــڕاوە , چـــونکە بـە کارهێنـانی زمـان زۆرجـار بـۆ ئامانجێکـە لەگـەڵ واتـا فەرهەنگیکـەی یـەك ناگرێتـەوە , وەك ئـەوەی هەنـدێك جـار بـە مەبەسـتی ڕازیکـردن یـان کاریگـەری کردنـە سـەر بیروبـاوەڕ , یـان بـۆ سـەر لێشـێواندن بـەکاردێت (عبدالواحیدمشـیردزەیی :29:2009) . بـەو مانابیـەی تێگەیشـتن و دیـاریکردنی واتا و مەبەست لە هەر دەربڕاوێك ئاسان نابێت بە دابڕاوی لە دەوروبەرەی تێیدا دەرکەوتووە .
بۆنموونە لەم دێرە شیعرەی (کوردی)ی شاعیردا هاتووە :

عەبەس کوردی مەلائێك دین دەپرسن مەزهەب و دینت
کە ( قادر) خۆی دەزانێ , لەسەر کام مەزهەب و دینم . (کوردی:643:2009) .

لەبـەر ئـەوەی ئـەم دێـرە شـیعرە لەدەوروبـەر پچـڕاوە وشـەی (قـادر) جـۆرە لێڵیـەکی تێـدا بـەدی دەکرێـت , کـە نازانرێـت نـاوی (قـادر) دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو (تەریقـە) ی شـاعیر خـۆی لەسـەری بـووە , یـان (شـێخ عبـدالقادری گـەیلانی ) یـە , یـان مەبەسـتی زاتـی (خـوا) یـە , یـان ئـەو (قالـە)یـە کە لەشیعرەکانی باس کراوە (عبدالواحیدمشیردزەیی :91:2011) .

## 8- گەڕاندنەوەی دەوروبەر .

دەوروبـەر ئـەو هەڵویسـت و بـارە دەگرێتـەوە کـە دەربڕینـی تێـدا ئەنجامـدراوە , کاریگـەری لەسـەر واتــا هەیــە و ڕۆڵ دەبینێــت لــە دەرخســتن و ڕوونکردنــەوەی لایەنــە نادیــار و شــاراوەکانی نێــو دەربـــڕین . کاتێـــك دەقێـــك پچـــڕابێت لـــە دەوروبـــەر تەمومـــژی دروســـت دەکـــات , لـــە پرۆســـەی گەڕاندنـــەوەی دەوروبـــەر پێویســـتمان بـــە ڕاڤـــەکردن و لێکدانـــەوە هەیـــە بـــۆ گەیشـــتن بـــە واتـــا و مەبەســـتی دیـــاریکراو , بۆیـــە پێویســـتە ئـــەو دەق و پێکهاتانـــەی کـــە لـــە دەوروبـــەرەکانیان پچـــڕاون (دورخراونەتـــەوە) دووبـــارە کـــردەی گەڕاندنـــەوەیان بەســـەر جـــێ بـــەجێ بکرێـــت , چـــونکە هـــەموو دەربڕینـــە ئاســـایی و نائاســـاییەکان لـــە چوارچـــێوەی دەوروبـــەرێکی تایبـــەت و دیـــاریکراو بەکارهێنراون ئەویش بەمەبەستی جێ بە جێ کردنی ئەرکێکی یەکجار فراوان و هەمەجۆر لە کۆمەڵدا .
کـردەی گەڕاندنـەوەی دەوروبـەر کـارێکی ئاسـان نییـە , بـە هـۆی ئـەوەی ئێمـە بـە تـەواوی ئاگـاداری ئـەو ژینگـە و بارودۆخـە نـیین کـە دەربڕینەکـەی تێـدا ئەنجامـدراوە , بۆیـە لـە دەسـت پێکـی کـردەی گەڕاندنـەوە دەوروبـەر دەبـێ لـە مەبەسـتەکانی نێـو دەق یـان ئەوپێکهاتـە زمانییـەی کـە لـە بەردەسـت دایـە بـە وردی تـێ بگـەین , بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـۆ هـەر لێکدانەوەیـەك دەبێـت پشـت بـە دوو واتـا ببەسـتین

واتـای (دەربـڕاو , دەرنـەبڕاو) , ئینجـا دەتـوانین دەقێکـی پچـڕاو لـە دەوروبـەر بگـۆڕین بـۆ دەقێکـی پێوەنـد بـە دەوروبـەر . جێگـەی ئامـاژە پێدانـە پرۆسـەی گەڕاندنـەوەی دەوروبـەر ڕاسـتیەکی ڕێژەییە نەك ڕەها , چونکە ئێمە ئاگاداری ئەو هەڵوێست و بارەنین کە دەقەکەی تێدا دەربڕاوە , تەنها لـە دەربڕینـە ڕاسـتەوخۆکان نـەبێت , کـە نێـرەر و وەرگـر و ئامـادەبوو لـە نـاو دەوروبـەرە ڕاسـتەقینەکە بە ئاشکرا هەستیان پێ دەکرێت , ئەگینا لە دەربڕینـە ناڕاسـتەوخۆکاندا کردەیی گەڕاندنەوەی دەوروبەر بە شێوەیەکی گریمانـەیی دەبێت . کەواتـە لـە پرۆسـەی گەڕاندنـەوەی دەوروبـەر بـارودۆخی ڕاڤـەکردن و ناسینەوە و ڕوونکردنـەوەی مەبەسـتێکی دیـاریکراو لـە دەربڕینـە ناڕاسـتەوخۆکان هـەمان هـەڵ ومـەرجی دەوروبەری دەربڕینە ڕاستەوخۆکانی نیە .

## ا- دەوروبەری ڕاستەقینە :

ئـەو هەڵوێسـت و بـارە ڕاسـتەقینەییە دەگرێتـەوە , کـە کـردەی دەربڕینـی تێـدا ئەنجامـدەدرێت یـان ئەنجامـدراوە , واتـە ئاگـاداربوون لـەو کـات و شـوێن و بارودۆخـەی کـە دەربڕینێـك پێیـدا تێپـەڕ دەبێـت بـە ئامـانجی گەیانـدنی واتـا و مەبەسـتێکی تـەواو دروسـت و دیـاریکراو . پرۆسـەی گەڕاندنـەوی دەوروبـەری ڕاسـتەقینەش بـەو واتاییـەی ئامـادەبوون و ئاگاداربوونـە لـەکاتی ڕوودانـی کـردەی دەربڕینەکـە یـان دەسـت خسـتنی زانیـاری تـەواو سـەبارەت بـە ژینگـە و بـارودۆخی پرۆسـەی پەیوەندیکردنەکـە , یـان یـەکێك بێـت لـە بەشـداربووانی کردەکـە , ئەمـەش لـە ئاخاوتنـە ناڕاسـتەوخۆکان کـارێکی ئاسـان نابێـت , چـونکە ئاگـاداری دەوروبەرەکـە نـین و نـاتوانین دەست نیشانی ئەو بارودۆخە بکەین کە کردەی دەربڕینەکەی تێدا ئەنجامدراوە . تەنها لە ئاخاوتنی ڕاسـتەوخۆ و ڕووبـەڕوو نـەبێت , کـە لـەم پرۆسـەیەدا هەریـەك لـە گـوێگر یـان ئامـادەبوو دەتوانێـت ئەو دەوروبەرە ڕاستەقینەیە بۆ باری ئاخاوتنەکە بگەڕێندرێتەوە بەشێوەیەکی تەواو یان نزیکراوەی , کە کردەی دەربڕینەکەی تێدا ڕوویداوە .

## ب- دەوروبەری گریمانەیی :

ئـەو هەڵوێسـت و بارەودۆخـە تایبەتیەیـە , کـە گریمانـە دەکرێـت دەربـڕین یـان ئاخـاوتن یـان هـەر دەقێکـی تـری تێـدا دەربڕابێـت . گریمانـە لێکدانـەوەی بۆچـوون و مەبەسـتی دەربڕاوەکانـە , دەق زۆر زانیـاری گریمانـەیی لـە خۆدەگرێـت , کـە ئـەمیش پەیوەسـتە بـە زانیـاری گشـتی و دەوروبـەر بـۆ گەیشـتن بـە مەبەسـتی ویسـتراو . بـەم پێیـە دەوروبـەری گریمانـەیی ڕوونکردنـەوە و لێکدانەوەیـە بـۆ گەیشـتن بـە مەبەسـت و واتـا شـاراوەکانی دەربـڕین , کـە لەئاسـتی ڕاڤـەکردنی واتـایی سـوودێك دەگەیـەنێت , ڕێگـە دەدات لـە سـنوری دەوروبـەرە گریمانەییەکـە و لـە گۆشـەنیگای جیاجیاوە واتا و مەبەستی دەربڕین ڕوون بکرێتەوە .

کردەیـی گەڕاندنـەوەی دەوروبـەر بەشـێوەی گریمانـەیی پشـت دەبەسـتێ بـە هـەردوو جـۆر واتـای (دەربـڕاو , دەرنـەبڕاو) , ئەمـەش کـارێکی ئاسـان نابێـت و واتاکـەی بـە دەسـت دێـت ڕاسـتیەکی ڕێـژەیی هەیـە نـەك ڕەهـا , چـونکە ئاگـاداری ئـەو دەوروبـەرە ڕاسـتەقینەیە نـین , کـە دەربڕینەکـەی تێـدا دەربـڕاوە . ئەمـە سـەڕەڕایی ئـەوەی لـە دەقـی نووسـراودا تووشـی کێشـەی چـۆنیەتی

دەربڕین دەبینەوە , کە ئەمەش تا ڕادەیەك کاری گەڕاندنەوەکە قورستر دەکات , چونکە ئاوازە و شێوازی دەربڕین هۆیەکە بۆ ئەوەی کاری لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەست ئاسانتر بکات و دەتوانێت بەشێك لە واتای خوازراو ڕوون بکاتەوە . کردەیی گەڕاندنەوەی دەوروبەری گریمانەیی بە شێوەیەکی تایبەت کار لەسەر لێکدانەوەی واتا دەکات , هەرچەندە ئەم جۆرە لێکدانەوەیە دەچێتە خانەی بۆچوون , بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی ڕاستی لێکدانەوەکان بەپێی پێویست دەخرێنەڕوو .

لە کردەی گەڕاندنەوەی دەوروبەر بە شێوەی گریمانەیی وەرگر یان خوێنەر پاش دیاریکردنی وشە گرنگەکان کە کۆ واتای دەقی لەسەر بەندە , دەبێت خۆی ڕزگار بکات لە زانیارییە زیادەکان , کە کردەی لابردنی زانیارییە زیاد و دووبارە و ناپێویستەکان ڤان دایك (Van dijk) بە کردەی دەستوری فراوان (Macro reglass) ناوی دەبات , ئەویش لە کۆمەلێك کردە پێك دێت کە کۆواتای دەق کورت دەکاتەوە لە ڕێگای سێ دەستور :

1- لابردن Supresion :

زانیارییە نا پێویستەکان دەگرێتەوە وەك : دووبارەبوونەوە , درێژبڕی ....هتد .

2- فراوانکردنی واتا Generalizacion :

قەرەبووی کۆمەڵێك ڕستە دەکاتەوە بە ڕۆنان و دەربڕینێکی تر کە گشتی و ڕوون تر بێت لە ڕووی واتا .

3- بنیاتنان Construccion :

بریتییە لە تێکەڵ کردنی کۆمەڵێك مەسەلە لەگەڵ یەك و کورتکردنەوەی , کە ڤان دایك پێی وایە ئەم کورتکردنەوەیە کاریگەری لەسەر کۆواتاکەی دەبێت و واتاکەی دەگۆڕێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:65:2013) .

بۆنموونە لەم دێرە شیعرە دا :

هەناسەم زولفەکەی لاداو و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابرد نێرگس هەر لەخەودایە
لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی گەردان
کە ( نالی ) وا لە حالەتی مەحاقی ماهی نەودایە (نالی:109:2008) .

بۆ ئەوەی پرۆسەی گەڕاندنەوەی دەوروبەر بەشێوەیەکی کارەکی لەسەر ئەم دەقە پیادە بکەین , سەرەتا دەبێ دەقەکە بگۆڕین بۆ زمانێکی سادە و ساکار , پاشان خۆمان رزگار بکەین لە زانیاریە زیادەکان ئەویش بە پیادەکردنی کردەی (Macro reglass) , ئینجا لێکدانەوەی بۆ بکەین و تێی بگەین , بەشێوەیەك دەقەکە لە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆوە بگۆڕین بۆ دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ ئەمەش وەنەبێت ڕاستی ئەم وەرگێڕانە ڕەها بێت , بەڵکو ڕاستیەکی ڕێژەییە . بۆ ڕاڤەکردنی ئەم دەقە پێویست دەکات خوێندنەوە بۆ مێشك و دەروونی شاعیر بکرێت , ئەویش لە ڕێگەی وشە دەربڕاوەکان , بۆ ئەم مەبەستەش بۆ گەڕاندنەوەی دەوروبەر دەبێت لێکدانەوە بۆ دوو جۆرە واتا بکرێت :

1- **واتا دەربڕاوەکان :**

**واتــە : یــار لــە خــەودابووە و (نــالی) بــە بــای هەناســەی زولفــی لەســەر ڕوومــەتی لاداوە , کەچــی شــەو تێپــەڕی بــای نەســیمی بــەیان هــەڵیکرد و چــاوی (نێــرگس)ی یــار هــەر لــە خەودایــە و بە ئاگانەهاتووە** (عبدالواحیدمشیردزەیی:86:2011) .

2- **واتا دەرنەبڕاوەکان :**

**ســەبارەت بــە پەیوەنــدی نێــوان شــاعیر و کەســی نوســتوو , دیــارە پەیوەندیــەکی خۆشەویســتی لــە نێوانیانــدا هەیــە , چــونکە شــاعیر ســەردانەکەی بــۆ لای یــار لــە درەنگــی شــەودا بــووە . بــە بەڵگــەی ئــەوەی یارەکــەی نووســتوە , بــەڵام وا دەردەکــەوێت کــە هــیچ ژوانێکــی خۆشەویســتی لــەنێوان شــاعیر و دلبەرەکــەی نــەبووە بۆیــە بــێ خەبــەر بــووە و نووســتوە . ڕەگــەزی یــار دەبــێ مــێ بێــت , چــونکە زولــف نیشــانکراوە بــۆ ڕەگــەزی مــێ و لــەو ســەردەمە زولفــی درێــژ هــی کــچ و ئــافرەت بــووە . شــوێنی ژوان دیــارە ژووریکــە لــە مــاڵی کچــەکە یــان کەپریکــە لــە باخچــەی مــاڵی دلبــەر , چــونکە لــەو ســەردەمە کــچ هــەر لــەماڵی خــۆی دەخــەوێ . کــاتی ڕووداوەکــە دەبــێ شــەو درەنگانێــك بێــت , تــا دەمــەو بــەیانیش درێژبۆتــەوە . تەمــەنی شــاعیر لــە دێرەکــانی تــر (نــالی) خــۆی دەچــوێنێ بــەو مانگــەی لەحالــەتی میحــاق دایــە , واتــە بــەرەو ئــاوابوون دەچــێت کــە نیشــانەیە بــۆ بەسەرچــوونی تەمــەن و پیربــوونی شــاعیر , بــەڵام یــار دەچــوێنێ بــەو مانگــەی بەرەبــەرە گــەورە دەبێــت و دەگەشــێتەوە کــە ئەمــەش نیشــانەیە کــە یارەکــەی تــەنیا لــە کچــێکی گــەنج دەچــێت . ڕادەی خۆشەویســتی لای نــالی لــەو پــەڕی بەرزیــدابووە , بــەڵام لای کچــەکە لــەو پــەڕی نزمــی دابــووە , چونکە ئەگــەر تــەنیا کــەمێك ســۆزی خۆشەویســتی لــە بەرامبــەر نــالی لەدڵدابوایــە هەســتی بــەو هــەموو ئاهوونالینــە دەکــرد و چــاوی هەڵــدەهێنا , بــەڵام هــەر هەستیشــی بــەبوونی نــالی نــەکردووە** (عبدالواحیدمشیردزەیی و سەردار ئەحمەد:920:2012) . **ئــەنجامی خۆشەویســتیەکە بــە ئــاخ و حەســرەت لای نــالی کۆتایی پێ هاتووە , چونکە خۆشەویستیەکە تاك لایەنە بووە , کچەکە گەنج و نالیش لە تەمەندابووە .**

## 9- هەڵبژاردنی دەوروبەر .

**هەڵبژاردنی دەوروبەری گونجاو بۆ دەربڕین بە شێکە لە پرۆسەی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی واتا و گەیشــتن بــە مەبەســتی دیــاریکراو , چــونکە دەوروبــەر ئــەو چوارچــێوە گشــتیەیە , کــە کــردە زمــانی و نازمانیــەکان لــەخۆدەگرێت , یــان بریتییــە لــە زانیــاری و ڕاســتی زیــاتر کەبەشــدار دەبــێ لەگــەڵ واتــای فەرهــەنگی وشــە بــۆ دیــاری کردنــی واتــای مەبەســت** (منقورعبدالجلیل:89:2001 ) , **واتــە هــەموو ئــەو شــتانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان لەسەر زمان هەیە .هەڵبژاردنی دەوروبەر پەیوەستە بە پەیوەندی ناوەوە و باری دەرەوەی دەربڕاوەکــە , لەپرۆســەی هەڵبــژاردنی دەوروبــەر پێویســتە وەرگــر یــان خوێنــەر خوێندنــەوە بــۆ هەموو ئەو ئەگەرانە بکات کە دەربڕاوەکە تێی دەکەوێت , ئەم پرۆسەیە بە چەند قۆناغێك بەڕێوەدەچێت :**

**یەکەم/ لێکدانەوە و دەرکەوتەکان :**

**ا- لێکدانەوەی واتای وشە و ڕستەکان .**


لێکدانەوەی (واتا) پشت بە دوو بنەما دەبەستێت :

1- واتای فەرهەنگی و دیار .

2- واتای ڕستە .

3- واتای دەوروبەر کە بە واتای مەبەست ناودەبرێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:30:2009 ) .

1- واتای فەرهەنگی و دیار (locutionary meaning) , بریتییە لەو واتایەیی کە لە ئەنجامی واتایی فەرهەنگی وشەکان و ریزکردنیان دێتەکایەوە وەك :




2 - واتای ڕستە : زۆرجار ڕستە بە دانەی سەرەکی واتا دادەنرێت , واتای فەرهەنگی وشەکان بەشێك لە واتای ڕستە پێك دێنێت و بەشەکەی تری لە ڕیزکردن وەردەگرێ (عبدالواحیدمشیردزەیی:132:2010) , بۆیە واتا لە سنووری ڕستەدا بە گرنگتر دادەنرێت بە بەراورد لەگەڵ واتا لە سنوری وشەدا , بەو پێیەی وشە واتاکەی لە ناو سنووری ڕستەدا بەیاردەکەوێت . بۆ نموونە وشەکانی ( ڕاوچی , پڵنگ ) هەریەکەیان لە فەرهەنگدا واتای خۆیان هەیە , لە ئەنجامی ریزکردنیشیاندا واتا جیاواز دەدەن بەدەستەوە , چونکە وشە لە ئەنجامی ریزبوونی و پەیوەندی لەگەڵ وشەکانی تر لە ناو پێکهاتی ڕستەدا دەتوانرێت واتای تری لێ دیاری بکرێت . وەك :

- **ڕاوچیەکە پڵنگەکەی کوشت .**
- **پڵنگەکە ڕاوچیەکەی کوشت .**

هەر چەندە ئەم دوو ڕستەیە لە ژمارەی وشەکان یەکسانن , بەڵام بەهۆی ئەوەی وشەکان لە ریزبوونیان جیاوازن , بۆیە دوو واتا و مەبەستی جیاوازیان لێ بەدی دەکرێت .

3- واتایی دەوروبەر یان واتایی مەبەست ئەو واتایە دەگرێتەوە , کە لەپاڵ گوتنەکەدا دەکرێت و مەبەست بە شاراوەیی و ناڕاستەوخۆی دەخرێتەڕوو و بە پێی دەوروبەر لە گۆڕاندایە (عبدالواحیدمشیردزەیی:29:2009) . دەربڕینی مەبەست بەشاراوەی لە لای قسەکەر بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە , لەوانە (شەرم , ڕێزگرتن , ترس , هەڵخەڵەتاندن , ......هتد ) .

بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك :

- **تکایە یارمەتی باوکت بدە .**

هەرچەندە ئەم ڕستەیە لە شێوەی فەرماندان دەردەکەوێت , بەلاّم لە ناوەڕۆکدا مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش تکا و داوا یە لە گوێگر نەك فەرمان کردن , بەلّگەش بەکارهێنانی فۆرمی (تکایە) یە و هاتنی لە ناو پێکهاتی دەربڕینەکە بۆ ئەم مەبەستەیە , کە قسەکەر ئارەزوو دەکات , نەوەك فەرمانی بەسەر بکات .

**ب- دەرکەوتەکان** Implicature .

بریتییە لەو واتایانەی کە لە ئاخاوتندا لەلایەن قسەکەر بەشاراوەی دەربڕاوە , یان ئەو واتایانە ئەگەیەنێ کە بەشاراوەیی , نەك بەئاشکرا گوتراوە . بەم پێیە دەرکەوتە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاخاوتن دەگرێتەوە , بە تایبەتی ئەو زانیارییانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاوە , کەواتە دەرکەوتەکان دەرئەنجامی ئەو لێکدانەوانەیە , کە گوێگر لە ئاخاوتنەکان بە دەستی دەهێنێت بێ ئەوەی بە ڕاستەوخۆیی دەربڕابێت . واتای دەرکەوتەی ئاخاوتن یەکێکە لە بیرە گرنگەکانی پڕاگماتیك , قسەکەر لە ئاخاوتنەکانیدا بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی زیاتر بایەخ بە شێوازی پڕاگماتیکی دەدات . گرنگی واتای دەرکەوتەی ئاخاوتن لە دەربڕینی چۆنیەتی گونجاوی واتا و مەبەستەکانیدایە , کە تا چەند گوێگر هەست بە واتا شاراوەکانی دەربڕینەکە دەکات , گرایس دوو جۆرە دەرکەوتەی دەست نیشانکردووە :

1- **دەرکەوتەی ئاخاوتن** Conversational Implicature .

هەموو ئەو واتایانە دەگرێتەوە  کە بە وشە دەرنەبڕاون , بەلاّم هەلّدەهێنجرێن لە گوتنێك پشت بەستوو بە بنەمای هاریکاری cooperative principles .

2- **دەرکەوتەی شوێنی** .

مەبەستمان لەم دەرکەوتەیە , ئەو واتا دەربڕاوەیە کە پەیوەست نیە بە گەڕانەوەیان بۆ جیهانی دەرەوە , بەلّکو واتاکە تەنها لە دەربڕینەکە وەردەگرین (عبدالواحیدمشیردزەیی: 2011: 71–78) .

جێگەی ئاماژەپێدانە , کە لە کردەی لێکدانەوەی واتادا تەوەر دەکەوێتە سەر (وەرگر) , کە لەسەریەتی پەیامەکە بەم سێ قۆناغە لێکبداتەوە :

1 - لێکدانەوەی واتای دەربڕاو , لە ڕێگەی واتای وشە و لێکدانیانەوە .
2 - بەراوردکردنی واتا دەربڕاوەکە لەگەلّ ئەو دەوروبەرەی کە تێدا گوتراوە , تا بزانێت دەگونجێت یان نا .
3 - ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاند , ئەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ هەندێ زانیاری کەسی و کەلتوری و دەوروبەر (جمعەسیدیوسف:128:1990) .

## دووەم/ گریمانەکردن و ئەگەرەکان .

گریمانە لێکدانەوەی بۆچوون و مەبەستی دەربڕینە , کە پابەندی ڕاستی و ناڕاستی نیە , بە هۆی پەیوەندی بە پاشخانەوە , کە ئایا وەرگر زانیاری دەربارەی بۆچوون و مەبەستەکە هەیە یان نا , چونکە مرۆڤ لە کاتی دەربڕینەکانیدا زانیاری زۆر زیاتر دەدات بە دەستەوە , کە هەموویان پەیوەستن بە زانیاری گشتی و دەوروبەر , بۆیە پێویستە وەرگر یان خوێنەر گریمانە بۆ زۆر شت بکات بۆ ئەوەی واتا و مەبەستی لا ڕوون ببێتەوە , ئەمیش بە پشت بەستن بە واتای فەرهەنگی و دەوروبەر , چونکە هەر وشەیەك بەپێی شوێنی بەکارهێنانی لە دەوروبەرێکی دیاریکراو واتا و مەبەستێکی دیاریکراو بە وەرگر دەبەخشێت , بۆیە دەبێت وەرگر لە ڕێگەی ئەگەرەکان هەموو ئەو هەڵوێستانە لەبەر چاو بگرێت کە ڕەنگە مەبەستی پێشبینی کراوی تێدا ڕوون ببێتەوە . لەم قۆناغەدا وەرگر هەڵدەستێ بە داڕشتنی چەند سیناریۆیەك بۆ ئەو هەڵوێست و بارودۆخانەی کە دەکرێت کردەیی دەربڕینەکەی لەگەڵدا بگونجێت .

بۆ نموونە لەم دەربڕینەیەدا قسەکەر دەڵێت :

- **ئەمرۆ پارە لە زانکۆ دوادەکەوێت .**

لە لێکدانەوەی ئەم دەربڕینە وەرگر چەند سیناریۆیەك ڕێك دەخات , کە گریمانە دەکرێت یەکێك لەم ئەگەرانە بێت :

- **ڕەنگە ماتۆرسکیلەکەی تێکچووبێت .**
- **ڕەنگە پایسکلەکەی تێکچووبێت .**
- **ڕەنگە سەیارەکەی تێکچووبێت .**
- **ڕەنگە فرۆکەکەی تێکچووبێت ......هتد .**

## سێ یەم/ هەڵسەنگاندن .

دوا قۆناغ وەرگر یان خوێنەر دەست دەکات بە هەڵسەنگاندنی ئەو ئەگەر و سیناریۆیانەی کە بۆ باری دەربڕینەکە ڕێکی خستبوو , کە گریمانە دەکرێت یەکێکیان بێت . هەڵبژاردنی دەوروبەر بە پێی گونجاوی لەگەڵ واقیع و مەنتقدا دەبێت , واتە ئەو ئەگەر و سیناریۆیە هەڵدەبژێرین کە زیاتر لەگەڵ واقع و مەنتقی باری دەربڕاوەکە گونجاوە , واتا و مەبەستمان بە تەواوی یان بە نزیکراوەی بۆ ڕوون دەکاتەوە .

بۆ نموونە لە دەربڕینێکی وەك :

**ئەمرۆ پارە لە زانکۆ دوادەکەوێت .**

هەموو ئەو ئەگەر و سیناریۆیانەی , کە بۆ هۆی دواکەوتنی (یارە) وەرگر خستبوویە ڕوو لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن دەگاتە ئەو ئەنجامەی , کە کامە ئەگەر زیاتر لەگەڵ واقیع و مەنتقدا دەگونجێت , تا بۆ باری دەربڕینەکە هەڵیبژێرێت , ئەویش :

**ڕەنگە سەیارەکەی تێکچووبێت .**

## 10- دەوروبەر و مەبەست .

هەر پەیامێکی زمانی یان نازمانی کە دەردەبڕدرێت یان ئاڕاستە دەکرێت مەبەستێك و بۆنەیەکی خۆی هەیە , کە زۆرجار مەبەستەکان بە شاراوەی دەردەبڕدرێن , لە هەندێ بارودۆخی تایبەتیشدا پەیامەکان مەبەستی جیاجیا لە خۆدەگرن یان بە پێچەوانە لە لایەن وەرگرەکانەوە لێکدانەوە بۆ مەبەستی پەیامە زمانی و نازمانییەکان دەکرێت .

دەوروبەر و مەبەست پێچەوانەی یەکترن , بەو پێیەی نێرەر کاتێك پەیامێك ئاڕاستەی وەرگر یان ئامادەبووان دەکات , لە وانەیە تەنها مەبەستێکی لە پشتەوە بێت , بەڵام ئەو پەیامە بەگوێرەی ئەو دەوروبەرەی تێدا دەردەکەوێت ڕەنگە بە زیاتر لە مەبەستێك لێکدانەوەی بۆ بکرێت , چونکە دەوروبەر زانیاری پێشینەیە , کە گریمانە دەکرێت هاوبەش بێت یان جیاواز بێت لە نێوان نێرەر و وەرگر , کە زۆرجار لە ڕێگەی زانیاریە هاوبەشەکانەوە وەرگر دەتوانێت لەو مەبەستنانە بگات کە لە پەیامەکەی نێرەر دایە . کەواتە نێرەر پەیامەکەی بە مەبەستێك , لە هەلوێست و کات و شوێنێکدا و بە لەبەرچاوگرتنی یاسا ڕێزمانی و واتایەکان ئاراستەی وەرگریان دەکات , پەیامەکە بۆی هەیە چەند مەبەستێك بگەیەنێت , چونکە بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێت لە گۆڕاندایە .

مەبەست لە نێو دەربڕینەکان بە شێوەی جیاواز دەردەکەوێت , مەبەست بە ئاگایی و بێ ئاگایی هەیە , کە بێ ئاگایەکەی سیمانتیکیە , بە ئاگاییەکەشی دەچێتە خانەی پڕاگماتیك و تەمومژی تێدەکەوێت .

بۆ نموونە :

**بیری ئاو**

**بیر**

**بیری مێشك**      **سیمانتیك**

بەڵام ئەگەر ئەم وشەی (بیر)ە بە واتایەکی تر بەکارهات لە لایەن کەسێکەوە , کە مەبەستێکی شاراوەی لەپشت بوو , ئەوا دەچێتە خانەی پڕاگماتیك .

بۆنموونە لە ڕستەیەکی وەك :

**- کابرا دەڵێی بیرە هەر پڕنابێتەوە .**      **پڕاگماتیك**

لـەو بـار و هەڵوێسـتەدا وشـەی (بـیر) بەمەبەسـتێکی تـر بـەکارهاتووە , کـە قسـەکەر نەیویسـتووە ڕاسـتەوخۆ بڵێـت کـابرا کەسـێکی چاوبرسـی و زۆر خـۆرە بـەهیچ تێـر نابێـت , لـە بەرامبـەردا بە شێوەیەکی تر مەبەستەکەی دەربڕیووە .
مەبەسـت بـەهۆی بـەکارهێنان بەدیاردەکـەوێت , کـە بـەکارهێنان دوو جـۆری هەیـە کـە ئـەویش بریتییە لە :

1 - بە کارهێنانی کۆمەڵ .
2 - بە کارهێنانی تاك .

بـەکارهێنانی کۆمـەڵ ئـەو جۆرەیـە , کـە ڕێکـەوتنی کۆمـەڵی لەسـەرە , واتـە کۆمـەڵ ڕێکـەوتوون لەسـەر بـەکارهێنانی بـەو مەبەسـتە . هەرچـی بـەکارهێنانی تاکـە ئـەوەیان پەیوەسـتە بە خودی تاك , واتە مەبەستەکە دەکەوێتە سەر شێوەی بەکارهێنانەکە لە لایەن تاکەوە .
بۆ نموونە :

- ( جوان ) وەك ئاوەڵناو .
- ( جوان ) وەك ناو .

هـەروەها واتـا و مەبەسـتی نێـو ڕسـتە دەچـێتە خانـەی سـیمانتیك , چـونکە لـە کەرسـتەکانی پـێش و دوایـی خـۆی وەردەگیرێـت , بـەڵام واتـای بەسـتراو بـەتاك (کـەس) دەچـێتە خانـەی پڕاگمـاتیکی , بـەو مانایـەی واتاکـەی بەدەسـت دێـت لـە دەوروبـەر وەردەگیرێـت . بـۆ هـەروەك وشـەی ( دەرچوون ) جیاوازە لە بەکارهێنان , لە قوتابخانە مەبەست (ناجح بوون ) ە , لە گەراج (ڕۆیشتن ) ە , لە ڕووبار (دەربازبوون) ە ,...هتد .
بۆنموونە لە دەربڕینێکی وەك :

- وا خۆڵ بارینە .

مەبەسـت بـارینی خـۆڵ سـیمانتیکیە , ئەگـەر وەك بـەکارهێنانی کۆمـەڵ سـەیری بکرێـت , بـەڵام دەربڕینی (وا خۆڵ بارینە ) دەچێتە خانەی پڕاگماتیك ئەگەر وەك بەکارهێنانی تاك لێکبدرێتەوە , کە لەوانەیە مەبەستی (تێکچوونی گەشت بێ , هینانەژووری کەلوپەل بێ,.....هتد ) .
ئەگـەر لـە واتـای هـەر گوتنێك ورد بینـەوە کـە قسـەکەر بـەکاری دەهێنێـت دەبیـنین زیـاتر لـە مەبەسـتێك دەدات .
بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك :

- من چرایەکە دەکوژێنمەوە .

هـەر چـەندە ئـەم ڕسـتەیە هـەواڵ و لێدوانێکـە دەربـارەی بـارێکی دیـاریکراو , بـەڵام مەبەسـتی تـر دەگەیـەنێت ئەگـەر دەوروبـەری تـری بـۆ بدۆزینـەوە , بـۆ نموونـە ئەگـەر باوکێـك درەنگـی شـەو ئـەم گوتنـە بـە کوڕەکـەی بڵێـت ئـەوا گوتنەکـە شـێوەی (فـەرمان) وەردەگرێـت واتـە بخـەوە , بـەڵام ئەگـەر لـە ژنێکـەوە بێـت بـۆ مێردەکـەی شـێوەی ئاگادارکردنـەوە یـان پـرس وەردەگرێـت , واتـە ئەگـەر کـارت نیـە مـن چـراکە دەکوژێنمـەوە , کەواتـە ئێمـە ئاخاوتنمـان دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری

دەوروبــــەر و بـــاری کۆمەڵایـــەتی قســـەکەر و گـــوێگر , هـــەر بۆیـــەش مەبەســـتەکە بـــەگوێرەی بارودۆخەکە لە گۆڕاندایە (عبدالواحيد مشيردزەیی:35:2012) .

هەروەها دەوروبەر لە سێ ئاستی جیاواز بۆ دەرخستنی مەبەست لەڕاڤەکردنی دەربڕاودا واتای یەکەی ئاخاوتن دەست نیشان دەکات بەم شێوەیە :

1- دەوروبـەر دەسـت نیشـانی ئـەوە دەکـات کـە کامـە ڕسـتە دەربـڕاوە , ئەگـەر بـە کردەیـی ڕسـتەیەك دەربڕابێت .

2- دەوروبەر ئەوەمان بـۆ دەخاتـەڕوو کـە کامـە مەسـەلە دەربڕاوە , ئەگـەر هـاتوو مەبەسـت و مەسـەلەیەك لە ئارابێت و دەربڕابێت .

3- دەوروبـەر هاوکاریمـان دەکـات سـەبارەت بـەو مەسـەلەیەی کـە لێـی دەکۆڵینـەوە بـەپێی جـۆرێکی تایبەت لە هێزی نائاخاوتن دەربڕاوە .

دەوروبـــەر لـــەم ســـێ بـــارەدا پەیوەندیـــەکی ڕاســـتەوخۆی دەبێـــت لـــە دەســـت نیشـــانکردنی ئـــەوەی کـــە دەووتـــرێ بـــە گـــوێرەی ئـــەو واتـــا جۆراوجۆرانـــەی کـــە دەربڕینەکـــە بـــەخۆوەی دەگرێـــت , بـــەڵام واتـــای یەکـــەی ئاخـــاوتن زۆر زیـــاتر هەڵـــدەگرێت لـــەوەی کـــە بـــەکردەیی دەووترێـــت , چـــونکە ئـــەو شـــتانەش بـــە خـــۆوە دەگرێـــت کـــە لـــەناوەوە مەبەســـتە , یـــان پـــێش وەخـــت گریمانـــەکراوە , لەبـــەر ئـــەوەی دەوروبـــەر پەیوەندیـــەکی پتـــەوی هەیـــە لەگـــەڵ ئـــەو بەشـــانەی یەکـــەی ئاخاوتندا (جون لاينز:222:1987) .

**چەند هۆکارێك هەن کە کاریگەریان لە سەر دیاری کردنی مەبەستدا هەیە وەك :**

1- شوێن Place .

دیـاریکردنی مەبەسـتی دەربـڕین بـە پێـی شـوێن لـە گۆڕاندایـە . واتـە بـە گـوێرەی ئـەو شـوێنەی دەربڕینەکـــەی تێـــدا دەردەبڕێـــت جیـــاوازە , چـــونکە شـــوێن کاریگـــەری لەســـەر واتـــا و مەبەســـتی دەربڕینەکـە هەیـە . بۆنموونـە لێکدانـەوە و ڕاڤـەکردنی ئـەو دەربڕینانـەی کـە لـە شـوێنێکی ئاسـایی و دیـــاری نـــەکراو ئـــەنجام دەدرێـــت جیـــاوازە , بـــە بـــەراورد لەگـــەڵ ئـــەو دەربڕینانـــەی کـــە لـــە کـــۆڕ و کـــۆنفرانس و کۆبوونـــەوە گشـــتی و جەماوەریـــەکان دەکرێـــت . کەواتـــە تـــا ســـنوری ئـــەو ژینگەییـــەی دەربڕینەکـە دەیگرێتـەوە زیـاتر و فـراوانتر بیـت , لێکدانـەوە و دیـاریکردنی دەوروبـەری دەربـڕین و ئەو مەبەستانەی دەیگەیەنێت ئەستەمتر دەبێت .

بۆ نموونە :

- دوێنێ لە تونس بووم .

ئـەم دەربڕینـە ئـەوە دەگەیـەنێت کـە لـە (شـاری تـونس) بـووە , یـان (وڵاتـی تـونس) . سـا ئەگـەر شـوێنی دەربڕینەکـە بـزانین ئـەوا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە قسـەکەر لـە کـوێ بـووە و مەبەسـتی کوێیـە , گریمـان شـوێنی دەربڕینەکـە (صـەفاقس) ە , ئـەوا دەزانـین کـە لەشـاری (تـونس) بـووە , بـەڵام ئەگـەر شوێنی دەربڕینەکە (کوردستان) بوو ئەوا قسەکەر مەبەستی وڵاتی (توونس)ە .

2- کات Time.

کـات یـان کـاتی دەربـڕین هاوکـاری زۆرمـان دەکـات لـە لێکدانـەوە و ڕوون کردنـەوەی واتـا و مەبەسـتدا . دیـاریکردنی مەبەسـت بـە پێـی کـاتی دەربڕینەکـە گـۆڕاوە , چـونکە لێکدانـەوە و ڕاڤەکردن پەیوەستە بەکاتی دەربڕین , بەو پێیەی مەبەست لە هەندێ دەربڕین دیاری ناکرێت , تا کاتی دەربڕینەکە نەزانرێت . بۆنموونە دەربڕینێکی وەك :

- بەیانیت باش .

هەرچەندە ئەم دەربڕینە وا باوە کە لەکاتی بەیانی وەك (سڵاو) بە کاردەهێنرێت , بەڵام زۆرجار وەکو توانجیش بەکاردێت کاتێك گوێگر لەبارێکی نەگونجاودا بێت , بۆیە ئەگەر کاتی دەربڕینەکە نەزانین , ئەوا ناتوانرێت بەشێوەیەکی دیاریکراو دەوروبەری دەربڕین و مەبەستەکەی دەست نیشان بکرێت .

3- پەیوەندی نێوان بەشداربوان .

پەیوەنـدی نێـوان بەشـداربوان کاریگـەری لەسـەر لێکدانـەوە و دیـاریکردنی مەبەسـتی دەربـڕین هەیـە , چـونکە پەیوەنـدی نێـوان بەشـداربوانی دەربـڕین هاوکێشـەی واتـا و مەبەسـت دەگۆڕێـت . بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك:

- مێزەکان بسڕەوە .

ئـەم دەربڕینـە بـە پێـی پەیوەنـدی نێـوان بەشـداربوان واتـا و مەبەسـتەکەی دەگۆڕێـت , دەبێتـە (فەرمانـدان) ئەگـەر لـە خـاوەن چێشـتخانەیەکەوە بـۆ کرێکارەکـانی بێـت , بـەڵام دەبێتـە (داخـوازی) ئەگـەر لـە نێـوان دوو کرێکـاردا بێـت . کەواتـە پەیوەنـدی نێـوان بەشـداربوان ڕۆڵ دەبینێـت لـە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی مەبەستی دەربڕاوەکان .

4- کەلوپەلە پەیوەندیدارەکان .

ئەو کەلوپەلانەی لە کاتی کردەی دەربڕینەکە ئامادەبوونیان هەیە , کاریگەریان هەیە لەسەر دیاریکردنی مەبەسـتی دەربـڕین , کـە دەتـوانرێ لـە ڕێگـەی ئـەو کەلوپەلانـەوە مەبەسـتی دەربـڕین دیـاری بکرێـت یـان تەمومژی بخرێتە نێو واتا و مەبەستی دەربڕینەکە , بەو پێیەی ئەو شت و کەلوپەلانەی پەیوەندیان بە دەربڕینەکەوە هەیە واتا و مەبەست دەگۆڕن .

بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك :

- دەڵێی زەڕڕافەیە .

ئەگـەر ئـەم دەربڕینـە بەرامبـەر کەسـێك بـە کـە بـاڵای زۆر بـەرزبێت , بـەئامادەبوونی وێنـەیێك کـە لـە زەڕڕافـە بچـێت بگوترێـت , ئـەوا نازانرێـت مەبەسـتی قسـەکەر کەسـەکەیە یـان وێنەکـە , کـە ئایـا ئـەم دەربڕینـەی وەکـو تـوانج یـان بـۆ وەسـف کردنـی وێنەکـە بـەکارهێناوە . کەواتـە کەلوپەلـە پەیوەندیـدارەکانی ئامـادەبوو لـە کـاتی دەربـڕین کاریگـەریان هەیـە لەسـەر لێکدانـەوە و ڕروونکردنـەوەی مەبەستدا .

5- شێوازی دەربڕین .

شـێوازی دەربـڕین دەکەوێتـە چوارچـێوەی دەوروبــەر , هۆکـارێکی تـرە کـە بەشـدارە لـە پرۆسـەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی واتا و مەبەستدا , ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بە تایبەت لە دەربڕینە ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووەکانـدا , چـونکە شـێوازی دەربـڕین کـە هێـز و ئـاوازە و وەسـتان دەگرێتـەوە لـە زۆربـەی بارەکاندا واتا و مەبەست دەگۆڕن .

وەك :

- **بەسەبری ( بەهێواشی ) .**
- **بەسەبری ( تۆسەبرت هەیە ) .**
- **بەسەبری ( کەسێك ناوی سەبری یە )** , (عبدالواحیدمشیردزەیی:30:2011) .

یان بەپێی گۆڕینی ئاوازەی دەنگمان , لێکدانەوەکانمان دەگۆڕێت .

بۆ نموونە لە دەربڕینێکی وەك :

- **دانیشت .**
- **دانیشت !**
- **دانیشت ؟**

بە هۆی گۆڕینی ئاوازەوە لە هەر بارێکدا واتا و مەبەستێکی جیاواز دەدات .

هەروەها وەستانیش بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر لێکدانەوەی واتا و مەبەستدا هەیە .

بۆ نموونە :

- **ماڵت ئاوەدان نەبی . ( نەبی ) وەك ناوی کەس .**
- **ماڵت ئاوەداننەبی .( نەبی ) وەك نەرێی بوون** (عبدالواحیدمشیردزەیی:31:2011) .

## 11- ئەنجامگیری و دەوروبەر .

ئـــەنجامگیری کردەیـــەکی بـــیرە دەمانگوازێتـــەوە لـــە زانـــراوەوە بـــۆ نـــەزانراو . بریتییـــە لـــە گواســـتنەوەی لەپێشـــەکیەك یـــان زیـــاتر کـــە دەیـــانزانین و دان بـــە ڕاســـتیان دادەنـــێن بـــەرەو ئـــەنجامێك بـــەپێی ئـــەو پێشـــەکییە (عبدالواحیدمشـــیردزەیی:63:2013) . بـــۆ نموونـــە کاتێـــك توێـــژەرێکی کۆمەڵایـــەتی بـــەدوا داچـــوون بـــۆ کێشـــەیەك دەکـــات و دەیـــەوێت هۆکـــاری ڕوودانـــی کێشـــەکە بزانێـــت و دیـــاری بکـــات هەڵدەســـتێت بـــە کۆکردنـــەوە و گـــەڕان بـــەدوای زانیـــاری پێشـــەکی دەربـــارەی کێشـــەکە و ئـــەو نیشـــانانەی کـــە زانـــراون , واتـــە زانیـــاری دەربـــارەی قۆناغـــەکانی ژیـــانی ئـــەو کەســـە و پەیوەندیـــە کۆمەڵایەتیـــەکان و بـــاری دەروونـــی و ئـــەو ژینگـــە و خێزانـــەی تێـــدا پـــەروەردە

بووه .....هتد . لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەوە هۆکاری ڕوودانی کێشەکە دیاری دەکرێت کە پێشتر دیارنەبوو , کەواتە لەم کردەیەدا بە هۆی شتە زانراوەکانەوە شتە نەزانراوەکان دیاری دەکەین . دەوروبەریش وەك کردەیەك بریتییە لە زانیاری و ڕاستی زیاتر کە بەشداردەبێ لەگەڵ واتای فەرهەنگی وشە بۆ دیاری کردنی واتا و مەبەست , ئەمیش لە ڕێگەی زانیاری پێشینە کە گریمانە دەکرێت هاوبەش بێت لە نێوان قسەکەر و گوێگر و بەشداربوان , کە ئەم زانیاریانە هۆیەکە بۆ ئەوەی گوێگر یان بەشداربوو بگات بە واتا و مەبەستی دیاریکراو , کە لە دەربڕینەکانی قسەکەردا هەیە .

کەواتە ئەنجامگیری و دەوروبەر دوو کەردەن پشت بە زانیاری و پێشەکی زانراو دەبەستن بۆ ڕوونکرنەوە و زانینی ڕاستی و مەبەستی دیاریکراو لەو دەربڕینانەی پێویستیان بە شیکردنەوە هەیە , شیکردنەوەی پڕاگماتیکیانەی شتەکانیش کردەیەکی ئەقلیە پێویستی بە بەڵگە هەیە , واتە بەڵگەی مەنتقی و گونجاو , بەو پێیەی پڕاگماتیك زیاتر گفتوگۆیەکی ئەقلیە بەوەی کەمتر لایەنی سۆز دەگرێتەوە .

ئەنجامگیری دابەش دەبێتە سەر دوو بەشی سەرەکی :

1- **بەرئەنجام** ( Deduction ) .

2- **هەڵێنجان** ( Elicitation ) .

### 1- بەرئەنجام ( Deduction ) .

بریتییە لە بەدواداچوونی وردە کارییەکان بە مەبەستی بڕیارێکی گشتگیر (عبدالهادی الفضلی: 152:1415) , یان بریتییە لە بڕیاردان لەسەر گشت لە ڕێگای بەدواداچوونی زۆرینەی بەشەکان . ئەو ئەنجامەی پێشکەشی دەکات لە پێشەکییەکانەوە دەستەبەر دەبێت بە پشت بەستن بە تاقی کردنەوەکان(ان روبول وجاك موشلار:114:2003) . کەواتە هەر دوو پێشەکییەکان دەگرێتەوە (بچووك , گەورە) بۆ گەیشتن بە کردەیەکی تر کە هەڵێنجانە .

بۆ نموونە :

- **سوقرات دەمرێ** .
- **سوقرات مرۆڤە** .
- **هەموو مرۆڤێك دەمرێ** .

لەم دەربڕینانەدا لە ڕێگەی خوێندنەوە (بەرئەنجام) بۆمان دەردەکەوێت (مرۆڤەکان دەمرن) ئەم ئەنجامەش گەورەترە لە پێشەکیەکان , چونکە لە پێشەکیەکە دا تەنها ناوی (سوقرات) هاتووە کە تایبەتە بە تاکێکی مرۆڤ , بەڵام لە ئەنجامەکە (مرۆڤەکان دەمرن ) هەموو تاکەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە . جێگەی ئاماژە پێدانە کە لە بەرئەنجام ئاراستەکە لە تایبەتەوە بەرەو گشت دەڕوات (ان روبول وجاك موشلار:115:2003) .

2- **هەڵێنجان** ( Elicitation ) .

هــەڵێنجان بریتییــە لــە دەرهێنــانی ئــەنجام لــەو کۆمەڵــە زانیارییــەی لەبــەر دەســت دان , ئەمــەش پەیوەســتە بــە ڕادەی زانســتی و لێهــاتووی کەســی لێکــدەرەوە , کــە دواتــر دەبێتــە دەســتور و بنــەما و یاســا بــە پێــی پلــەی ســاغبوونەوەکەی . کەواتــە هــەڵێنجان بــەپێی ڕێبــازێکی دروســت کاردەکــات دوور لــە ناڕاســتی , بــەجۆرێك پشــت بەپێشــەکی ڕاســت دەبەســتێت بــەرەو ئــەنجامێکی ڕاســت بــە لەبەرچــاو گرتنــی تــاقی کردنــەوەکان (ان روبــول وجــاك موشــلار:114:2003) . هــەروەها هــەڵێنجان جۆرێکــە لــە جۆرەکــانی دەرکەوتــە پێشــی دەوتــرێ دەرکەوتــەی وێنــەیی , چــونکە تــەنها گرنگــی دەدات بــە وێنــەی بــیر , پەیوەنــدی ڕســتە و دەربڕینــەکان ناگرێتــەوە بــۆ واقعــی دنیــای دەرەوە , چــونکە دەوەســتێتە ســەر لێکچــوون و نــەبوونی جیــاوازی نێــوان پێشــەکی و ئەنجامەکــەی , ئــەم جــۆرەش پێچــەوانەی دەرکەوتــەی خوێندنەوەیــە , چــونکە بــە هــەمان ڕێگــای پێوانــە نــاڕوات بــەڵکو لــە گشــتیەوە بــۆ تایبەتــە , بــەڵام دەرکەوتــەی خوێندنــەوە لــە تایبەتەوە بۆ گشتی پێوانە دروست دەکات .

بۆ نموونە :

- **هەموو مرۆڤێك دەمرێ** .
- **سوقرات مرۆڤە** .
- **سوقرات دەمرێ** .

لــەم دەربڕینــە لــە ڕێگــای هــەڵێنجان بۆمــان دەردەکــەوێت (ســوقرات دەمــرێ) , ئــەم ئەنجامــەش بچــووکترە لەپێشــەکیەکە (هــەموو مرۆڤــەکان دەمــرن) , چــونکە ســوقرات تاکێکــە لــە مــرۆڤ نــەك هــەموو مرۆڤــەکان . واتــە ئاڕاســتەی هــەڵێنجان بــە پێچــەوانەی بەرئەنجامــە , کــە لــە گشــتەوە بــەرەو تایبەت دەڕوات (ان روبول وجاك موشلار:115:2003) .

بــەڵام لــە هەنــدێ بــاردا ئــەنجام و پێشــەکیەکە یەکســان دەوەســتن بــەو پێیــەی هــەردووکیان بەشداریان کردووە لە پێکهاتی بەڵگەکە .

بۆ نموونە :

- **باڵندە یان گۆشت خۆرە یان گیاخۆر** ( پێشەکی گەورە ) .
- **گۆشت خۆر دەمرێ , گیاخۆر دەمرێ** (پێشەکی بچووك ) .
- **باڵندە دەمرێ** (ئەنجام ) .

لــەم دەربڕینــە دا بــە هــۆی هــەڵێنجان بۆمــان دەرکــەوت (باڵنــدە دەمــرێ) , بــەڵام وەك دەردەکــەوێت هەریــەك لــە ئــەنجام و پێشــەکیەکە یەکســانن , بــەو پێیــەی ئەنجامەکــە بەشــداری کــردووە لــە پێکهــاتنی بەڵگــە کــە (گۆشــت خــۆر دەمــرێ و گیــاخۆر دەمــرێ) , چــونکە گۆشــت خــۆر و گیــاخۆر هەموو باڵندە دەگرێتەوە هەروەك پێشەکیەکە .

هــەردوو كــردەی بەرئــەنجام و هــەڵێنجان بــەپێی چــەند بنەمایــەك بەرێوەدەچــێ , كــە لەچــەند بەشێك پێك دێت :

1- پێوانە : بابەتی پێوانەش دەبێتە دوو بەش (پێشەكی گەورە , پێشەكی بچووك) .
2- سنور : وشە و كەرستەكانی هەردوو پێشەكیەكە دەگرێتەوە .
3- داواكراو : بریتیە لە سەڵماندنی كردەكە .
4- ئەنجام : ئەو ئەنجامەیە كە دەستمان دەكەوێت .

بۆ نموونە :

- **میوە تامی خۆشە** : پێشەكی گەورە .
- **سێو میوەیە** : پێشەكی بچووك .
- **میوە , تام , خۆش , سێو** : سنور .
- **سەڵماندنی سێو تامی خۆشە** : داواكراو .
- **سێو تامی خۆشە** : ئەنجام .

لــەم دەربڕینــەدا لــەڕێگای هــەڵێنجان بۆمــان دەركــەوت كــە (ســێو تــامی خۆشــە) , هــەڵێنجانیش پشــت بــە دوو شــت دەبەســتێ (بەرئــەنجام , دەرئــەنجام) , كــە بەرئــەنجام پێویســتە هــەبێ بــۆ بە بەڵگەكردنی شتەكان و دەرئەنجامیش لە خوێندنەوەی شتەكان بەدی دەكرێت .

## 12- ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕوونكردنەوەی واتادا .

دەوروبەر بە بابەتێكی گرنگی نێو بواری واتاسازی (semantics) و (pragmatics) دادەنرێت , بۆیە قســەكردن لەســەر ڕۆڵــی لــە ڕوونكردنــەوەی واتــای وشــە و گــرێ و رســتەدا جێگــەی هەڵوەســتە و گرنگی پێدانە , چونكە دەوروبەر بەر لە هەموو شتێك لێڵی (ambiguity) لە زماندا ناهێڵێت , كە یــەكێك لــە جۆرەكــانی لێڵــی (لێڵــی فەرهــەنگی) یــە , كــە لــە ڕێگــەی هەریــەك لــە (هاوبێژی , فرەواتا) وە سەرچاوە دەگرێت , ئەم جۆرە لێڵیە دەكرێت بە هۆی دەوروبەر یەك لای بكرێتەوە . زمانەوانەكان هەر زوو هەستیان بەو ڕۆڵە گرنگە كردووە و لە لێكۆڵینەوەكانیاندا ئاماژەیان پێداوە , بەوەی دەوروبەر ڕۆڵێكی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە دەست نیشانكردن و ئاڕاستەكردنی واتــادا , بیرۆكــەی گرنگــی دان بــە دەوروبــەر دەگەڕێتــەوە بــۆ ویتنشــتین (wittgensten ) كــە لــەم بارەیــەوە دەڵێــت : بــەدوای واتــای وشــە مەگــەڕێ , بــەڵكو بــەدوای بــە كارهێنانەكەیــدا بگــەڕێ (منقورعبدالجليل:88:2001) , چــونكە گــەڕان بــەدوایی واتــادا ئــەوە نیــە بــە دوایــی بــوونێكی ســەربەخۆ یــان ئــەو بوونانــەی وشــەكان هەیانــە بگــەڕێین , بــەڵكو بریتییــە لــە تێگەیشــتنی جەوهــەر و نــاوەرۆكی وشــە و ڕســتەكان , واتــە وشــەو و ڕســتەكان چــۆن واتــا وەردەگــرن یان واتادار دەبن (علی زوين:91:1986) , هەروەها (لاینز) ئاماژە دەدات بەڕۆڵی دەوروبەر لە ڕوونكردنەوەی

واتـــادا و دەڵێـــت :ئـــەو دەوروبـــەرەم بـــدیٚ کـــە وشـــەکەی تێـــدا بـــەکارهاتووە , واتاکـــەت دەدەمـــیٚ (عبدالواحیدمشـیردزەیی:28:2011 ) , واتـە دەوروبـەر هاوکـاری زۆری گـوێگر دەکـات بـۆ گەیشـتن بـە واتـای مەبەسـت لەڕێگـەی ئـەو هەڵوێسـت و بـارەی وشـەکەی تێدا بـەکارهاتووە , چونکە دەوروبەر تاکە ڕێگایـە واتای فەرهەنگی و واتای مەبەستمان بۆ ڕوون دەکاتەوە (ستیفن اولمان :63:1986 ) .

لێرەدا دەکرێت لە چەند خاڵێك ئاماژە بدەین بە ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستدا :

1- ڕۆڵـی دەوروبـەر لەجیاکردنـەوەی واتـای سیمانتیکی و پڕاگماتیکیـدا . کـە واتـای پڕاگماتیك بریتییـە لە (واتای سیمانتیکی + دەوروبەر ) .

بۆنموونـــە نـــاتوانین بڵـــێین هـــەردوو وشـــەی (بـــاش , خـــراپ ) هاوواتـــان لـــە فەرهەنگـــدا , کاتێـــك لـــە دەوروبەردا هەمان واتا دەدەن .

وەك :

- لێدانێکی باش ی لێدا .
- لێدانیکی خراپ ی لێدا (عبدالواحید مشیردزەیی :25:2009) .

2- زانـین و تێگەیشـتن لـە مەبەسـتی دەربـڕاو دەوەسـتێتە سـەر ئـەو واتایانـەی کـە لەدەوروبـەردا بە دەست دێت .

بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك :

- هۆڵی تاقی کردنەوەکان گەرمن .

ئـەم دەربڕینـە بـە ڕووکەشـی واتایـەکی دیـاریکراوی هەیـە , لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە دەرەوەی ئـەو دەوروبـەردا گـەلیٚ زانیـاری و شـتی نادیـار و شـاراوەش لـە خۆدەگرێـت , بـەڵام لـە چوارچێوەی ئـەو دەوروبـەرەی کـە تێیـدا بـەکاردێت زۆربـەی زانیاریـەکان ڕوون دەبێتـەوە , واتـە بـەپێی دەوروبەرەکـە زیـاتر واتـا و مەبەسـتەکان دەردەکـەون . بـۆ نموونـە ئـەم دەربڕینـە چـەند مەبەسـتێك دەدات لەوانـە ( قوتـابی زۆر تێدایـە , فینـك کـەرەوەکان دانەگیرسـاوە , پەنجـەرەکان داخـراو ,....هتـد ) , بـەڵام کاتێك ئەم دەربڕینە دەخەینە ناو دەوروبەرێکی وەك :

- بە هۆی زۆری ژمارەی قوتابیان تیایدا هۆڵی تاقی کردنەوەکان گەرمن .

دەتوانین مەبەستەکەی دیاری بکەین , کە زۆری ژمارەی قوتابیانە هۆی گەرمی هۆڵەکەیە نەك شتیتر .

3- ڕۆڵـی دەوروبـەر لـە دەرخسـتنی ئـەو زانیاریانـەی لـە دەقـە دەربڕاوەکـە نـەهاتووە و لابـراوە . بۆنموونە قسەکەر بە بەرامبەرەکەی دەڵێت :

- ئازاد و گیراوەکەم بۆ بهێنە .

ڕەنگـە مەبەسـتی قسـەکەر لـە (گیراوەکـە ) کەسـێکی دیـل بێـت , یـان مەبەسـتی دەرمـان یـان گیراوەیـەکی کیمیـایی بێـت , بـەم جـۆرە لای گـوێگری دەرەوەی دەوروبەرەکـە (ئـازاد و گیراوەکـە ) ی بۆ کۆ ناکرێتەوە لە ڕستەییێکدا , چونکە هەندیٚ وشە وون بووە و نەهاتووە (صباح رشید:46:2000 ) .

4– ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕوون کردنەوەی واتای ئەو دەربڕینانەی , کە ڕەنگە خۆی و دژەکەی بگەیەنێت.
بۆ نموونە لە دەربڕینێکی وەك :

– **ئازاد ئازار لە دڵ دەڕوێنێ** .

ئەم دوو واتا دژ یەکەی هەیە :

ا– **ئازاد ئازار لە دڵ لادەبا** .

**ب– ئازاد ئازار دەخاتە دڵ** (وریاعومەرئەمین:296:2009 ) .

کەواتە بەپێی ئەو دەوروبەرەی دەربڕینەکەی تێدا گوتراوە دەتوانرێت مەبەستەکە دەست نیشان بکرێت , ئەگینا لە دەرەوەی دەوروبەر واتاکەی بە نادیاری دەمێنێتەوە .

5– ڕۆڵی دەوروبەر لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دروستی دەقدا دەردەکەوێت .
بۆنموونە لەم دەقە شیعرەدا :

**رەبیعی عەرەب نەوبەهاری کورد**
**دەست لەملانیان لە نەورۆزا کرد** (پیرەمێرد:159:2009 ) .

ئەگەر خوێنەر یان گوێگر بەبێ ئاگاداربوون لە ناسنامەی شاعیر و ئەو بۆنەیەی ئەم دەقەی تێدا ووتراوە لێکدانەوە بۆ دەقەکە بکات , ئەوا لەشیکردنەوە و لێکدانەوی دەقەکە ڕەنگە بکەوێتە هەڵەوە .

6– دەوروبەر ڕێگە لە هەڵەتێگەیشتن و بە هەڵەچوون دەگرێت , کە زۆرجار گوێگر یان بەشداربوانی ئاخاوتن تێی دەکەون . چونکە جاری وا هەیە ئەوەی کە قسەکەر دەیڵێت لێی تێناگەین ئەوەش دەبێتە هۆی دوو دڵی , چەند لێکدانەوەیەك لەخۆبگرێت , یان ئەو شتەی کە دەیڵێت ناتوانین بەتەواوی مەبەستەکەی لێکبدەینەوە و بەهەڵە لێی تێبگەین .
بۆ نموونە لە ئاخاوتنێکی وەك :

قسەکەر– **ئەرێ ئێستا ئێواران چ دەکەی ؟**
گوێگر– **لە جیهانم .**
ئامادەبوو– **شەریکەی جیهان ؟**
گوێگر– **شەریکەی چ , کولیەی جیهان .**

7- ڕۆڵی دەوروبەر لە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕستانەی , کە بە سەربەخۆی زیاتر لە خوێندنەوەیەکیان بۆ دەکرێت .

بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك :

**ڕۆژ لە شارەکە هەڵات .**

ئەم ڕستەیە جۆرە لێلیەکی تێدا دەردەکەوێت , کە چەند خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت .

لەوانە :

1- **ڕۆژ ( ناوی کەس ) لە شارەکە ڕایکرد .**

2- **ڕۆژ ( ناوی کەس ) لە شارەکە دەرکەوت .**

3- **ڕۆژ ( خۆر ) لەشارەکە دەرکەوت** (عبدالواحید مشیردزەیی:145:2010 ) .

گـوێگر یـان خوێنـەر بـەبێ ئاگـاداربوون لـەو دەوروبـەرەی دەربڕینەکـەی تێـدا دەربـڕاوە , ناتوانێـت خوێندنەوە دروستەکە هەڵبژێرێت .

8- ڕۆڵی دەوروبەر لە دەرخستنی ناسنامە و کەسایەتی قسەکەر و گوێگر و بەشداربوانی دەربڕاوەکە .

بۆنموونە :

1- **ئەم قەڵەمە هی تۆیە ؟**

2- **ئەم قەڵەمە هی تۆیە گەورەم ؟**

3- **گەورەم ئەم قەڵەمە هی جەنابتانە .**

کەواتـە لایـەنێکی تـر لـە گرنگـی دەوروبـەردا ئەوەیـە کـە پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکان نیشـان دەدات , چـونکە زۆرجـار قسـەکەر ناتوانـێ بـە تـەواوی ئـەو کەسـە بناسـێت کـە لەگـەڵی دەدوێـت , بۆیـە پێویسـتە تـەواوی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکانی نێـوان قسـەکەر خـۆی و گوێگر و بەشداربوانی دەربڕینەکە دیاری بکات .

9- ڕۆڵی دەوروبەر لە لێکۆڵینەوەی دیاردە واتاییەکاندا , ئەمەش بە مەبەستی زیاتر جێگرکردنی واتا , دیـاریکردنی واتـای وشـە و ڕسـتەکان , ڕوونکردنـەوەی چـەمکەکان و ڕەواندنـەوەی تەمومژیـە , چـونکە واتـای وشـە بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێدا دەردەکەوێت دیاری دەکرێت , بەمـەش واتـای وشـەکە دەبێتـە بەشێك لە واتای گشتی دەوروبەرەکە (عزمی اسلام:65:1985 ) .

بۆنموونە مۆرفیمی سەربەخۆی (گڕ) چەند هاوبێژێکی تری هەیە , کە واتاکانیان بە هـۆی دەوروبـەرەوە ڕوون دەبێتەوە وەك :

1 -**دەنگی گۆرانیبێژەکە زۆر گڕ وناخۆشە .**

2 -**پیاوێکی دان گڕم بینی .**

3 -**ئوتومبیلەکە کەوتە گڕ .**

4 -**لەبەر گڕی ئاگرەکە دامەنیشە** (عبدوڵڵا عەزیزمەحەمەد:42:1990 ) .

هەروەها لە وشە فرەواتاکاندا , بۆ نموونە وشەی (توند) بە هۆی دەوروبەرەوە واتاکەی دیاری دەکرێت وەك :

1 -**هەویرەکە توندە** . واتە کەم ئاوە .
2 -**ئەو بیبەرە زۆر توندە** . واتە تیژە .
3 -**ئەو پەتە باش توندکە** . واتە شەتاندن .
4 -**زۆر توند ڕەوە** . واتە توند ڕەفتار دەکات (صباح رشید:28:2000) .

کەواتە دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە ڕاڤەکردنی واتادا و تایبەت لە دیاریکردنی نرخ وبەهای وشەکان , کە هەرجارێك ئەو وشەیە لەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێت واتایەکی دیاریکراو و کاتی وەردەگرێت , بەو پێیەی دەوروبەر ئەو نرخ و بەهایەی بە وشەکان دەیدات , لەگەڵ ئەو واتایەی لەو دەوروبەرە تایبەتیانەدا گوزارشتی لێ دەکات تەواو جیاوازە لەگەڵ واتای دەوروبەرەکانی تردا (علی زوین:94:1986) . کەواتە دەوروبەر فرەواتای ناهێڵێت و بنەمایەکی یەکلایی کەرەوەیە بۆ واتای مەبەست .

بەڵام هەندێ تەمومژی کە لە ڕستەدا دەبێت دەوروبەریش ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە , ئەمەش دەدرێتە پاڵ ئەو پەیوەندیە سینتاکسیەی نێوان ئەو دانانەی کە ڕستەکەیان لێ پێکهاتووە . لەم بارەدا هەر ڕستەیەك چەند واتایەکی ڕووکەش و ڕۆنانێکی ژێرەوەی دەبێت .
بۆنموونە وەك لە ڕستەی :

**پێم دەخورێت** .

دوو واتای هەیە :

ا- **من پێم ( قاچم ) دەخورێت** .
ب- **من دەتوانم خواردنەکە بخۆم** (عەبدوڵلاعەزیزمەحەمەد:43:1990) .

هەروەها (ڕادە) ش بەپێی دەوروبەر چەندیەتی دیار ناکرێت .
وەك :
- **پیاوێکی زۆر دڵ ڕەق بوو** (عبدالواحیدمشیردزەیی:73:2010) .

واتە نازانرێت ڕادەی دڵ ڕەقیەکەی چەندە , کە لە وانەیە تەنها بەرامبەر بە(قسەکەر) لەو کاتەدا دڵی ڕەق بێت ئەگینا وا نەبێت .

10- دەوروربەر ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی جۆری ئەرکی ئاخاوتن .

بۆ نموونە :

- **بەرگی کتێبەکەی هەموو نوسیوە .**

ئاوازەی ڕستەی هەواڵ گەیاندن زۆر واتا و مەبەست بە دەستەوە دەدات وەك : گلەیی , ناڕەزایی , پۆزش....هتد . کە بە هۆی دەوروبەری دەربڕینەکە دیاری دەکرێت .

یان :

- **ئەرێ کارەبا نەهاتەوە ؟**

ڕستەی پرس بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت وەك :ناڕەزایی , گلەیی ...هتد , کە لە ڕیگەی دەوروبەرەوە مەبەستەکە دەزانرێت .

یان :

- **وا چاکە بڕۆیت .**

کردەیی ڕستەی داخوازی بە پێی دەوروبەر زۆر مەبەست دەدات وەك : هەڕەشە , بێزاری , سەرسوڕمان , هەست دەربڕین , ڕوولێنان , ئامۆژگاری ...هتد , کە هەریەکەیان ئاوازەیی تایبەتی خۆیان هەیە (عبدالواحیدمشیردزەیی:2011:62-65) .

## 13- کاریگەری دەوروبەر لە گۆڕینی واتادا .

دەوروبەر وەك ئەو چوارچێوە زمانی و نازمانیەی باسمان کرد , کاریگەری لەسەر دەربڕینە زمانی و نازمانیەکان هەیە و دەیبێت , ئەمە جگە لەو ڕۆڵەی هەیەتی لە ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی واتا و مەبەستی دەربڕین دا . ئەو چوارچێوەیە بەپێی چەند بنەمایەك کار دەکات , کە گۆڕانی یەکێك لەو بنەمایانە کاریگەری هەیە لە سەر گۆڕینی واتا و مەبەستی دەربڕاو . بە واتایەکی تر دەوروبەر جگە لە ڕۆڵی ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستدا , دەتوانین لایەنی کاریگەریەکەشی بزانین کاتێك دەربڕینێکی دیاریکراو لە دەوروبەری جیاجیا بەکاربهێنرێت . بەو پێیەی بەکارهێنانی وشە لە دەوروبەری جیاواز هۆیەکە بۆ گۆڕانی واتا , بۆ نموونە وشەی (دەرچوون) لای قوتابی مانای (سەرکەوتن) لەوانەکانی دەگەیەنێت , لای شوفێرێك مانای (ڕۆیشتن) لە گەراج دەگەیەنێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:2010:171) , چونکە وشە یان ڕستە کاتێك بەدەوروبەر دەبەسترێتەوە ئەوا وشەکان واتای فەرهەنگی خۆیان وون دەکەن و بە پێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەردەکەوێت واتای نوێی خۆیان وەردەگرن (عەبدولاعەزیزمەحەمەد:1990:65) .

کاریگەریەکانی دەوروبەر لەسەر وشە جیایە بە جیاوازی بارودۆخی دیاریکراوی دەربڕاوەکە , لەم بارەیەوە (ئۆلمان) دوو جۆر کاریگەری دەوروبەری دەست نیشانکردووە :

1 -ئەو کاریگەریەیە کە لەسەر هەموو وشەکان هەیەتی .

2 -ئەو کاریگەریەی لەسەر هەندێکیان زیاترە لەوانی تر هەیەتی (علی زوین:95:1986) .

کاتێک ڕستەیەك دەخرێتە دەوروبەر بۆ ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستەکەی , ئەگەر هەمان ڕستە لە دەوروبەرێکی تر بەکاربهێنین ئەوا ئەو واتایەیی بەدەستیەوە دەدات لە واتای یەکەمی جیاوازە , چونکە واتاکەی لەژێر کاریگەری دەوروبەرە نوێیەکە و بە گوێرەی هەڵوێست و باری دەربڕینەکە گۆڕاوە . دەوروبەر وەك یەکەیەکی پڕاگماتیکی لە کردەی تێ گەیشتن و ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستدا کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دەربڕینە زمانی و نازمانیەکان , نێرەر کاتێک پەیامێك دەنێرێت ئەو پەیامە بە دەوروبەر و بارودۆخێکی تایبەت بەستراوەتەوە و کاریگەری لەسەر واتای پڕاگماتیکیەکەیدا هەیە . بەو پێیەی پڕاگماتیك بریتیە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر کە گرنگن بۆ تێگەیشتن (عبدالواحیدمشیردزەیی:14:2011) . کاریگەری دەوروبەریش کاتێک دەردەکەوێت کە دەربڕینێکی دیاریکراو لە چەند دەوروبەرێکی جیاواز بە کاربهێنرێت .

بۆ نموونە دەربڕینێکی وەك :

- کەی دەفتەرەکەم دەدەیتەوە ؟

گریمان ئەو دەوروبەرەی دەربڕینەکەی تێدا دەربڕاوە قوتابخانەیە , ئەوا مەبەستی قسەکەر لە داواکردنەوەی دەفتەرەکەی (تێ نووسە) , بەلام ئەگەر دەوروبەری دەربڕینەکە بگۆڕین بە دەوروبەرێکیتری وەکو شوێنی ئالوگۆری دراو , ئەوا مەبەستی قسەکەر لە داواکردنەوەی دەفتەرەکە (10000دۆلارە) نەك تێ نووس . کەواتە ئەو واتایەی دەربڕینەکان دەیدەن بەدەستەوە بە کاریگەری ئەو دەوروبەرانەی تێیدا دەردەکەون دەگۆڕێت .

هەروەها لە دەربڕینێکی تردا وەك :

- پێویستە گیراوەکە بەکاربهێنین , تا چارەسەرێك بدۆزینەوە .

ئەگەر ئەو دەربڕینە بخەینە دەوروبەری جیاوازەوە , ئەوا لە ژێر کاریگەری ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەردەکەوێت واتاکەی دەگۆڕێت بۆ نموونە : گریمان ئەم دەربڕینە لە نێوان پزیشکێك (قسەکەر) و یاریدەرەکەی (گوێگر) و نەخۆشێك و کەس و کاری نەخۆشەکە(ئامادەبوو) بگووترێ , ئەوا واتای بە کارهێنانی دەرمانێکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ نەخۆشەکە , بەلام ئەگەر دەوروبەری دەربڕینەکە بگۆڕێت بۆدەزگایەکی لێپرسینەوە کاتێک دەربڕینەکە لە نێوان بەڕێوەبەری دەزگا (قسەکەر) و ئەفسەرێکی ئەو دەزگایە (گوێگر) بکرێت , ئەوا واتای وەرگرتن و دەرهێنانی زانیاریە لە بەندکراوێك بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی دەستیان هەیە لە دروست بوونی کێشەکە .

لێرەدا دەکرێت بووترێت دەوروبەر کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر گۆڕانی واتا لە دەربڕاوەکاندا , سەرەڕای ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەست تیایاندا , چونکە دەوروبەر لە کۆمەڵێك

بنەما پێکهاتووە و بە پێی ئەو بنەمایانە لە سنوری وشە و ڕستە و دەق ........هتد کاردەکات , گۆڕینی دەوروبەر یان یەکێك لە بنەماکان کار دەکاتە سەر گۆڕانی واتا .

بـۆ ئـەوەی زیـاتر دەوروبـەر و کاریگەریەکـەی لەسـەر دیـاریکردنی واتـا نیشـان بـدەین چـەند نموونەیـەکی تـر دەخەینـەڕوو , کـە تێـدا کاریگـەری دەوروبـەر لـە سـەر گـۆڕانی واتـا زیـاتر تیایدا دیاردەکەوێت .

بۆ نموونە وشەی (لێدا) لەژێر کاریگەری ئەو دەوروبەرانەی تێیدا دەردەکەوێت واتاکەی دەگۆڕێت . وەك :

1 -قوتابیەکان چەند ڕۆژێك بەر لە پشوو دەوامیان لێدا .

( بەواتایی دەوام نەکردن دێت) .

2 -فەرمانبەرەکە پارەکەی لێدا و ڕۆیشت .

(بەواتای گەندەڵی و دزیکردن دێت) .

3 -ئەم شەو دراماکەی دوو جار لێدا .

(واتە پیشانی دا) .

4 -دەڵێن حوکومەتی ناوەندی دەستی کردووە بە لێدانی پارەیەکی نوێ .

(بەواتای چاپ کردن دێت) .

5 -یاریزانەکە بەدەست تۆپەکەی لێدا , داوەر فاوڵی نەگرت .

(بەواتای فێڵ کردن دێت) .

6 -کۆمپانیای ( dno ) بە شێك لە بیرە نەوتەکانی زاخۆی لێدا .

(بەواتای هەڵکەندن دێت) .

7 -لە داوەتەکە خواردنێکی چاکیان لێنابوو , کاکم باشی لێدا .

(بەواتای زۆر خواردن دێت) .

8 -مامۆستا زۆر خرا پی لێدا .

(واتە ئازار پێ گەیاندن ) .

9- قوتابیەکە زەنگەکەی لێدا .

(بەواتای ئاگادارکردنەوە دێت) .

10-شوێنەکە بڵند بوو بەزەحمەت وێنەکەی لێدا .

(بە واتای هەڵواسین دێت) .

کەواتـە دەوروبـەر کاریگـەری زۆری لەسـەر گـۆڕینی واتـادا هەیـە , ئـەویش بـەپێی ئـەو هەڵوێسـت و بارودۆخـەی کـە دەربڕینەکـە خـۆی تێـدا دەبینێتـەوە , چـونکە واتـای دەوروبـەر ئـەو ڕێگـە هەمەجۆرانـە دەخاتـە ڕوو کـە لـە هەڵوێسـتی دەرەوەی زمانیـدا کاردەکەنـە سـەر تـێ گەیشـتن و ڕاڤـەکردنی زمـان , هـەروەها ئامـاژە بـۆ ئـەو هۆکارانـە دەکـات کـە کاردەکەنـە سـەر لێکدانـەوەی ڕسـتەیێك , ئەمـەش بـە پشـت بەسـتن بـە بەشـەکانی تـری ئـەو دەربڕینـەی ڕسـتەکەی تێـدا بـەکارهاتووە (Crystal:1992:247 ) , ئەمـە جگـە لـەو ڕۆڵـە گرنگـەی دەوروبـەر دەبینـێ

لــە ڕاڤــەکردنی واتــادا و تایبــەت لــە دیــاریکردنی نــرخ وبــەهای وشــەدا , کــە هــەرجارێك ئــەو وشــەیەی تێیــدا بــەکاردێت واتایــەکی دیــاریکراو و کــاتی پــێ دەبەخشــێت , هــەروەها دەوروبــەر ئــەو نــرخ و بەهایــەی دەیــدات بــە وشــەکە و ئــەو واتایــەی کــە گوزارشــتی لێ دەکــات لــەو دەوروبــەرە تایبەتیانــەدا , جیــاوازە لەگــەڵ واتــای دەوروبــەرەکانی تــردا . بــە مانایــەکی تــر بــە گــوێرەی هەڵوێســت و بارودۆخــە جیاوازەکــان و لــەژێر کاریگــەری ئــەو دەوروبــەرەی دەربڕینەکــەی تێدا دەردەکەوێت واتاکەی دەگۆڕێت .

# بەشی دووەم

# دۆزینەوەی دەوروبەر لە زمانی شیعردا

## بەشی دووەم : دۆزینەوەی دەوروبەر لە زمانی شیعردا .

### 1- زمانی شیعر .

زمان بە شێوەیەکی گشتی هۆیەکە بۆ هەست دەربڕین و وروژاندنی هەست لە ڕێگای داهێنان , کە مەبەستی سەرەکی لە داهێنان و بەکارهێنانی زمان تێگەیشتنی دەوروبەری مرۆڤە و پەیوەندی کردنە بە خەڵکی هاو زمانەوە (محمدمعروف فتاح:23:2011) , کارول دەڵێت : زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگیی لە خۆوەیە , کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ لە یەکتر گەیشتن و پۆلکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر (محمدمعروف فتاح:11:2011) . شیعریش بەکارهێنانی زمانە بۆ ئەفراندن و داهێنان , مرۆڤی خاوەن بەهرە و داهێنەر , بە هۆی خەیاڵ و مەجازەوە دەتوانێ یارییەکی هونەری جوان بە وشەکان بکات , لە پێناو هێنانەکایەوەی دیمەنێکی هونەری بەرز . زمانی شیعر بەشێکی جیانەکراوەیە لە جموجۆڵی بیر و هەست ورووژاندن و تێڕوانینی مرۆڤ , هۆکاری دەرخستنی وێنەی خەیاڵیکە دوور لە واقیع و هۆیەك بووە تا خواستە دەروونیەکانی پێ دەربڕێ و هەست و نەستی خۆی بەرامبەر بەجیهان و دەوروبەر وەك خۆی ئەیەوێ وێنای بکات و بە زمان بنەخشێنێ (محمد دلێر:79:2009) . زمان یەکێکە لە پێکهاتەکانی بونیادی شیعر , شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە ناخی پەنگ خواردووی خاڵی دەکاتەوە لەگەڵ ئەو ئیلهامەی بۆی دێت , ئەویش لەژێر کاریگەریی ئەو جیهان و دەوروبەری تێیدا دەژی دەتوانێ واقیع و ڕەگەز و نیشانەکانی ئەو واقیعە نیشانبدات , بۆیە شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە دەست بگرێت بە سەرچاوەی زمان و گوزارشت لە هەموو ئەو شتانە بکات , بەڵام بە پێوانە و دارشتنێکی تێکەڵ بە دنیایی خەیاڵ , بەو پێیەی شیعر پێویستی بە دنیایی خەیاڵ و تەم ومژ و نوێ بوونەوەی واتا هەیە , کە ئەمانە سیفەتی بەیەکەوە لکاوی پرۆسەی بونیادنانی شیعرن , کە وایکردووە هەر شاعیرێك ئارەزووی پێکهێنانی زمانێکی نوێی دەربڕین و گوزارشت کردن بکات بۆ ئەو جیهانەی لە دەورییەتی , زمانێ لە کەسانی تری جیابکاتەوە و ببێتە ناسنامەی خۆیی و مۆرکی تایبەتی خۆی لێبدات .

زمانی شیعر زمانی وروژاندنی هەستە , لایەنی خودی مرۆڤی تێدا ڕەنگ دەداتەوە , زمانێکی ئەندێشەیی و خوازەییە لە سەرووی زمانی ئاساییەوەیە (عبدالواحیدمشیردزەیی:85:2011) , واتە ئەو زمانەیە کە قسەکەر(شاعیر) بە هۆی دەربڕینە جۆراوجۆرەکانیەوە هەمیشە کاریگەریی و هەستی وروژاندن لای گوێگر (خوێنەر) دروست دەکات . هەر چەندە زمانی شیعر لە زمانێکی ئاساییەوە هەڵێنجراوە , بەڵام کاتێك دەچێتە ناو پرۆسەی دەقێکی داڕێژراو ئەو کاتە دەگۆڕێ و دەبێ بە زمانێکی تر لە سەرووی زمانی ئاسایی . بە شێوەیەك زۆربەی ئەو وشە و زاراوانەی شاعیر بەکاریان دێنێ واژە و زاراوەیی ئاسایین , بەڵام شاعیر بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و ئاوازدار گیان بە بەر وشەکان دەکات و جولە و واتای نوێیان پێ دەبەخشێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:85:2011) . ئەو بایەخ پێدان و بەکارهێنانی دارشتنە جیاوازە وایکردووە شیعر لە ڕووی زمانەوە لە سنووری دیاریکراوی پەیوەندی کردنی سنووردار دەربچێ , ئەو شتانە دەربخات کە لە زمانی ئاساییدا شاردراونەتەوە , بەو پێیەی وشەکان لە شیعردا بەهایەکی

زۆرتریان هەیە , لە بەهای هەمان وشە , کاتێك لە قسەکردنی ئاسایيدا , یان لە سەر لاپەرەکانی نووسینێکی ئاسایی ئەیانبینین . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانی شیعر زمانێکی چڕ و ئاڵۆزە , پڕە لە هێما و ڕەمز و کەرەسەی مێژووی و مانای شاراوە , کە هەرجارە و هەر خوێندنەوەیەکی دەکریێ بە جۆر و شێوازێکی نویێ ڕاڤەبکرێت (محمد دلێر:81:2009) .

زمانی شیعر جگە لەوەی هۆکارە , ئامانجیشە , شاعیر هەوڵ دەدات توانا و لێهاتووی خۆی لە جوانکاری وشەکان و یاریکردن بە وشە و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت بە خۆی , وشە و زاراوە و خەیاڵی فراوان و هێما و وێنەی شیعری جوان نیشان بدات , بەلاّم دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین , کە شاعیر رەگەزی نوێ بۆ سیستەمەکان دروست ناکات , تەنیا پەیوەندی و پێکهاتەی نوێ لە نێوانیاندا دروست دەکات , بۆ نموونە لە بەکارهێنای وشەدا , هەر هەمان ئەو وشانەن لە زماندا هەن , بەلاّم لە کایەکی شیعری و ڕۆنانێکی تایبەتی وادا بەکاری دێنێت , کە واتایەکی نوێ , ئەوەی خۆی مەبەستیەتی پێدەبەخشێت , واتە دەق (دەقی شیعری) ئەرکێکی دوولایەنە لە خۆدەگرێت , لە لایەکەوە واتاکان دەنوێنێت , لە لایەکی ترەوە واتای نوێ بەرهەم دەهێنێت (جبارئەحمەد:57:2005) . وشە سەرچاوەی پێکهێنەری زمانی شیعرە و ئامرازی دەستی شاعیرە , زمانیش کۆگایەکی گەورەی وشە و ڕستە و دەربڕینی جیاجیایە , قسە پێکەرانی زمان لەیەك کاتدا ناتوانن سود لە هەمووی وەربگرن , بەڵکو وشەیەك لە نێوان سەدان وشە و ڕستەیەك لە نێوان سەدان ڕستەدا هەڵدەبژێرن بۆ دەربڕینی مەبەستەکەیان , ئەم کردارەش لە زمانی ئاسایدا خێرا و تیژتێپەرە , بەلاّم لە زمانی شیعردا شاعیر وردە کارترە لە هەڵبژاردنی وشە و ڕستە و دەربڕینەکاندا (هیمدادحسین و محەمەدعبدالکریم:18:2010) . ئەو هەموو کار و کردانەی کە شیعر خۆی پێ ئەنوێنێ لە بەکارهێنانی وشە بە مانایەکی نوێ وردتر لەو مانایەیی کە لە فەرهەنگ هەیەتی ئامانجی شاعیرە بۆ هێنانە کایەوەی وێنەیەکی هونەری جوان و هەمیشە زیندوو کە مەبەست و خوولیایی پێ ببەخشێ . زمان کۆمەڵێك ئەرکی هەیە , زۆربەی زمانەوانەکان لەوانە (یاکۆبسن) زۆر بە وردی باس لەو ئەرکانە دەکات , یەکێك لەو ئەرکانە کە ئاماژە بۆ کردووە ئەرکی ئەدەبی یان ئەرکی شیعرییە , کە تێدا ئاڕاستەی پەیام ڕووەو ناوەڕۆکی پەیامەکەیە یان ڕوو لە خودی پەیامەکەیە , واتە نێرەر گرنگی بە پەیامەکە دەدات , بە واتایەکی تر پەیامەکە خۆی لە خۆیدا دەبێتە جێی باس , بەلاّم ئەوە بەومانایە نیە کە شاعیر یان نووسەر سوود لە ئەرکەکانی تری زمان وەرناگریێ لە کاتی بنیادنانی بەرهەمێکی ئەدەبی , بەڵکو مەبەست تێدا تەنها دەرخستنی زیاتری ئەرکی ئەدەبیە , بەئامانجی گەیاندنی ناوەڕۆکی پەیامەکەیە کە مەبەستێکی شاراوەی لە پشت دایە . بەم شێوەیەش زمان ئەرکی شیعری وەردەگرێت . ئەمەش دان پیانانە بەوەی زمانی شیعر لە خودی زمانی ئاسایی دایە و بە تەواوکەری ئەو دادەنرێت . سەرەڕایی ئەمانە زمانی شیعر دوو ئەرکی سەرەکی تر دەبینێت :

ا- سیمۆلۆژییە , کە یەکە زمانییەکان واتای فەرهەنگی خۆیان ناگەیەنن , بەڵکو ئاماژە بە واتایتر دەکەن .

ب- ئیستاتیکییە , کە ئەو جوانییەی لە شێوەی گوزارشتکردندا لە هەموو ئاستەکاندا بەرهەمی دێنێت (جبارئەحمەد:58:2005) .

## 2- لادانی واتایی لە زمانی شیعردا .

لادان بریتییە لە پێشێل کردنی یاسا و ڕێسا باوەکانی زمانی ئاسایی , بە واتایەکی تر شاعیر بە زیاد کردن و کەم کردنی هەندێ یاسا و ڕێسا کە لە زمانی ئاسایی بەکاردەهێنرێن بەرهەمە شیعریەکەی بونیاد دەنێت . بەشێکی زۆری لادانە واتاییەکان زمانی شیعر دەگرێتەوە , کە دەگونجێ بڵێین لادانی واتایی تایبەتمەندیەکی زمانی شیعره , هەستی مرۆڤی دەورووژێنێ , بەمەش دەستکاری ئەو پەیوەندییە دەکا , کە لە نێوان ناو و ناولێنراو دا هەیە (عبدالواحیدمشیردزەیی:84:2011) . لادانی واتایی شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن , پەیوەندیەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە (محمدمعروف فتاح:418:2010) . واتە نەك هەر واتای سەردەم دەگۆڕێت , بەڵکو وشەکان بۆ ئەو مەبەستە بەکارناهێنرێت , کە لە کۆمەڵدا باوە و ئاساییە , بەو پێیەی لادان هێنانەکایەوەی شێواز و واتای تازەیە لە ڕێگەی بەزاندنی یاسا و بنەمای هاریکاری کە دەبێتە بار و ئەرك بۆ وەرگر , کەواتە لادانی واتایی لادانە لەو پێوەرانەی کە بەیەکەوەهاتنی یەکە فەرهەنگیەکان دیاری دەکات , یان لادانە لەو سیما واتاییانەی کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکسیك لە زمانی ئاساییدا . چۆمسکی لە کارە زمانەوانەکانیدا باس لە دوو زاراوە (توانست , چالاکی) دەکات , کە هەڵگری زانیاری زمانن , توانست بریتییە لەو زانیاریانەی کە قسەکەر دەربارەی زمانەکەی هەیەتی , بە هۆیەوە دەتوانێ بەشداری لە کردەی پەیوەندی کردن بکات و بێ سنور ڕستە بەرهەم بهێنێت و ڕستەی گونجاو لە ڕستەی نەگونجاو جیابکاتەوە , کە شاعیر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی لادانەکانەوە ئەو زانیاریانە تێك بدات و ڕستەی نەگونجاو و ناپەسند بەرهەم بهێنێت . چالاکیش بریتییە لە بەکارهێنانی توانست , تێگەیشتنی زمان و کردنەوەی کۆد کە ئەمەش دەکەوێتە سەر وەرگر بەوەی لێکدانەوەی گونجاو بۆ ڕستە نەگونجاو و ناپەسندەکان بکات تاوەکو لەگەڵ دەوروبەر بیانگونجێنێت .

مەبەست لە لادانی واتایی لە زمانی شیعردا زیاتر لادانی گۆڕانە لەو بەکارهێنانە باو و سواوەی زمان , کە ڕۆژانە بەسەر زاری خەڵکەوەن , بەمەش لادانی واتایی بریتی دەبێ لە باری نائاسایی بەکارهێنانی واتا . هەروەها ئەو جیهانە تایبەتییەی شیعر هەیەتی لە سەر بناغەی لادانی واتایی دروست دەبێت , بۆیە زمانی شیعر کێڵگەیەکی بەپیتی ئەم جۆرە لادانەیە (عبدالواحیدمشیردزەیی:84:2011) . لادانی واتایی لە زمانی شیعردا دیاردەیەکی ڕوون و بەرچاوە , کە وەکو خاسیەتێکی پەیوەست بە بونیادنانی شیعر کار دەکات بۆ ئەوەی توانا لە بن نەهاتووەکانی زمان لە بەکارهێناندا , هێنانەکایەوە وێنە و واتای نوێی سەرنج ڕاکێش بە وشەکان پیشانبدات , کە لە زمانی ئاساییدا لە نێوان گونجان و نەگونجاندا دەستە وەستان ماوە . زمانی شیعر لە ئاستی (پراگماتیك) دا لێکدەدرێتەوە , چونکە پەیوەندی هێما بە کەسی لێکدەرەوە لێکدەدرێتەوە , مەبەستی شاعیر لە شیعردا لە ڕێگای چەند هێمایەکەوە دەردەبڕدرێ و گوێگریش لە ڕوانگەی شاعیر و دەوروبەرە زمانییەکە (linguistic context) هێماکان لێکدەداتەوە (عبدالواحیدمشیردزەیی:87:2011) , وەك لەم هێلکاریەدا دەردەکەوێت :

شاعیر
گوێگر (خوێنەر) ⟵ واتا لە زمانی شیعردا
دەوروبەر (context)

زمانی شیعر بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە (محمدمعروف فتاح:401:2010) . بە پێچەوانەی زمانی ئاسایی , کە دەکرێت لە زمانی شیعردا دەستور و یاساکانی زمان دەست کاری بکرێن و تارادەیەك سنووریان بشکێنرێ , کە ئەمە جۆرە ئازادییەکی بۆ شاعیر فەراهەم کردووە , بە شێوەیەك سەر لەنوێ زمان دروست دەکاتەوە , کە لۆجیکی ئەو زمانە جیایە لە لۆجیکی زمانی ئاسایی و توانایەکی رۆحی بە وشە دەدات (عبدالواحیدمشیردزەیی:88:2011) , لە ڕێگای یاسا بەزاندن و پلەکانی لادان , کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

1- لادان لە چەندیەتی :

ئەگەر بەشداری (شاعیر) زیاد لە پێویست بێت , ئەوا ئەم لادانە لە نەزانینەوە نیە , بەڵکو بۆ مەبەستێکی قوڵتر ئەم لادانەی بەکارهێناوە , تاکو شێوازێکی کاریگەر بخوڵقێنێت .

وەك لەم دێرە شیعرە دا :

**پووش لە لای حەلوایە حەتاکو پەڵۆشەی چنگ کەوێ**

**بای ئەدا لوولی ئەدا قووتی ئەدا مانەندی حووت .** (شێخ رەزا:44:2003) .

2- لادان لە چۆنیەتی :

ئەم بنەمایە زیاتر پەیوەستە بە ڕاستی و دروستی دەربڕینەکان , لەم شێوە لادانەدا دەربڕینەکان بە شێوەیەکی نادیار و تەم ومژ دەربڕاون , وشەکان بە واتای تر بەکارهاتوون .

وەك لەم شیعرەدا :

**کەوی بێدەنگی نەوبەهارانم**

**گوڵی بێڕەنگی چاو لە بارانم .** (هێمن:215:2006)

لێرەدا شاعیر لادانی لە بنەمای چۆنیەتی کردووە , خۆی بە کەوی بێدەنگی نەوبەهاران و گوڵی بێ ڕەنگ دادەنێ , کە ئەمە لادانە لە فەرهەنگی زمان و عەقلیش ئەمە پەسند ناکات . ئەم دەربڕینە بۆ دەوروبەرێکە کە مرۆڤ بە کەو و گوڵ بچێت , کە ئەم دێرە شیعرە واتایەکی هۆشەکی هەیە .

3- لادان لە گونجان :

بریتییە لەوەی کە دەربڕینەکە یان قسەکردنەکە لەگەڵ واقیعدا نەگونجێ , دوو شتی نەگونجاو لەگەڵ یەکتر کۆبکرێنەوە , کە لە ڕووی واقیعەوە نادروست بێت و بەڵگەی دروستیەکەی لەگەڵدا نەبێت .

بۆ نموونە :

**ڕێژنەی هەتاوێ دەبینم**
**دەگەڕێ لە بستە خاکێ**
**ماچی داتێ**
**لە ئەستێرەیێ دەگەڕێ**
**ماچی داتێ**
**ماچم داتێ ؟!** (ئەنوەرمەسیفی:33:2005) .

لەم نموونەیەدا شاعیر کردەی ماچ کردنی داوەتە پاڵ هەتاو , کە ئەمەش لەگەڵ واقیعدا نەگونجاوە .

4- لادان لە شێواز :

لادانی شێواز یان یاریکردن بە شێوازە زمانییەکان , کە تێدا دەربڕینە زمانیەکان بە شێوازێکی لێڵ و تەم ومژ دەردەبڕێن , لە شێوازی زمانی ئاسایی بۆ شێوازێکی مەجازی وەك لە بەکارهێنانی وشەی فرەواتا و هاوبێژ دا .

بۆ نموونە :

**بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن**
**سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێرا ئەم کەرە .** (شێخ ڕەزا:102:2003) .

لەم دێرە شیعرەدا وشەی (کەر) ی دووەم بە ڕوونی دەرنەبڕاوە و تەم موژی پێوە دیارە , کە نازانرێ شاعیر مەبەستی لەم وشەیە کامەیە , ئایا (شیخ حەسەن) ە یان (گوێدرێژ) ە .

یان لەم دێرە شیعرەدا :

**کە جوو لە ترسا , جۆی جوو لە ترسا**
**پارسا پارسەنگ بوو , بۆ پەچە ترسا .** (پیرەمێرد:216:2009) .

لەم شیعرەدا دەبینین شاعیر بە شێوازێکی جیا وشەکانی بە کارهێناوە , بە شێوەیەك کە یاریکردن و وشە ڕازاندنەوەی تێدا بەدی دەکرێت , وشەکان بە مەبەستی جیاواز لە دێرێك دووبارە بوونەتەوە , بۆ نموونە وشەی (جوو) , کە (جوو)ی یەکەم بەواتی جوولەکە هاتووە , (جوو)ی دووەم بە واتای جوێن هاتووە .

یان :

**تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ چا نەبێ**
**هەر کەسێکی هەمنشینی چا نەبێ پێت چا نەبێ .** (حەریق :452:2004) .

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر جگە لە مانا , لە ئاوازە و مۆسیقای وشەکانی (چا) و (چاك) داهێنانێکی ڕەوانبێژی درووست کردووە .

یان :

**کەمەندی زولفی چین چینت لە ماچین عاشقان دێنێ**
**کە ئێمە تالیبی ماچین نەچین ماچینی ئیرانە .** (مەنفی:70:2004) .

لەم نموونەیەدا بە ئاشکرا هەست بەو جوانکاری و یاریکردن بە وشەکان دەکرێت , کە شاعیر لە ڕێگەی وشەی (چین) ەوە هەوڵی داوە بە شێوازێکی جیا لە زمانی ئاسایی واتا بە وشەکان ببەخشێت .

## 3- خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی زمانی شیعر .

ئوستن (J.l.austin) جیاوازی لە نێوان دوو بە کارهێنانی زماندا دەکات , ئەویش بەکارهێنانی ئاسایی (Normal use of language) و بەکارهێنانی نائاساییە (parasitic use) وەك ئەو بەکارهێنانەی کە لە زمانی شیعر و ڕۆمان و شانۆدا پیادە دەکرێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:53:2011) . لە زمانی شیعردا شێوازی دەربڕین و گوزارشت کردن لە شتەکان جیایە لە شێوازی دەربڕین لە زمانی ئاسایی , بەو پێیەی زمانی شیعر زمانێکی بارکراوە لە خەیاڵ , مەبەستەکان لەژێر پەردەی وشە لێڵ و تەمومژەکان بە شاراوەیی دەردەبڕدرێن , بە جۆرێك ئەو واتا و وێنانەی قسەکەر (شاعیر) گوزارشتیان لێدەکات جیایە لەو واتا و وێنانەی گوێگر (خوێنەر) پێشبینیان بۆ دەکات , لەم بارەیەوە رسکن دەڵێت : شیعر دەرخستنی سۆزە لە ڕێگەی ئەندێشە , واتە زمانێکی ناڕاستەوخۆیە (احمد امین:57:1983) , رسکن باس لە خوازەیی بوونی زمانی شیعر دەکات , مەبەست لە خوازەیی بوونی زمانی شیعر ئەوەیە کە دالەکان مەدلوولی جیا لە مەدلوولەکانیان لە زمانی ئاسایی دا هەیە , بۆ نموونە دالی (نێرگز) کە مەدلوولەکەی لە زمانی ئاسایی جۆرە گوڵێکە , بەلام لە زمانی شیعردا مەدلوولەکەی (چاو) ە , وەك لەم دێرە شیعرەدا دەردەکەوێت :

هەناسەم زولفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابرد و نێرگس هەر لە خەودایە . (نالی :108:2008) .

نێرگس:
- بە واتای (گوڵ) ئەو واتایەی لە فەرهەنگدا هەیەتی .
- بە واتای(چاو) ئەو واتایەیی کە لە زمانی شیعردا وەریگرتووە .

گوڵی (نێرگس) لە شێوە لە (چاو) دەچێت , ناوەڕاستەکەی زەردە و پەرەکانی دەوری سپین . ئەو جیهانە تایبەتیەی کە شیعر خاوەنیەتی , لەسەر بناغەی لادانی واتایی دروست دەبێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:86:2011) . کەواتە لادان و بەزاندنی یاسا و نائاسایی بەکارهێنانی لە زمانی شیعردا بۆتە هۆی ئەوەی زمانی شیعر زیاتر بەرەو تەمومژی و لێڵی واتایی بڕوات , بە شێوەیەك لە کاتی خوێندنەوەدا هەرچەندە خوێنەر دەقەکەی بە زمانی دایکی بێت , بەلام تێدا هەست بەوە بکرێت کە جۆرێك لە تێنەگەیشتن لەو زمانەدا هەیە .

## ١ - كردەی خوێندنەوە و تێگەیشتن :

خوێندنـەوە كردەیـەكی ئـاڵۆز و تێكچـڕژاوە , تایبـەت لـەو دەق و دەربڕاوانـەی كـە بـە هـۆی هێمـا و ڕەمـز و نیشـانەی تایبـەتی مەبەسـتەكانی تێـدا دەربـڕاوە , ئەمـە سـەرەڕایی ئـەو كارلێكـە دولایەنیـەی لــە نێــوان كەســی خوێنــەر و دەقەكــەدا هەیــە . بەشــێوەیەكی گشــتی خوێندنــەوە كردەیەكــە لە ڕێگەیەوە دەتوانین لە دەقی نووسراو بگەین , داڤید كوپر (Daived Coper) پێی وایە : تێگەیشتن لــە دەق كردەیــەكی بنیاتنــانی واتاییــە لــە ڕێگــەی وەرگرتنــی بیرۆكــەی گــرنگ و بەســتانەوەی بــە بیرۆكــەی پێشــوتر و تێــدا خوێنــەر ئاوێتــەی دەبێــت (خمــیس الجــوینی:75:1426) . كــردەی خوێندنــەوە و تێگەیشــتن پێویســتی بــە كارامــەیی و توانــا و شــارەزایی هەیــە , چــونكە لەلایــەك دەق خــاوەن تایبەتمەندیــە لــە ڕووی شــێوە و ناوەڕۆكــەوە , لــەلایكی تــر خوێنــەر خوێندنــەوە و تێگەیشــتنی جیــاوازی هەیــە بــۆ دەق بــە هــۆی گریمانــەكردن و ئــەو زانیــاری و پاشــخانەی هەیـەتی دەربـارەی بابەتەكـە . ئـەو ئـەزموون و توانـا و كارەمـەیی خوێنـەریش هـەمووی لـە پێنـاو گەیشـتنە بـە ئـەنجامێكی دروسـت و بـێ كـەم و كـوڕی , لازەر (Wolfgang lasar) خوێنـەر دابـەش دەكات بۆ دوو جۆر :

1- خوێنەری هاوچەرخ :

ئەم وەرگرەیە كە دەقەكە دەخوێنێتەوە و تێی دەگات , كە دەقی كراوە دەگرێتەوە .

2- خوێنەری نموونەیی :

ئەو وەرگرە نموونەییەیە , كە گریمانـەیی بۆ دەقی ئـەدەبی دەكـات و هـەمان كـۆدی نووسـەری هەیـە بـۆ كردنەوەی واتای گشتی كارێكی ئەندێشەیی , كە ئەم جۆرە خوێنەرە بۆ دەقە داخراوەكان پێویستە .

جۆرێكی تر دابەش كردن بۆ خوێنەر كە بریتییە لە :

1- خوێنەری نموونەیی :

توانایـەكی بـەرزی خوێنـەری دەوێـت بـۆ كردنـەوەی كـۆدەكـان , ئـەم خوێنەرانـە دەق وەك ڕواڵـەتێكی شێوازی سەیر دەكەن .

2- خوێنەری شارەزا :

فیش (Fich) چەند تایبەتمەندییەكی بۆ داناوە :

ا- دەبێت بە تەواوی شارەزایی زمانی دەق بێت و قسەی پێبكات .

ب- توانایەكی واتاسازی هەبێت بۆ تێگەیشتن .

ج- توانای ئەدەبی هەبێت (عبدالواحیدمشیردزەیی: 2013 :58-59) .


- **تێگەیشتن لە دەقی نووسراو سێ تایبەتمەندی هەیە :**

**ا- خوێندنەوە .**

**ب- بنیاتنانی واتا .**

**ج- ئاوێتەبوون .**

**کە دەکرێت لەم هێلکارییەی خوارەوە زیاتر بیخەینەڕوو** (خميس الجويني:76:1426) :




**خوێنەر کاتێك دەقێك دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەیە تێی بگات و لە هەمان کات لەو مەبەست و واتایانەش بگات کە نووسەر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەریبڕیوە , کردەی خوێندنەوە بە دوو قۆناغ دا دەڕوات :**


**1- کردەی خوێندنەوە :**

**لەم قۆناغەدا خوێنەر هەوڵ دەدات واتای بەشە جۆراوجۆرەکانی دەق بەیەکەوە گرێ بدات , کە لەم قۆناغەدا هێشتا خوێنەر نەگەیشتووە بە تێگەیشتنی تەواو .**

2– کۆتا کردەی خوێندنەوە :


لەم قۆناغەدا خوێنەر ئاوێتەی دەقەکە دەبێت , لەبەردەم کردەی تێگەیشتن دایە وەك ئەنجامێك بۆ قۆناغەکانی خوێندنەوەی پێشووتر (خميس الجوينى:1426:76–77) .

خوێنەری دەق لە یادگەیدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی زانین و تاقیکردنەوە و رەوشتی هەڵگرتووە , ئەم بیرۆکە و زانینانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر هەموو پارچەکانی دەق , ئەم ئاوێتەبوونەی کە لە ئەنجامی خوێندنەوە دەیگەینێ , وامان لێدەکات بڵێین واتا هەڵقوڵاوی کارلێککردنە لە نێوان پێشنیازی دەق و زانینی پێشتری مێشکی خوێنەر .
جیۆڤاننی (Giovannini) ئاماژە بەوە دەدات کە تێگەیشتن لە دەقدا واتە زیاد کردنی زانیاری بۆ ئەو زانیاریانەی کە هەمانە و هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش هەڵدەستین بە ئەنجامدانی لێکدانەوەی لۆجیکی بۆ دەقەکە . هەروەها ڕادە و پلەی تێگەیشتنمان دیاری دەکرێت بە پێی چەندێتی زانیاری و شارەزای پێشووترمان دەربارەی بابەتەکە , کەواتە هەرچەندە ڕادەی زانیاری و شارەزایی پێشوومان زیاتر و فراوانتربێت ئەوەندە تێ گەیشتنمان بۆ دەقەکە دروست و قووڵتر دەبێت (خميس الجوينى:1426:77–80) .
هەر لە میانەی کردەی تێگەیشتندا خوێنەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی چەند هەوڵ و چالاکیەك بۆ گەیشتن بە ئەنجام و واتا و مەبەستی کۆتایی نێو دەقەکە , کە دەکرێت بەم هێلکارییە ڕوون کردنەوەی پێ بدەین :



## ب - کردەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە :

زمانی شیعر شێوەی هەرە بەرزی زمانی سۆزە , بە پێچەوانەی زمانی زانستەکانی تر (صلاح فضل:378:1987) , زمانێکی نائاساییە , ئاڵۆز و تەم ومژە , تێکەڵ بە دنیایی خەیاڵ و هەستی تاکە کەس دەبێت . شتێکی ئاساییە کە هەموو خوێنەرێك لە زمانی شیعر تێنەگات , وێنا کردنی دیمەنەکان و لێکدانەوە و تێگەیشتنی هەمووان وەك یەك نەبێت , چونکە واتا و مەبەست لە زمانی شیعردا تەنیا لە واتای فەرهەنگی وشەکان و ریزبوونی کەرەستەکان و رێزمانی دەقە شیعریەکەوە نایەتەکایەوە , بەڵکو بەشی هەرە زۆری واتا و مەبەستەکان بە هۆی پەیوەندی کەرستە زمانیەکان لەگەڵ دنیایی فیزیکی و کۆمەڵایەتی دنیایی دەرەوە بە دەست دێت , ئەمەش وای کردووە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی و زمانی زانستەکانی تر جیاواز بێت و بیگەیەنێتە ئەو پەڕی ڕادەی ئاڵۆزی و ئاوێتەبوون . شیکردنەوە یان ڕاڤەکردن بریتییە لە خستنەڕوو و دەست نیشانکردنی بەشێکی دیاریکراو یان هەر بە شێك لە گشتدا , لە ڕێگەی پێشکەش کردنی بەڵگە و ئامرازی پێویست بۆ ئەوەی تەمومژی بڕەوێنێتەوە یان ئەو کۆسپ و تەگەرانە هەڵگرێ کە ڕێگری لە تێگەیشتن دەکەن , کەواتە شیکردنەوە ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆك و مەبەست دەگرێتەوە . هەرچی کردەی لێکدانەوەشە بە هەمان شێوە لێڵی لادەبات و واتا ڕوون دەکاتەوە , بەڵام لێکدانەوە زیاتر بوارەکانی دەقی شەرعی و یاسایی دەگرێتەوە , کەچی شیکردنەوە زیاتر لە بوارەکانی دەقی ئەدەبی و سیاسی و ڕاگەیاندندا بەکاردێت .




لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە لێکدانەوە بە دوو هەنگاوی گرنگ تێپەڕ دەبێت :

1- هانا بردنە بۆ بنەمای هاریکاری لە ئاخاوتندا , کە نەك هەر جۆری لادانەکە پیشان دەدات , بەڵکو ئەو واتایانەش دەردەخات کە لە ڕێی ئاخاوتنەوە هەڵدەقوڵێن .

شیعر نووسین و خوێندنەوە وەك ئاخاوتن و دەیان چالاکی تری کۆمەڵایەتی , کردەیەکە بە لایەنی کەمەوە دوو کەس هاوبەشی و هاریکاری تێدا دەکەن و لە ڕێگای ئەو هەرەوزیەوە دەگاتە ئەنجام , واتا و مەبەست و واتا هاوبەشەکان دەکەونە ڕوو (محمدمعروف فتاح:424:2010) , کە (گرایس) چوار بنەما دەست نیشان دەکات :

أ- بنەمای چەندیەتی (Quantity) .
بڕی زانیاری گوتنەکە دەگرێتەوە , کە دەبێ بە پێی پێویست بێت .واتە ئەوەندە کە پێویستە نە کەمتر و نە زیاد لە پێویست بێت .
ب- بنەمای چۆنیەتی (Quality) .
دەبێت دەربڕینەکان ڕاست و دروست بێت و نابێت گومانت لە ڕاستی دەربڕینەکان هەبێت و قسەکان بێ بەڵگە بن .
ج- بنەمای گونجان (Relation) .
دەربڕینەکان دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی و داوای گوێگر , نەك بابەت بگۆڕی و لە وەلام ڕابکەی .
د- بنەمای شێواز (Manner) .
دەبێت دەربڕینەکان شێوازێکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت . واتە دوور بێت لە تەمومژی و بەشێوازێکی ڕێکخراو بێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:72:2011) .

بنەماکانی هاریکاری بە دوو شێوە بەکاردێت : یەکەمیان پیادەکردنی بنەماکانی هاریکارییە , کە لە ڕێگایانەوە ئاخاوتن شێوەی نموونەی وەردەگرێت , دووەمیان لادانە لە بنەماکانی هاریکاری , کە دەربڕینەکان شێوازێکی نائاسایی وەردەگرن , تێدا دەستکاری ئەو پەیوەندیە دەکات کە لە نێوان ناو و ناولێنراو هەیە بە پێچەوانەی زمانی ئاسایی .
وەك لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت :

**لەگەڵ ڕووبار و مێروو و کەڤردا**

**لەگەڵ خەنجەر و داس و بەفردا**

**هەڵدەسمە سەرپێ .** (نەوزاد ڕەفعەت:133:2004) .

شاعیر لادانی لە بنەماکان کردووە , بڕی گوتنەکە زیاترە لە پێویست (بنەمای چەندیەتی) , گوتنەکە ڕاست نیە و ڕووبار و بەفر و داس و خەنجەر پێیان نیە , سیفەتی هەڵسانە سەر پێ بۆ شتێکە کە پێی هەبێت (بنەمای گونجان) , گوتنەکە پڕە لە تەمومژی و وشەکان بە واتای تر بە کارهاتوون (بنەمای چۆنیەتی) . خوێنەر هەر لەیەکەم خوێندنەوەی هۆنراوەکەدا پەی بەوە دەبات کە زمانی هۆنراوەکە زمانێکی ئاسایی نیە , چونکە شاعیر بنەماکانی پشت گوێ خستوە , دەبێت خوێنەر بزانێت لە ئەنجامی ئەم لادانانە ئەم شیعرە بۆ دەوروبەرێکە کە ئەم واتا و مەبەستانە بگەیەنێت .

2- لێکدانەوەی واتای وشەکان لە ڕێگای شیکارکردنیانەوە بۆ کوژاندنەوە و سڕینەوەی هەندێ لایەنی واتا و هێنانە بەر ڕۆشنایی هەندێ لایەنی شاراوە یان گرنگ .
دوای ئەوەی خوێنەر لە ڕێگای بنەماکانی هاریکاری گەیشتە ئەو ئەنجامە و بڕوایەی کە لە زمانی شیعریدا وشە و دەربڕینەکان لە باری ئاسایی خۆیان بەکارناهێنرێن , ئەمەش پاڵ بە گوێگر (خوێنەر) دەنێت بۆ ئەوەی چوارچێوە یان دەوروبەر بۆ شیعرەکە بدۆزێتەوە , ئەویش

بــه پێداچـــوونەوەی واتـــای ئـــەو وشـــە ســـەرەكیانەی دەبنـــە نیشـــانە (clue) بـــۆ كردنـــەوەی كـــــۆد و دۆزینـــــەوەی دەوروبـــــەری شـــــیعرەكە . بەمـــــەش خوێنـــــەر دەچـــــێتە قۆنـــــاغی دووەم لــە لێكدانــەوە و ڕاڤــەكردنی شــیعرەكە , كــە هــەنگاوی ڕاڤــەكردنی واتــای وشــەكانە , لــەم قۆناغــەدا خوێنــەر بــۆ گەیشــتن بــە واتــا و مەبەســتی دیــاریكراو ناچــار دەبێــت كــە چوارچــێوە یــان دەوروبــەرێكی گونجــاو بدۆزێتــەوە لەگــەڵ ئــەو واقیــع و مەنتقــەدا بگونجــێ كــە هۆنراوەكــەی تێــدا دروســت بــووە , بۆیــە پێویســتە دەكــات بەســەر واتــای وشــە گرنگەكانــدا بچــێتەوە , چــونكە بــە جۆرێــك بــە كارهــاتوون كــە لــە بــەكارهێنانی ڕۆژانــەیان جیــاوازن , ئــەم پرۆســەیەش بــە پێداچوونەوەی پێكهاتــە واتاییــەكانی وشــەكانەوە دێتــە ئــەنجام . یــەكێك لــە ڕێگــە بڵاوەكــانی لێكدانــەوەی واتــای وشــە لــە زمانــدا بۆچــوونی شــیكردنەوەی پێكهاتــە واتاییــەكانی وشــەیە . بــە پێــی ئــەم بۆچــوونە دەكــرێ واتــای وشــە كــەرت بكــرێ بــۆ پارچــەی ورد , واتــە واتــای وشــە بــە پێچــەوانەی فۆرمەكەیــەوە یــەك قــەبارەی نیــە , كــە دەكرێ هەڵبوەشــێتەوە , بــەڵكو پێكهــاتووە لــە چــەند سیمایەك كــە خۆیان كەرت نابن (محمدمعروف فتاح:2010:426-427) .

بۆ نموونە وشەكانی( پیاو , ژن , كوڕ) بە لێكدانی ئەم سیمایانە دێتە دروست بوون .

وەك :

پیاو
+ مرۆڤ
+ هەراش
+ نێر

ژن
+ مرۆڤ
+ هەراش
– نێر

كوڕ
+ مرۆڤ
– هەراش
+ نێر

كــە وشــەی (پیــاو) بــە سیمای (–نێــر) لــە وشــەی (ژن) جیادەكرێتــەوە , بــە سیمای (–هــەراش) لــە وشــەی (كــوڕ) جیادەبێتــەوە . بــەڵام وشــە لــە ئــەنجامی بــەكارهێنان هەنــدێ ســیمای تــر وەردەگــرن كـــە لاوەكـــین و لـــە خـــودی واتـــای وشـــەكەوە هەڵنـــەقولاون , بـــەڵكو ســـەپاندوێتی بەســـەریدا (محمـــدمعروف فتـــاح:2010:427) , كـــە بـــە پێـــی كـــەس و كـــات و كۆمـــەڵگا دەگۆڕێـــت و تێكــەڵ بــە هەســت و ســۆز و دەروون و بۆچــوونی قســەكەر دەبێــت . هــەروەها خــاوەنی ســنورێكی دیـــاریكراوی داخـــراو نیـــە , لاكـــانی كراوەتـــەوە هـــەروەك چـــۆن زانیـــاری و بیروبـــاوەڕ بەرامبـــەر دونیا لاكانی كراوەتەوە و هەمیشە لە زۆر بووندایە (محمدمعروف فتاح:2011:162) , هــەر بۆیــە پەیوەنــدی بــە فەرهەنگــەوە نیــە و كۆمــەڵ بڕیــاری لەســەر دەدات و واتــای تــری لــێ باردەكــات , كــە دەچــێتە قــاڵبی پراگماتیك و لەو بوارە لێكدانەوەی بۆ دەكرێت .

## 4- ئەندازەی تێگەیشتن لە زمانی شیعردا .


شیعر بەرهەمێکی فرەواتایە , هەمیشە بواری فرەلێکدانەوە و فرەتێگەیشتن بە خۆوە دەگرێت , بۆیە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت . لێکدانەوەکانیش بە پێی زانیاری و شارەزایی کەسەکان دەگۆڕێت , مەرجیش نیە هەموو کەسەکان هەمان تێگەیشتنیان بۆ شیعرەکە هەبێت . چونکە ڕادەی تێگەیشتن بەندە بە بڕی ئەو زانیینە پێشینەیەی کە خوێنەر هەیەتی , بەم پێیە تا ڕادەی زانینمان زیاتر بێت ئاستی تێگەیشتنمان قوڵتر دەبێت .
شیعر دەربڕینێکی نائاساییە و لە دەوروبەر و ژینگەیەکی تایبەتدا بەرهەم دێت , کە زۆرجار بە کاریگەری ڕووداو و ڕەهەندەکانی ژیان , شاعیر ئەو بارودۆخە دەخوڵقێنێ . زمان کەرەستەی دەستی شاعیرە و شیعر لە زمانی ئاسایی دەهۆنێتەوە , بەڵام لە زمانی ئاسایی ناکات هەرچەندە زۆربەی وشە و دەستەواژەکان ڕۆژانە بەسەر زاری خەڵکەوەن , بەڵام پێویستی بە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە هەیە , چونکە لە زمانی شیعردا هەوڵ دەدرێت وشەکان زۆرترین واتا و مەبەست بگەیەنێن بە پێچەوانەی زمانی زانستەکانی تر . ئەم پێڕەوەش کاتێك بوونی دەبێت کە شاعیر وشەکان دەخاتە چوارچێوەی شیعرەوە لە یاسا و ڕێساکانی زمان لادەدات و جگە لە سیمای سەرەکی و واتای فەرهەنگی , واتای نوێیان پێدەبەخشێت , بەمەش زمانی شیعر جوغزێکی تر وەردەگرێت کە جیاوازە لە دەربڕینە ڕووت و ئاساییەکان . ئەمەش ئەندازەی تێگەیشتنی لە زمانی شیعر ئاڵۆز و قورستر کردووە , جا بۆ ئەوەی مرۆڤی ئاسایی بە واتا و مەبەستەکانی نێو شیعر ئاشنابێت ئەوا دەبێت ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دروست و وردی بۆ بکرێت . لە شیعردا واتا لە دوو ڕوانگەوە بە دەست دێت , کە ئەویش هەریەکە لە (شاعیر و خوێنەر) ە .

مەبەستی شاعیر

واتا لە دەقی شیعریدا ← لێکدانەوەی خوێنەر

(ئەو واتا زیادەی لە تێگەیشتنی خۆی دەیخاتە سەری)

کەواتە ئەندازەی تێگەیشتنمان بۆ دەقێکی شیعری جیاوازە بە پێی جیاوازی گوێگر یان خوێنەر یان ئەو کەسەی لێکدانەوە بۆ واتا و مەبەستەکە دەکات , چونکە شیعر بۆ بۆنە و مەبەستێکی تایبەت دەربڕاوە , ئاساییە لێکدانەوەی جیا و دژیەکی تیابەدی بکرێت . ئەمە سەرەڕایی تێبینی کردن و ئاگاداربوون لەو بارودۆخەی دەقە شیعریەکەی تێدا هاتە بەرهەم , بەو پێیەی بۆ بەشێکی واتاکەی پشت بەو دەوروبەرە دەبەسترێت . بە شێوەیەکی گشتی بۆ دۆزینەوە و تێگەیشتن لە واتای دەقێکی شیعریدا دەگەڕێنەوە بۆ دوو جۆر واتا ئەوانیش (واتای سیمانتیکی) کە لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکان وەریان دەگرین , (واتای پڕاگماتیکی) کە واتایی کۆمەڵایەتی دەربڕین دەگرێتەوە ئەویش لە دەوروبەر وەریدەگرین .




دۆزینـــەوەی مەبەســـتی شـــاعیریش ئـــەرکی رەخنـــەگر و زمانەوانانـــە , تـــاکو ناوەڕۆکەکـــەی شـــیبکەنەوە و مەبەســـتی شـــاعیر بخەنـــە ڕوو , ئەمـــەش کـــارێکی ئاســـان نابێـــت و واتاکـــەی کـــە بـــە دەســـت دێـــت ڕاســـتیەکی ڕێـــژەیی هەیـــە نـــەك ڕەهـــا , چـــونکە نـــاتوانرێ مێشـــکی شـــاعیر بـــەوردی بخوێندرێتـــەوە هـــەر بۆیـــەش ئـــەم لێکدانەوانـــە دەچـــێتە خانـــەی بۆچـــوون , بـــەڵام لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بەڵگـــەی ڕاســـتی لێکدانـــەوەکان بـــە پێـــی پێویســـت دەخرێتـــە ڕوو . شـــاعیران مامەڵەیەکـــەی تایبەت لەگەڵ وشە دەکەن و بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاری ناهێنن , کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و درەنگ تێگەیشتن لە زمانی شیعردا , هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ :

## 1- تەمومژ و لێڵی لە زمانی شیعردا .

لـــە شـــیعردا شـــاعیر هـــەوڵ دەدات توانـــا و لێهـــاتووی خـــۆی لـــە جوانکـــاری وشـــەکان و یـــاریکردن بە وشە و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت بە خۆی لە هۆنینەوەی بیر و هەستەکانیدا دەربخات , بە دوای وشـــە و دەســـتەواژەی وادا بگـــەڕێ کـــە بارگـــاویکراو بێـــت بـــە هەســـت و ســـۆز ورووژانـــدن , ئـــەویش بـــە مەبەســـتی کاریگـــەری کردنـــە ســـەر بەرامبـــەر و دروســـتکردنی وەڵامێکـــی ویـــژدانی لای خوێنـــەر . کەواتـــە شـــیعر بەرهـــەمی خـــودی تاکەکەســـە و پەیوەنـــدیی بـــە مەبەســـتی شـــاعیرەوە هەیـــە , زمـــانی شـــیعر زمـــانێکی ئـــاڵۆز و تەمومژاوییـــە و لـــە زمـــانی ئاســـایی ناکـــات , واتـــە زمـــانێکی لێڵـــە و پێویســـتی بـــە ڕوونکردنـــەوە هەیـــە , بۆئـــەوەی لـــە لێڵـــی شـــیعر بگـــەین دەبێـــت بگەڕێینـــەوە بـــۆ لێڵـــی لـــە زمانـــدا , کـــە دەربڕینێکـــە زیـــاتر لـــە مانایـــەك دەبەخشـــێ , هـــەردوو ئاســـتی وشـــە و ڕســـتە دەگرێتـــەوە . بـــۆ نموونـــە لـــەم دەقـــە شـــیعرەی شـــێخ ڕەزا وشـــەی (کـــەرە) لێڵـــی دروســـت کـــردووە نازانرێ بۆ کەرەی (زبدە) دەگەڕێتەوە یان (گوێدرێژ) :

گەرچی هەژار و مـوفلیسە شێـخ مـامە سـاڵحـــم
نـــــەمدی کـەسێ وەك ئـەو ســـاحێبی کـــــــەرەم
میوانی بـــــووم نـــــان و کەرەی نایە بەردەمـــــم
ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کـەرەم . (شێخ ڕەزا: 73:2003) .

2- **قورسی هەندێ وشە و نامۆیی لای خوێنەر .**

زمـانی شـیعر زمـانێکی ئاسـایی نیـە , بـەڵکو زمـانێکی داهێنـراوە و شـاعیریش ئـازادە لـە هەڵبـژاردنی وشـە و ڕسـتە و دەسـتەواژەکان , بۆیـە ئاسـاییە کـە هەنـدێ وشـە و دەسـتەواژە نـامۆبن لای خوێنـەر و گـوێگر , کـە لـەو سـەردەمە یـان لـە زارەکـەی بـەکارهێنانیان نـەبێت , یـان هەنـدێ وشـە لـە بـەر پێویسـتی شـیعری گۆرانکاریـان بەسـەردا کرابێـت , کـە بـە ئاسـانی درکیـان پـێ ناکرێـت و تێگەیشـتن لێیـان کـارێکی زەحمـەت بێـت , بـۆ نموونـە هەنـدێ وشـەی وەك ( فـەراز , نەشـیب , قیسـە ) دەبیـنین نامۆیـە لـەم ڕۆژگـارەی ئێسـتادا و بـەکارهێنانیان نیـە , هـەر بۆیـەش درك پێکـردن و تێگەیشـتن لـە واتاکانیان کارێکی ئاسان نیە , هەروەك لەم دێرە شیعرەی (شێخ رەزا) دا بەدی دەکرێت :

**بـێ فەراز نـابێ نەشیب ئـەم قیسە تەحقیقە وەلـێ**

**من لە ڕێی عەشقی تۆ نەمدی بەخوا غەیری نەشیب .** (شێخ رەزا:43:2003) .

**فەراز** : شوێنی بەرز .

**نەشیب** : شوێنی نزم و پەست .

3- **پچڕانی دەوروبەر .**

یـەکێکی تـر لـە هۆکارەکـانی درەنـگ تێگەیشـتن لـە زمـانی شـیعردا پچڕانە لـە دەوروبـەر , بـەو پێیـەی لـەدەرەوەی ئـەو هەڵوێسـت و ژینگەیـەی کـە دەقـە شـیعریەکەی لێهاتـە بەرهـەم ناتوانرێـت پێشـبینی واتـا و مەبەسـت بکرێـت . دەوروبـەر ئـەو چوارچێوە زمـانی و نازمانیەیـە کـە دەربڕینـەکانی تێـدا ئـەنجام دەدرێـت , کاریگـەری بەسـەر واتـاوە هەیـە و زۆرلایـەنی شـاراوەمان لـە دەقـدا بـۆ ڕوون دەکاتـەوە . واتـە پچـڕان لـە دەوروبـەر هۆیەکـە بـۆ دروسـت بـوونی تەمومـژی و سـەرئەنجام تێنەگەیشـتن لـە زمـانی شـیعردا . کەواتـە نـاتوانین لـە مەبەسـت و واتـایی وشـە و دەسـتەواژەکانی دەقێکـی شـیعری تـێ بگـەین کاتێـك تەمومـژی تێـدا دروسـت بێـت و پچـڕابێت لـەو دەوروبـەرەی تێیـدا دەربـڕاوە , چـونکە بـە کارهێنـانی زمـان زۆرجـار بـۆ ئامانجێکـە لەگـەڵ واتـا فەرهەنگیکـەی یـەك ناگرێتـەوە , وەك ئـەوەی هەنـدێك جـار بـە مەبەسـتی ڕازیکـردن یـان کاریگـەری کردنـە سـەر بیروباوەڕ یان بۆ سەر لێشێواندن بەکاردێت (عبدالواحیدمشیردزەیی :29:2009) .

بۆنموونە لەم دێرە شیعرەی کوردی شاعیر دا :

**عەبەس کوردی مەلائێك دین دەپرسن مەزهەب و دینت**

**کە ( قـادر ) خۆی دەزانێ , لەسەر کام مەزهەب و دینـم .** (کوردی :643:2009) .

لەبـەر ئـەوەی ئـەم دێـرە شـیعرە لەدەوروبـەر پچـڕاوە وشـەی (قـادر) جـۆرە لێڵیـەکی تێـدا بـەدی دەکرێت , کە نازانرێت نـاوی (قادر) دەگەڕێتـەوە بۆ ئـەو (تەریقـە) ی شاعیر خۆی لەسـەری بـووە , یـان

(شێخ عبدالقادری گەیلانی ) یە , یان مەبەستی زاتی (خوا) یە , یان ئەو (قالە) یە کە لەشیعرەکانی باس کراوە (عبدالواحیدمشیردزەیی :91:2011) .

## 4- نائاسایی واتا لە زمانی شیعردا .

ڕستەسازی پەیوەندی هێمایە بە هێما , کاتێك وشە لێکدراوەکانی سنوری ڕستە یان گوتن ڕستەیەکی پەسندیان داینێ , ئەوا پێی دەووترێ (واتای ئاسایی) کە لەسەر دوو بنەما کاردەکات (ڕێزمانی ڕستە , پەسندی واتایی) , کە بەشێك لە واتای ڕستە لە ڕۆنانی سینتاکسیەکەی دایە . بەزاندنی پەیوەندی ئاسۆیی لە سنوری ڕستەدا ئەوا (واتای نائاسایی) دێنێتە کایەوە , کە لە ڕووی واتاوە پەسند نیە , چونکە وشەکان مەرجی ڕێکەوتنیان تێدا نیە , بەمەش شیکردنەوەی واتاکەی پابەند دەبێ بە واتای دەربڕاوی قسەکەر نەك واتای ڕووتی وشەکان و شیکردنەوەش دەکەوێتە ئەستۆی (پراگماتیك)ەوە (عبدالواحیدمشیردزەیی:2010 :124-126 ) , واتایی پراگماتیکی واتایەکی نائاساییە و پابەندی (بنەما) و (چالاکی) یە و یاسا دەبەزێنێ بۆ واتایەکی قوڵتر , تا لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ ڕستە ناپەسندەکان بکرێت , بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەری گوتنەکە بگونجێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:47:2011) .

- **واتایی نائاسایی دوو جۆرە :**

1- **هەڵئاوسانی واتایی** (Semantic redundancy) .

لە ئەنجامی ئەوە دروست دەبێت کە کەرەستەکان واتای دووبارەیان تێدابێت و بەمەش دەچێتە خانەی زیادەڕۆیی (عبدالواحیدمشیردزەیی:47:2011) .

وەك :

**دڵۆپی فرمێسك لە چاوت تکا**
**بەو فرمێسکەی تۆ خوا عەفوم ئەکا** (پیرەمێرد:256:2009) .

ئەم دەربڕینە هەڵئاوسانی واتایی تێدا بەدی دەکرێت , چونکە فرمێسك خۆی لە چاو دێتە خوارێ و پێویست ناکات باس بکرێت , لادانیشی هیچ واتا ناگۆڕێت .

وەك :

**فرمێسکی دەهاتە خوارێ .**

2- **پێکدادانی واتایی** (Semantic clash) .

لەم جۆرەدا واتای کەرەستەکان لەگەڵ یەکتردا ڕێك ناکەون , پێکدادان لەچەند پلەیەکی جیاواز دەبینرێ (محمدمعروف فتاح:420:2010) , کە لە کەمەوە بۆ زۆر بەم جۆرە ڕیز دەبن :

ا- ناتەبایی ( Inconvenient ) :

هەڵبــژاردنێکی هەڵــەی وشــە هاوواتاکانــە , کــە هاوڕێیــەتی و بەیەکــەوەهاتنی یــەکیان زیــاترە بــۆ نموونــە (قــۆز) و (جــوان) هاوواتــان لــە واتــای هۆشــەکی دا , بــەڵام ناتــەبان و هەریەکــەیان لەگــەڵ ناوێـك دەگونجـێ وەك (قـۆز) بەیەکـەوەهاتنی لەگـەڵ (کـوڕ)ە و لەگـەڵ (کـچ) ناتابایـە , کەچـی (جـوان) لەگەڵ (کچ) دێت و لەگەڵ (کوڕ) ناتەبایە (عبدالواحیدمشیردزەیی:48:2011) .

ب- دژیەك ( Antonymy ) :

لـە پلـەی ناتـەبایی زیـاترە , لـە ئـەنجامی بەیەکـەوەهاتنی دوو وشـەی دژیـەك دروسـت دەبێـت , لێـرەدا واتاکــان دژی یــەکتری دەوەســتن وەك ئــەوەی یــەکێکیان ئــەویتریان بــەتاڵ بکاتــەوە و لــە واتــای بخات (محمدمعروف فتاح:421:2010) .

وەك لەم دێرە شیعرەدا هاتووە :

**هەرچەندە کە عومری خدر و جامی جــەمت بوو**

**چونکە ئــەمــەلت زۆرە چ عومرێکی کـــەمت بوو** . (نالی:81:2008) .

لێـرەدا شـاعیر لـە نیـوە دێـری یەکەمـدا تەمـەنێکی زۆر بـە کەسـی بەرامبـەر دەدات , بـەڵام لـە نیـوە دێـری دووەم باس لەوە دەکات کە تەمەنێکی کورتی هەبووە , کە ئەمەش دژیەکی دروست کردووە .

ج- نەگونجان ( Incompatability ) :

بــەرزترین پلــەی بەیەکــدادانی واتاییــە , چــونکە زۆر بــە زەحمــەت وەرگــر پەیوەنــدی واتــایی بــۆ دەدۆزرێتــەوە (عبدالواحیدمشــیردزەیی:48:2011) , واتاکـــان زیـــاتر لـــە ســـیمایەکدا لەگـــەڵ یـــەکتردا ڕێك ناکەون (محمدمعروف فتاح:420:2010) .

وەك لەم دێرە شیعرەدا :

**خۆشەویستم !**

**بوو بە ساڵێ ,**

**چاوت دەستی چاوەکانی نەگوشیوم** . (عبدوڵڵاپەشێو:182:2008) .

لـەم نموونەیـدا وەرگـر بـە بـێ ئاگاداربوون لـەو دەوروبـەرەی ئـەم دەقـەی لێهاتـە بەرهـەم , زۆر بـە زەحمـەت پەیوەندی واتایی لە نێوان یەکە زمانیـەکان بۆ دەدۆزرێتـەوە , چونکە جۆرێك لـە ڕێك نەکـەوتن لـە نێـوان کەرستە زمانیەکان دا هەیە .

## 5- دەوروبەر و قۆناغەکانی شیکردنەوەی پراگماتیکی .

بۆ دۆزینەوەی دەوروبەری هەر دەربڕینێك یان هەر دەقێکی تر سەرەتا پێویستمان بە دەوروبەرە زمانیەکە دەبێت , کە زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە , هاوکارمان دەبێ بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەستی دیاریکراو . ئاشکرایە دەوروبەر ئەو چوارچێوە فراوانەیە کە دەست نیشانی واتا و مەبەستی دەربڕین دەکات , بە شێوەیەك کاتێ هەر دەربڕینێك دوور لە قسەکەر و گوێگر و ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەربڕاوە سەیری بکرێت , ئەوا بە زیاتر لە واتایەك خوێندنەوەی بۆ دەکرێت . واتە ئەگەر دوور لە بەکارهێنانەوە مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێت ڕەنگە واتا و مەبەستێك بگەیەنێت , بەلام ئەگەر بە پێی بەکارهێنان و دەوروبەرەوە سەیری بکرێت واتا و مەبەستێکی تر دەگەیەنێت . دەوروبەر بە پێی چەند ڕەگەز و بنەمایەك کاردەکات , پرۆسەی دۆزینەوەی دەوروبەریش بە دەست نیشان کردن و دۆزینەوەی ئەو ڕەگەز و بنەمایانە دەست پێدەکات , کە دەتوانین لە ڕێگەی هەریەکێکیان نەخشە ڕێگای گەیشتن بەو دەوروبەرە بکێشین کە دەربڕینەکەی تێدا ئەنجام دراوە . بۆیە لە دەست پێکی پرۆسەی شیکردنەوەی پراگماتیکی دەبێت بەلایەنی کەمەوە وەلامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە :

- قسەکەر کێیە ؟
- وەرگر یان گوێگر کێیە ؟
- بەشداربووان کێن ؟
- بابەتەکە چییە ؟
- مەبەست چیە ؟ چۆن شتێك دەڵێین و مەبەستمان شتێکی ترە ؟
- چۆن لێڵی و تەمومژی لە کردەی پەیوەندی کردن دەڕەوێنینەوە ؟
- دەربڕینەکە کەی و لە کوێییە ؟

بۆ ئەوەی واتایەکی تەواو ورد و دروست وەرگرین پێویستە لە چوارچێوە تەسکەکەی دەوروبەر دەربچین بۆ دەوروبەری دەروونی و کۆمەلایەتی و کەلتوری و ئەندێشەیی ...هتد . بۆ شیکردنەوەی دەق پێویستمان بە چوار جۆرە دەوروبەر دەبێت لە ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستەکاندا :

1- دەوروبەری کات و شوێن و ناسنامەی ئاخێوەران : کە چوارچێوەی مادی و کات و شوێن دیاری دەکات .
2- دەوروبەری پراگماتیکی : کە ڕیزبەندی کردە زمانیەکان دەگرێتەوە وەك پێشنیاز و ڕەتکردنەوە و پراکتیزەکردن ....هتد .
3- دەوروبەری کارلێککردن : مەبەست ڕیزبەندی کردە زمانییەکە لە پارچەیەکی تێکچڕژاو .
4- دەوروبەری دەرکەوتە : بۆچوون و بیروباوەڕی ئاخێوەران دەگرێتەوە (عبدالواحیدمشیردزەیی:143:2013) .

لە کاتی شیکردنەوەی هەر دەربڕینێکدا پێویستە هەندێ لایەن لە بەرچاو بگیرێت وەك :

1- جۆری دەربڕینەکە .

2- بابەتی دەربڕینەکە .

3- مەبەستی دەربڕینەکە .

4- بۆنە و باری دەربڕینەکە .

5- بەشداربوانی دەربڕینەکە .

6- شێوە و جۆری پەیامەکە .

7- ناوەڕۆکی پەیامەکە .

8- ئەو چەمکانەی لە کاتی شیکردنەوە پشتیان پێدەبەسترێت .

## قۆناغەکانی شیکردنەوەی پڕاگماتیکی .

1- دیاریکردنی بەشداربوانی کردەی دەربڕینەکە و دەست نیشانکردنی پەیوەندی نێوانیان ئایا خۆشەویستییە , هاوڕێیەتییە , دوژمنایەتیە , ئاساییە ...هتد . ئەمەش لە ڕیگەی نیشانکارەکانەوە ئەنجام دەدرێت .

2- دیاریکردنی کات و شوێنی دەربڕین و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ....هتد . کە لە ڕێگەی نیشانکارەکان ئەنجام دەدرێت .

3- دیارخستنی شێوەی پەیام وەك ئەوەی گوتارێکی ویژدانیە , فەلسەفیە , سیاسیە .

4- دیاری کردنی مەبەست .

5- خستنەڕووی گریمانە پێشەکییەکانی نووسەر .

6- دیاریکردنی پوختەیەکی کورت لە پەیام و مەبەستی نووسەر لە ڕێگەی دەرکەوتەکان (عبدالواحیدمشیردزەیی:2013:144) .

## 6- دۆزینەوەی دەوروبەر و شیکردنەوەی پراگماتیکی .

### یەکەم / نیشانکارەکان .

**ا - نیشانە کەسیەکان و دۆزینەوەی ناسنامەی بەشداربوان :**

پرۆسەی بونیادنانی شیعر و خوێندنەوەی شیعر وەك کردەیی ئاخاوتن و دەیان چالاکی کۆمەلایەتی تر , کردەیەکە کە بەلایەنی کەمەوە دوو کەس هاوبەشی و بەشداری تێدا دەکەن , کە ئەوانیش نێرەر و وەرگرە . سەرەڕایی نێرەر (قسەکەر) و وەرگر (گوێگر) هەندێ جار کەسانی تریش بەشداریی کردەکە دەکەن وەك : کەسی سێیەم یان کەسانی سێ یەم بۆ نائامادە , لە هەندێ باری تردا گوێهەڵخەریش دێتە ناو باری دەربڕینەکە , کە دەبێت لە باری وادا گوێگری راستەقینە و ناڕاستەقینە لە یەکتری جیابکەینەوە , ئەوسا گوێگری راستەقینە بەو کەسە دەوترێ کە نێرەر (شاعیر) هەڵی دەبژێرێ بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی (عبدالواحیدمشیردزەیی:103:2011) .

لە پراگماتیکدا کۆمەڵێك ئامرازی پراگماتیکی هەیە , کە مەبەست لێیان ئەو نیشانە زمانیانەن , کە زمان و دەوروبەر بە یەکتری دەبەستنەوە , یەکێك لەو ئامرازە پراگماتیکیانە , نیشانە کەسیەکانە (person deixis) , کە بۆ قسەکەر و گوێگر و ئامادەبوان دەگەڕێتەوە , تێدا لەو دەوروبەرە زمانیە ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە هاوبەشن لە کردەی دەربڕینەکە بەم شێوەیەیی خوارەوە :

1- کەسی یەکەم بۆ نێرەر (قسەکەر)ە , کەسی دووەم بۆ وەرگر یان گوێگرە کە (کەسێك , شتێك)ە , کەسی سێیەم بۆ (نائامادە) یە .

بۆ نموونە لەم شیعرەدا :

**کێ دێ گلم بداتەوە ؟**
**کێ دێ لە تۆم بڕفێنێ ؟**
**تۆ نەبیت , لەم دنیایەدا ,**
**بێ پەنایەکی وەك من**
**چ خە مخۆرێك داڵدەی دەدا ؟** (عبدوڵڵاپەشێو:96:2008) .

کەسی یەکەم : (من) قسەکەر , شاعیر .
کەسی دووەم : (تۆ) یار .
کەسی سێیەم : (کێ, چ) نائامادە .

جێگەی ئاماژەپێدانە کە کەسەکان دەگۆڕێن , تەوەری ئامـاژەکردن بەخێرایی لە هاوبەشێکەوە بۆ یەکێکی تر دەڕوات .

بۆ نموونە :

**سەلامی من لەسەر تۆ بێ بە سەد نەوع و بە سـەد عینوان**
**فەقێ ئـامینە سووتـاوم لە دووری تۆ بـە سـەد قوربـان .** (حەسەن و ئامینە:621:2004) .

کەسی یەکەم : من , شاعیر( قسەکەر) , رەگەز نێر .
کەسی دووەم : تۆ , یار(گوێگر) , رەگەز مێ .

کەچـی لـەم نموونەیـەدا کەسـەکان دەگـۆڕێن تـەوەری ئامـاژەکردن لـە هاوبەشـێکەوە بـۆ هاوبەشـێکی تر دەڕوات .
وەك :

**سـەلامی یـاری ئاوارە لـە بەندەی تۆقی سوڵتانی**
**بەدەستی من گەیی قوربان لە وەختی دڵ پەرێشانی .** (حەسەن و ئامینە:622:2004) .

کەسی یەکەم : من , یار ( قسەکەر) , رەگەز مێ .
کەسی دووەم : تۆ , شاعیر(گوێگر) , رەگەز نێر .

هـەروەها لـە دەسـت نیشـانکردنی کەسـەکان دەبێـت گـوێگری ڕاسـتەقینە و ناڕاسـتەقینە جیابکەینەوە , گوێگری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە قسەکەر هەڵیدەبژێرێ بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی .
وەك :

**میر بـەسـەد میننەت هـەناردی ئێستڕێکی ڕووت و قـووت**
**دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەر وەك عەنکەبووت .** (شێخ رەزا:44:2003) .

کەسی یەکەم : قسەکەر (شاعیر) .
کەسی دووەم : گوێگری ڕاستەقینە (میر) .
کەسی سێیەم : گوێگری ناڕاستەقینە (خوێنەر) .

نموونەیەکی تر :

**تۆ کەم نەزەری دەرحەقی من ئێستەکە ئـاغـا**
**من ماوە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا .** (شێخ رەزا:34:2003) .

کەسی یەکەم : قسەکەر من (شاعیر) .
کەسی دووەم : گوێگری ڕاستەقینە (تۆ) ئاغا .
کەسی سێیەم : گوێگری ناڕاستەقینە (خوێنەر) .

2- کاتێ کەسەکان بە ناوی کۆ یان جێناوی کۆ دەرخرابن , دەتوانین ژمارەیەکی زۆر لە کەس جیابکەینەوە .

وەك :

منداڵەکان ,

کتێبەکانتان وەلانێنن !

کاغەزێك و هەندێك قەلەم

لە بەردەمی خۆتان دانێن . (عبدوڵلاپەشێو:182:2008) .

کەسی یەکەم : قسەکەر (شاعیر) .

کەسی دووەم : گوێگر (منداڵەکان ) کە پێکهاتووە لە (منداڵ + منداڵ + . منداڵ .....هتد ) .

3- لە نیشانە کەسیەکاندا دەبێت ئێمە (قسەکەر) لەگەڵ سەرچاوە و (گوێگر) لەگەڵ ئامانج لەیەك جیابکەینەوە (عبدالواحیدمشیردزەیی:103:2011) .

بۆ نموونە :

گوتی : کەرە گیان , گوێ گرە ,

ئەو دەنگە دەنگی ڕێگرە ! (عبدوڵلاپەشێو:134:2008) .

ئەم دەربڕینە هی قسەکەر (دێوەر) ە نیە , بەڵکو هی خودی شاعیرە کە سەرچاوەیە , گوێگریش (گوێدرێژ) مەبەست نیە , بەڵکو مەبەست (ئامانج) ەکەیە , کە خوێنەرە .

بەم شێوەیە :

قسەکەر : دێوەرە .

سەرچاوە : شاعیر .

گوێگر : گوێدرێژ .

ئامانج : خوێنەر .

4- ئاماژە بۆ کەسەکان دەکرێت لە ڕێگەی هەندێ نیشانەی کەسی وەك نازناو و ناوی خزمایەتی و ناوی تایبەتییەوە بکرێت , کە هەندێکیان بۆ بانگکردن و هەندێکیان بۆ ئاماژەکردن بە کاردێن .

وەك :

ئەم سەگانە کە لە لای ئێمە وەزیر و کەلان

بێنە لای تۆ بە خودا نایکەیە گاوان و شوان . (حاجی:74:2007) .

کەسی یەکەم : ئێمە (من+من+من.....هتد) , قسەکەر .

کەسی دووەم : تۆ , گوێگر .

کەسی سێیەم : وەزیر , سەگ , گاوان , شوان (نائامادە) .

نموونەیەکی تر :

**هەر وەکو بیستوومە بەینێکە لە ئەم بەر ئەم بەری**
**بۆ مەلای مزگەوتی سوور وا چاکــە تۆ بی لەو بەری .** (حەریق :453:2004) .

کەسی یەکەم : (م : ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك) قسەکەر .
کەسی دووەم : تۆ (مەلا) گوێگر .

نموونەیەکی تر :

**ڕووم کــردە بــەزمــی خـــاسی بــرازا ئەزیزەکەم**
**ئەمشەو بەسەد تەوازوع و ئیخلاس و ســــەرکزی .** (شێخ ڕەزا: 108:2003) .

کەسی یەکەم : (م : ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك) , قسەکەر .
کەسی دووەم : برازا , گوێگر .

نموونەیەکی تر :

**ئەریٚ ئەی هونەرمەند تۆ یاری قــەدیمی**
**تۆی لە بۆ خوسرەوان شایانی نــــەدیمی .** (شێخ ڕەزا: 108:2003) .

کەسی یەکەم : قسەکەر (شاعیر) .
کەسی دووەم : هونەرمەند (گوێگر) .

نموونەیەکی تر :

**حەمەی وەستا فەتـاح سەد بارەکەڵلا لەم سەر و ڕیشە**
**کــە گوێدرێژیٚ بە تەنها چۆن ئەبــا ئــەم بارە قــامیشە .** (شێخ ڕەزا: 96:2003) .

کەسی یەکەم : قسەکەر (شاعیر) .
کەسی دووەم : حەمە (گوێگر) .
کەسی سێیەم : وەستافەتاح (نائامادە) .

نموونەیەکی تر :

**مامەکەم قەحپەژنە دەوڵەتی شــەددادی هەیە**
**تــالعی ڕاهبەر و بــەختی خــــودا دادی هــەیــە .** (شێخ ڕەزا: 87:2003) .

کەسی یەکەم : (م ) قسەکەر (شاعیر) .
کەسی دووەم : مام (گوێگر) .

**ب – دۆزینەوەی کات :**

بۆ دۆزینەوەی کات لە دەقی شیعری یان لە هەر دەربڕینێکدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئامراز و نیشانە زمانیانەی کە کات (time) نیشان دەدەن . کات ڕۆڵ و گرنکی خۆی هەیە لە دیاریکردنی ئەو دەوروبەرەی کە دەربڕینەکەی تێدا ئەنجام دراوە ، چونکە دەربڕینەکان پابەندی ئەو کاتانەن کە تێیدا دەردەبڕدرێن . بەمەش بوونی هەر زانیاریەك سەبارەت بەکاتی دەربڕینەکە ئاڕاستەمان دەکات ، بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەستی دیاریکراو .

سەرەتا پێویستە جیاوازی لە نێوان سێ جۆر کاتدا بکەین : تایم کاتەکانی (ڕابردوو ، ڕانەبردوو) دەگرێتەوە ، تێنس کاتەکانی (ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، ئێستا) دەگرێتەوە نەك داهاتوو ، هەرچی ئەسپێکتە ئەمەیان پەیوەندی بە مۆدالێتیەوە Modality هەیە ، چونکە قسەکەر کار و ئاوەڵکار بەکاردێنێت بۆ دەربڕین لە دەوروبەرێکی دیاریکراو . (دوتی) پێی وایە لە ڕێگای ئەسپێکتەوە جیاوازی لە نێوان سەرەتای بار و بەردەوام بوون لەگەڵ ڕاپەڕاندنی کار دەکەین ، (کۆك) پێی وایە ئەسپێکت کەتیگۆرییەکی واتاییە ، لە ڕێگایەوە کاتی شاراوە لە سیستەمی (کار) دەردەخات . بەم پێیە ئەسپێکت وەسفی ڕووداو و ماوەی ڕوودانی کات لە دەست پێکردن و بەردەوامبوون و تەواوبوون دەگرێتەوە (عبدالواحید مشیردزەیی:81:2013) .

لە پراگماتیکدا کۆمەڵێك ئامراز و نیشانە هەیە ، کە ئەرکی سەرەکیان دیاری کردنی کات و شوێن و هاوبەشەکانی گوتنە ، واتە ڕۆڵیان گیرکردنی زمانە بە دەوروبەر . یەکێك لە ئامرازە پراگماتیکیەکان کە ڕۆڵی هەیە لە گیرکردنی گوتن لە دەوروبەردا نیشانەکانی کاتە (time deixis) ، کە بریتیین لەو نیشانانەی کاتی گوتن یان قسە لە دیدی هاوبەشەکانەوە (قسەکەر ، گوێگر ، گوێهەڵخەر) لە بارێکدا دیاری دەکەن وەك : کاتی قسەکردن ، کاتی جێبەجێ کردن . لەکاتی دەست نیشان کردن و دیاریکردنی کاتی دەربڕین دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو جۆری کاتدا بکەین ، ئەویش :

1 – کاتی ڕوودانی کاری گوتن ، کە بە هۆی فرمان لە دەربڕین دیاری دەکرێت .

2 – کاتی گوتن ، کاتی قسە کردن ، ئێستا (عبدالواحیدمشیردزەیی:107:2011) .

بۆ نموونە :

**تکا دەکەم لە یونسکۆ ،**
**لە دەفتەرە سوورەکەیدا**
**ناوی منیش تۆماربکا .**
**لە ڕاوکەر و بازرگانان**
**کەوڵ و پێستم ڕزگار بکا .** (عبدوڵڵاپەشێو:2008:29–30) .

کاتی گوتن : ئێستا .

کاتی ڕوودان : داهاتوو .

نموونەیەکی تر :

دەزانم , تۆ وشەیەکی .
بەڵام زۆر جار , بۆ وشەیەك ,
هۆنراوەیەکم کوشتووە !
دەزانم , تۆ خونچەیەکی .
بەڵام زۆر جار , بۆ خونچەیەك ,
گوڵجارێکم جێهێشتووە ! (عبدوڵڵاپەشێو:475:2008) .

کاتی گوتن : ئێستا .
کاتی ڕوودان : ڕابردوو .

**هەروەها دیاری کردن و دەست نیشان کردنی کات بە پێی ئاستەکانی زمان دوو جۆرە :**

**1- کاتی سیمانتیکی :**

ئەم وشانە دەگرێتەوە , کە کات دەردەخەن و لە شێوەی ئاوڵکاردا بەرچاو دەکەون وەك : ئێستا , بەیانی , سبەی , دوێنێ .....هتد (عبدالواحیدمشیردزەیی:107:2011) .

بۆ نموونە :

هاوڕێم !
دوێنێ , دەمەو ئێوارە بوو ,
تابلێی بیری تۆم دەکرد .
کز دانیشتبووم ,
سەیری زەردەی ئاسۆم دەکرد . (عبدوڵڵاپەشێو:56:2008) .

کاتی گوتن : ئێستا .
کاتی ڕوودان : ڕابردوو (دوێنێ) .

نموونەیەکی تر :

لە کوردستانی دوارۆژدا
گەورەترین موزێی دنیا دروست دەکەم . (عبدوڵڵاپەشێو:129:2008) .

کاتی گوتن : ئێستا .
کاتی ڕوودان :داهاتوو (دواڕۆژ) .

نموونەیەکی تر :

**ئێستا... شیعر**
**شنەشنی بە ئاستەمی**
**ترووسکەی ئەو لای تونێله .** (عبدوڵڵاپەشێو:2008:181) .

کاتی گوتن : ئێستا .
کاتی ڕوودان :ئێستا (ئێستا) .

2- کاتی ڕێزمانی :

ئـەو کاتانەیـە کـە لـە شـێوەی مـۆڕفیمی کاتـدا خۆیـان نیشـان دەدەن وەك :( ا , وو, ی , ت , د , ێ ..... هتد) .

بۆ نموونە :

**هاوڕێم !**
**دوێنێ , دەمەو ئێوارە بوو ,**
**تابلێی بیری تۆم دەکرد .**
**کز دانیشتبووم ,**
**سەیری زەردەی ئاسۆم دەکرد .** (عبدوڵڵاپەشێو:2008:56) .

کاتی ڕێزمانی : (د) رابڕدوو .
کاتی سیمانتیکی : دوێنێ .

جگـە لـەو وانـەی ئاماژەمـان پێـدان هەنـدێ جـار نیشـانەکانی کـات بـە شـاراوەی دەچـنە نـاو کەرەسـەی تـرەوە (کەرەسـەی فەرهـەنگی) , وەك : شـەوباش , رۆژبـاش , ئـەمرۆ ..هتـد , ئەگـەر ڕۆژ بێت ناتوانین بڵێین شەوباش (محمدمعروف فتاح:2011:203) .

بۆ نموونە :

**رۆژباش !**
**کچانی سەد ساڵ لەمەوپاش**
**رۆژباش !**
**کوڕانی سەد ساڵ لەمەوپاش .** (عبدوڵڵاپەشێو:2008:204) .

کاتی گوتن : ئێستا .
کاتی ڕوودان : داهاتوو .

بەپێی دەستەواژەی (ڕۆژباش) لە دەربڕینەکەدا , دەکرێت کاتەکە دەست نیشان بکەین , کە قسەکەر مەبەستی لە دەستەواژەی (ڕۆژباش) پرسیارکردنە لە کاتێکی دیاریکراو کە ڕۆژە نەوەك شەو .

### ج - دۆزینەوەی شوێن .

دەوروبەر بە پێی چەند بنەمایەك كاردەكات , یەكێك لەو بنەمایانە شوێنە . شوێن گرنگیەكی زۆری هەیە لە دیاری كردنی ئەو دەوروبەرەی كردەی دەربڕینەكەی تێدا ئەنجام دراوە . دۆزینەوەی شوێن لە ڕێگەی چەند نیشانەیەك (نیشانەكانی شوێن) ئەنجام دەدرێ , ئەم نیشانانە كە شوێنی گوتن لە چاو شوێنە هاوبەشەكانی گوتن دیاری دەكەن . لە ئاخاوتندا چوار جۆرە شوێنی بنچینەیی هەیە كە بریتین لە :

1- شوێنی نزیك لە قسەكەر .

2- شوێنی نزیك لە گوێگر .

3- شوێنی نزیك لە جەماوەر .

4- شوێنی نزیك لە كەس كە نە جەماوەرە و نە قسەكەر و نە گوێگرە (عبدالواحیدمشیردزەیی:104:2011) .

- **دۆزینەوەی شوێن بە هۆی نیشانەكانی شوێنەوەیە , كە لە ڕێگەی ئاماژەكردنەوە دەبێت , بۆ ئەم مەبەستە دوو جۆر ئاماژەكردن بۆ شوێن هەیە :**

**1- بە ناوهێنان یان وەسف كردن , واتە بە دیاری كردنی شوێن و ناوهێنانی دەبێت .**

بۆ نموونە :

**بەیانی بوو , لە خەو هەستام , كە ڕوانیم , بە فرە باریوە**
**سلێمانی ئەلێی بەلقیسە , تارای زیوی پۆشیوە .** (پیرەمێرد:194:2009) .

لێرەدا شوێن دیاری كردن بە هۆی ئاماژەكردن بە ناوهێنانی (سلێمانی ) ئەنجام دراوە .

نموونەیەكە تر :

**سەیوان كەوتە پشت , بەرەو تانجەڕۆ**
**بە نەرمە غار و ڕەوتی خۆش بڕۆ .** (گۆران :137:2004) .

لەم دێرە شیعرەدا ئاماژەكردن بە هۆی ناوهێنانی (سەیوان , تانجەڕۆ) ئەنجام دراوە .

نموونەیەكی تر :

**ناو ڕێگا تەق تەق , لاڕێ بەردی زل**
**كە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل !**
**گا سەرەو ژوورە , گا سەرەو خوارە**
**تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبوارە !** (گۆران:128:2004) .

لێرەدا ئاماژەكردن بە هۆی وەسف كردنی(ڕێگایەكی بەردەڵانی پلەپلەی بەرز و نشێو) ئەنجام دراوە .

نموونەیەکی تر :

**ئەی دایە گیان !**

**ئێستا گەورەم و مناڵ نیم ,**

**ئەشقی تامی تفت و تاڵ نیم ,**

**کەچی ئەگەر ئە مجارەشیان**

**رێم بکەوێتەوە بێرکۆت**

**لێشم بدەی ,**

**لێشم حەرام کەی شیری خۆت ,**

**من هەر بە تەشییەکەی مناڵی دەڕێسمەوە .** (عبدوڵلاپەشێو:204:2008) .

لەم هۆنراوەیەدا شوێن دیاریکردن بەهۆی ئاماژەکردن بە ناوهێنانی (بێرکۆت) ئەنجامدراوە .

2- **بە شوێن دیاری کردن** .

لەم جۆرەدا دیاری کردنی شوێن لە چاو شوێنێکی تردا یان لەچاو خاڵیکی نەگۆڕدا یان لە دیدی هاوبەشەکانەوە دەبێت .

بۆنموونە :

**هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور**

**بـــۆ بینینی گـــوڵاڵـــەی ســـور ,**

**هـــەر لەو دیوە هەتـــــا ناوڕان**

**بە لە نجە دێن شیردۆشی جـوان .** (گۆران:51:2004) .

لێرەدا ئاماژەکردن بە هۆی شوێن دیاریکردن لە چاو شوێنێکی تردا ئەنجام دراوە .

- **شوێن دیاریکردن لە دیدی هاوبەشەکانەوە دەچێتە ناو پڕاگماتیك , بە هۆی ئەم ئامرازانەوە دەبێت :**

ا- ئامرازەکانی نیشانە وەك :(ئەو – ئەم) .

ب- ئاوەڵکارەکـان (لـەوێ , لێـرە ...) , کـە ئەمانـەش لـە شـێوەی ئاوەڵکـار و گـرێ بەنـد بە کاردێت (عبدالواحیدمشیردزەیی:104:2011) .

بۆنموونە :

**ئیتر هەتا خۆر دەکەوێ**

**لەشم لێرە کۆتەرەیە و**

**تەڕاتێنی گیانە لـەوێ .** (عبدوڵلاپەشێو:167:2008) .

لێـرە دا شـوێن دیاریکردنەکـە لێکدانـەوەی پڕاگمـاتیکی دەوێـت , چـونکە نـازانین (لێـرە , لـەوێ) کـام شوێن و جێگەی مەبەستە .

نموونەیەکی تر :

**نەگبەتی بەرۆکی گرتووین :**

**لەملاوە دێ**

**گێژەڵووکەی لی باران ,**

**لەولاوە دێ**

**تەزرە و بروسك , بەفر و باران .** (عبدوڵلاپەشێو:441:2008) .

دیسان پێویستمان بە لێکدانەوەی پڕاگماتیکی دەبێت , ئەم شوێن دیاریکردنانە لە چاو قسەکەرەوە سەیر دەکرێن , شوێنەکە شاراوەیە , واتە بە شاراوەیی چووەتە ناو کاری (دێ) کە بەرەو قسەکەرە .

نموونەیەکی تر :

**لەوێندەرێ**

**قەت ناهێڵم**

**شوێنێك هەبێ لە لانەی ئێمە کرتر .** (عبدوڵلاپەشێو:345:2008) .

لێرەدا لە دیدی قسەکەرەوە دەتوانین شوێنەکە بە هۆی(لەوێندەر)ەوە دیاری بکەین .

نموونەیەکی تر :

**لێرە و لەوێ ,**

**چەند بەژنێکی خاچئاسایی دەشنێنەوە,**

**سەرتا پێیان شەلاڵی خوێن ,**

**هەنگاویان پڕ هێمای خەمە .** (عبدوڵلاپەشێو:320:2008) .

دیاریکردنی شوێن پێویستی بە لێکدانەوەی پڕاگماتیکی هەیە , چونکە ناتوانرێ (لێرە , لەوێ) دیاری بکرێت , تەنها لە دیدی قسەکەرەوە نەبێت .

نموونەیەکی تر :

**لە کاتێکدا**

**لە سەرەوە , لە لوتکەکان ,**

**تۆف زریان لە دەوەن و داران وەردێن ,**

**خەمت نەبێ**

**لە بنەوە , لە دۆڵەکان ,**

**گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن .** (عبدوڵلاپەشێو:136:2008) .

شوێن دیاریکردن بە هۆی ئاوڵکارەکانی(لە سەرەوە , لە بنەوە) ئەنجام دراوە , لە شێوەی گرێی بەندن .

نموونەیەکی تر :

**وەرە ژوورەوە , خۆشەویستەکەم !**

**وەرە بن بـــــالْم , بنـــوو دلْنیـــــا .** (عبدوڵلاپەشێو:2008:152) .

شوێن دیاریکردن بە هۆی ئاوڵکاری (ژوورەوە) , کە لە ڕوانگەی قسەکەرەوە دیاریکراوە .

- **شوێن دیاریکردن بە دوو شێوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت :**

1- بە ئاماژەکردنی جووڵەیی وەك :

**لێی نووسرابوو**

**ئا لێرەدا منالێکی چاوگەشی کورد**

**لە برسان مرد .** (عبدوڵلاپەشێو:2008:233) .

قسەکەر لە ئاماژەیی جوڵەییدا پێویستە ئەندامێکی لەش هاوبەشی کردەی دەربڕینەکە بکات بۆ مەبەستی لێکدانەوە و تێگەیشتن .

2- بە هۆی هێماوە وەك :

**برام وریا بە !**

**تەوژمی ئەو ڕووبارە لە هیچ نا پرینگێتەوە**

**با نەتبا , پەلە مەکە .** (عبدوڵلاپەشێو:2008:361) .

لە ئاماژەیی هێماییدا پێویستمان بە زانیاری شوێنی ڕووداوەکە دەبێت , بە کارهێنانی دەستەواژەی (ئەو ڕووبارە) هێمایە بۆ شوێن .

## دووەم / گریمانە پێشەکییەکان .

نێرەر لە سەر بنچینەیەك پەیامەکەی ئاڕاستەی وەرگر دەکات کە زانیاریەکە زانراوە , بە واتایەکی تر گریمانەی ئەوە دەکات کە زانیاریەکە دەزانێت . گریمانە پێشەکیەکان مامەڵە لەگەڵ هەبوونی مەرجی پێشینەی دەربڕین دەکات , تا ببێتە ڕاستی (عبدالواحيدمشيردزەيى:117:2011) . جێبەجێ کردنی گریمانە پێشەکییەکان بریتییە لە هەڵێنجانی واتایەك لە دەربڕینێکی دیاریکراودا لەلایەن وەرگری پەیامەکەوە , چونکە وەرگر گریمانەی پێشەکی دەکات , نەوەك ڕستەکە . هەروەها گریمانە پێشەکیەکان تایبەتە بە وەرگر و ئەو واتایەی لە ئەنجامی گریمانە پێشەکیەکان وەردەگیرێت واتایەکی پڕاگماتیکییە و بەرهەمی وەرگرە , ئەویش بە لەبەرچاو گرتنی دەقی گوتنەکە و جۆری ڕۆنانی گوتنەکە و کاری گوتنەکە و دەوروبەری گوتنەکە و زانیاری دیاریکراوی تر گریمانە پێشەکییەکان دەکات (عبدالواحيدمشيردزەيى:118:2011) . لە ناو دەقی شیعریدا کۆمەڵێك زانیاری هەیە کە خوێنەر دەتوانێت بە دەستی بهێنێت بە گەڕانەوە بۆ دەقە شیعریەکە یان لە ڕێگای دەوروبەر و بەشی تەواوکەری دەقەکە , وەك (ەکە) ی ناسیاوی ئاماژە بۆ زانیاری پێشتر دەکات و (ێك) ی نەناسیاوی ئاماژە بۆ زانیاری داهاتوو دەکات .

بۆ نموونە :

**گەر سێوێك بوو , لەتی دەکەم**
**لەتێك بۆ خۆم , لەتێك بۆ تۆ .** (عبدوڵلاپەشێو:98:2008) .

قسەکەر ئاماژە بۆ زانیاری داهاتوو دەکات , گریمانەی ئەوە دەکات کە (سێویك) هەبێت . گوێگریش گریمانە دەکات لە داهاتوو زانیاری دەربارەی شتی وەسفکراو وەربگرێت .

نموونەیەکی تر :

**ئەفسەرەکە**
**ورگنە شان سێ پشکە خوێن لە سەرەکە**
**چەند چرکەیەك بە جێیهێشت و گەڕایەوە**
**هێندەی نەبرد**
**دەسڕێژێك دەنگی دایەوە .** (عبدوڵلاپەشێو:157:2008) .

لێرەدا قسەکەر ئاماژە بۆ ڕابردوو دەکات , کە گریمانە دەکات گوێگر زانیاری هەیە دەربارەی کەسی وەسفکراو بۆیە ئەو هەواڵەی پێ ڕاگەیاندووە .

- **دۆزینەوەی پاشخان .**

چەمکی گریمانە پێشەکییەکان بوارێکی فراوان دەگرێتەوە لە وانەش زانیاری گشتی و دەوروبەری بار و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان هاوبەشەکانی دەربڕین , گریمانە پێشەکییەکان سوودی زۆری بۆ ماندوونەکردنی خوێنەر هەیە , جگە لەوەی پەیامێکە بۆ خوێنەر کە ئاگای لەم توانا سروشتیەی مێشکی مرۆڤ نیە , بۆیە هەر پەیامێك ئەمە لەبەرچاو نەگرێت لاواز دەردەچێت و لە هەمان کاتدا ئەرك دەخاتە سەر (وەرگر) و کاتیش زیاتر بە فیرۆ دەدات .

ڕوویەکی تری گریمانە پێشەکیەکان پاشخانە , پاشخان ئەو توانا و زانیاریانەیە کە پێشتر لە مێشکی مرۆڤدا هەبووە و لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەربڕینە جۆراوجۆرەکان چالاك دەبێت . چونکە قسەکەر هەموو زانیاریەك سەبارەت بە باسەکەی نادات بە دەستەوە , لە دەربڕینەکانیدا کەلێنی زۆر بەجێدێڵێت , گوێگر یان بە توانای پاشخانی خۆی یان لە ڕێگەی پرسیارەوە پڕیدەکاتەوە (عبدالواحیدمشیردزەیی:120:2011) . بەم جۆرە گوێگر دەتوانێت لە ڕێگەی زانیاریەکانی پێشووی خۆی ڕاستیە نەگووتراوەکان لێکبداتەوە و لە دوو تویێی دەقەکێکدا (دەقی شیعری) دەریدبهێنێت و بگات بەو واتا و مەبەستانەی کە لە دەقەکە دەرنەبڕاون .

بۆ نموونە :

چەند حەزدەکەم
بژیێنمەوە
داستانەکەی سەلاحەدین
دیسان وەکو بوومەلەرزە
ڕاچڵەکێنم دڵی زەمین . (عبدوڵلاپەشێو:163:2008) .

لێرەدا شاعیر باسی ئەوە ناکات کە سەلاحەدین کێیە و لە چ سەردەمێك بووە و ژیاوە و چ جۆرە کەسێك بووە و چی کردووە و داستانەکەی چی بووە و چۆن بە دنیادا بلاوبۆتەوە ...هتد . شاعیر باسی ئەم شتانە ناکات , چونکە گریمانەی ئەوەی کردووە کە گوێگر یان خوێنەر پێشتر ئەم زانیاریانە دەزانێت .

نموونەیەکی تر :

ئــاسۆی ئــەدەبی , کــوردی پڕ تــەمــە
سفیدەی بــەیان , شینــە مــاتــەمــە
(ژین ) بۆ گەلاوێژ , بووبوو بە پەرژیـن
ئێستا لــە دوای ئـەو , بێزارە لــە ژین . (پیرەمێرد:344:2009) .

لێرەدا شاعیر ئاماژە بە ناوی (گەلاوێژ , ژین) دەکات , کە گریمانەی ئەوەی کردووە خوێنەر زانیاری هەیە دەربارەی ئەوەی کە (گەلاوێژ , ژین) ئەمانە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردین .

## سێیەم / کردە قسەییەکان .

ئۆستن زمان بە کردە دادەنێت , پێی وایە لە لێکۆڵینەوەی واتادا دیاردە زمانییەکان لە بنچینەدا کردەیی قسەیین , بۆیەش بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە سنوری لۆجیکی ئاسایی بچێتە دەرەوە , چونکە سێ کردە دەگەیەنێت :

### ا - کردەی دەربڕین :

کردەی گۆکردن دەگرێتەوە کە لێکدانی وشەکانە بە شێوەیەکی ڕێزمانی و دیاریکردنی هاوبەشەکان و شێوەی گەڕاندنەوەی جێناوەکان (عبدالواحیدمشیردزەیی:54:2011) , کە تەنها شێوەی دەربڕین دەگرێتەوە , ئەم کردەیەش چەند کردەیەکی تر لە خۆدەگرێت .

وەك :

1- کردەی دەنگ : بەرهەمهێنانی دەنگەکان دەگرێتەوە .

2- کردەیی وریایی : بەرهەمهێنانی وشە دەگرێتەوە کە واتای فەرهەنگی هەبێت و بە پێی دەستور و یاسای زمانەکە بێت .

3- کردەی گەڕاندنەوە : بەکارهێنانی وشەکە دەگرێتەوە بۆ واتایەکی دیار , دیاریکردنی ئەو سەرچاوەی بۆی دەگەڕێتەوە .

### ب - کردەی مەبەست :

گوتنی شتێکی دیاریکراو دەگرێتەوە , جا وەسف بێت یان ڕاپەڕاندن . کردەی مەبەست کاردانەوە لای وەرگر دەگەیەنێت , ئەمەش دەچێتە دەرەوەی پشکنینی واتا و زمان , چونکە مامەڵە لەگەڵ هۆ و ئەنجام دەکرێت وەك کاریگەری وشە لەسەر ڕازی کردنی کەسێك ئەمەش پەیوەندی بە بنەمای دەروونی و کۆمەڵایەتی و ...هتد هەیە (عبدالواحیدمشیردزەیی:54:2011) .

ئەم کردەیەش دابەش دەبێتە سەر چەند کردەیەکی تر .

وەك :

1- بڕیاردان (verdictifs) : دەرکردنی بڕیار دەگرێتەوە .

2- ڕێورەسم (exercitifs) : چەسپاندنی دەسەڵات و کاریگەری دەگرێتەوە .

3- پەیماندان (promissifs) : ڕاگەیاندنی هەواڵ یان مەبەست دەگرێتەوە .

4- ڕەوشت (conductifs) : کۆنترۆڵکردنی هەڵوێست دەگرێتەوە .

5- بەردەوامبوون (expositifs) : ڕوونکردنەوەی لێڵی دەگرێتەوە .

## ج - کردەی پاشکار :

کردەی پاشکار و ئەنجام دەگرێتەوە , ئەو کاریگەرییە کە کار لە وەرگر دەکات , کە ئایا مەبەست تێدا ڕازیکردنە یان تووڕەکردنە یان دوورخستنەوەیە . واتای سەر زاری ڕستەکان وەسفین , بەڵام کاتێك کە دەیخەینە دەوروبەر مەبەستی تر دەگەیەنێ و لەگەڵ واتا فەرهەنگیەکەی یەك ناگرنەوە و ڕاپەڕاندنی کار دەنوێنێت و قۆناغی جێبەجێکردنی مەبەستە (عبدالواحیدمشیردزەیی:55:2011) .

**کردەی قسەیی بۆ ئەوەی مەبەست بپێکێت دەبێت چەند مەرجێکی تێدا بێت لەوانە :**

1– مەرجی سەرەتایی : باری قسەکەر دەگرێتەوە کە ڕێگای پێدەدات ئەم قسەیە بکات .
2– مەرجی ڕاستی : دەبێت قسەکەر قسەکانی ڕاست بێت ئەگەر واش نەبێت ئەوا بە شایەتی درۆ لە قەڵەم دەدرێت .
3– مەرجی بنچینەیی : ڕەوشتی تایبەتی ئاخێوەرە , ئەم مەرجە پابەندبوونە بە ڕەوشتی گوتن , خۆی لێی بەرپرسیارە و ڕاست و درۆی تێدانیە , چونکە بۆچوونی خۆیەتی (عبدالواحیدمشیردزەیی:150:2013) .

- **جۆرەکانی کردەقسەییەکان .**

1– کردەی ئاشکرا :
لەم جۆرە کردەیەدا مەبەست بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت و کردەی ڕووداو و ڕاپەڕاندنی تێدایە .
2– کردەیی شاراوە :
دەربڕینەکان زۆرجار بە شاراوەیی دەردەبڕدرێت , (داسکاڵ) هۆکاری ئەم ناڕاستەوخۆیی و شاراوەییە دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند مەبەست و هۆکارێك لەوانەش :
ا– ململانێ و تێکچڕژانی ئامانج .
ب– هۆکاری تاقیکردنەوە لە ڕێگای تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو بۆ وەدەستهێنانی ئامانجێکی دیار .
ج– هۆکاری ئارەزوو بۆ گوتن و نەگوتنی شتێك لە یەك کاتدا .
د– هۆکاری خۆشی .

بەڵام (سێرێل و گرایس و براون و لیڤنسن) زیاتر ئاماژە بۆ مەبەستی ڕێزدەکەن , پلەی ئەم ڕێزەش لە سەر سێ بنەما دیاری دەکرێت , کە بریتین لە :

1 –دوور و نزیکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەك (پلە و پایە , تەمەن , ڕەگەز ,...هتد ) .
2 –پلە و هێزی خانەدانی و ڕەچەڵەك .
3 –قەبارەی کۆنترۆڵکردن (عبدالواحیدمشیردزەیی:61:2011) .

- **دۆزینەوەی مەبەست .**

مەبەست پەیوەستە بە نێرەری پەیام یان بەرهەم هێنەری دەق , کە ئەویش خۆی لە مەبەست و ئامانجی دەقەکە دەبینێتەوە , دەبێت کۆمەڵە ڕووداوەکانی دەقەکە تەواوکەری یەکتربن بۆ خستنەڕووی مەبەست و ئامانجی بەرهەم هێنەری دەقەکە . دەربڕینە شاراوەکان کە لە شێوەی (هەواڵ گەیاندن , پرسیار , فەرماندان) خۆیان دەنوێنن .

1- **کردەی ڕستەی هەواڵگەیاندن :**

ڕستەکانی هەواڵگەیاندن زۆر واتا و مەبەستی جیاجیا دەدات بەدەستەوە وەك : (گلەیی , ناڕەزایی , پاکانەکردن , پۆزش , ....هتد) (عبدالواحیدمشیردزەیی:62:2011) .
بۆ نموونە :

**کەی من و تۆ شەرتمان وابوو بەبێ یەك هەڵبکەین**
**یا دەبوو کەی من بەبێ تۆ سەر بنێمە بەستەرم .** (ئەدەب :469:2004) .

هەرچەندە ئەم دەربڕینەی شاعیر لە شێوەی هەواڵدانە , بەڵام لە ڕووی کردەی قسەییەوە مەبەستێکی تری هەیە ئەویش گلەیی کردنە لە وەرگر .

نموونەیەکی تر :

**ڕۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا**
**جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خودا کا .** (شێخ ڕەزا:33:2003) .

شاعیر دەربڕینەکەی بە شێوەی هەواڵدان دەربڕیوە , بەڵام لە بنەڕتدا مەبەست ناڕەزایی دەربڕینە بەرامبەر بە دلبەرەکەی .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە (گلەیی , ناڕەزایی) تاڕادەیەکی زۆر لە یەك دەچن , لە (گلەیی) دا (ناڕەزایی) دەکەوێتە سەر وەرگر , بەڵام لە (ناڕەزایی) دا مەرج نیە .
بۆ نموونە :

**دڵم دەرهات و تۆ هەر دەر نەهاتی**
**نەهاتی , هەر نەهاتی , هەر نەهاتی .** (مەحوی:342:1387) .

لەم نموونەیەدا هەم گلەیی و هەم ناڕەزاییە , چونکە تەوەرەکە کەوتۆتە سەر خودی وەرگر . بەڵام هەندێ جار قسەکەر کاتێ ناڕەزایی دەردەبڕێ مەرج نیە تەوەرەکە بکەوێتە سەر خودی وەرگر , ڕەنگە کەسی تری مەبەست بێت .

- جگە لە گلەیی و ناڕەزایی , (پۆزش) مەبەستێکی ترە کە لە ڕستەکانی هەواڵدان بەدی دەکرێت , کە تێدا نێرەر (قسەکەر) هەست بە پەشیمانی دەکات و خۆی بەهەڵە دەزانێ .

وەك :

**من هەڵەبووم**
**لە ڕۆژانی جوانی و گەنجیم بە پەلە بووم**
**هەر نەسرەوتم**
**بە شوێن هەستێکی ون کەوتم .** (عبدوڵڵاپەشێو:23:2008) .

- یەکێکیتر لەو مەبەستانەی لە ڕستەی هەواڵدان پەی پێ دەبردرێت (پاکانە کردن) ە , کە تێدا نێرەر (قسەکەر) گوناهێکی دراوەتە پاڵ و دەیەوێت خۆی لێ لابدات.

وەك :

**سبەینێ وەرنە سەیری کوشتنم وادەم چەها داوە**
**لەسەر وادەی درۆی ئەو نادەم ئیتر وادە , قەت نادەم .** (مەحوی:270:1387) .

- هەروەها ڕستەی هەواڵدان بۆ زۆر مەبەستی تر بەکاردێت .

وەك :

ا- نرخاندن : **ئەم زولف و روخی دلبەرە یا لەیل و نەهارە**
**یا هەورە ڕەشی پەردەکەشی بانی هەتاوە .** (سەید یەعقوب :86:2004) .

قسەکەر لەم دەربڕینەدا لە پاڵ کردەی هەواڵدانەکە مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش نرخاندنە .

ب- تاوانبارکردن : **گەر نەچم لێم زویر دەبێ وەقتێ دەچم مەنعم دەکا**
**سەیری کە بێ مروەتە چیم لێ دەکا و چیم پێ دەکا .** (حاجی:228:2007) .

لەم دەربڕینەدا نێرەر لە پاڵ کردەی هەواڵدانەکە مەبەستێکی تری هەیە , کە تاوانبارکردنی بەرامبەرەکەیەتی .

ج- توانج لێ دان : **شێخ بیستوومە چاچیم پێ دەڵێ**
**چاکە من نابم بە نوقتەی لا بە لا .** (حاجی:228:2007) .

قسەکەر لەم دەربڕینەدا جگە لە کردەی هەواڵدانەکە مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش توانج لێدانە .

د- هەڕەشە : **بە حەق هەر حەق بە ناحەق ناحەقم وتووە لە ڕۆژێ بووم**
**وەکو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم .** (مەحوی:342:1387) .

قسەکەر لەم دەربڕینەدا لە پاڵ کردەی هەواڵدانەکە مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش هەڕەشە کردنە .

2- **كردەی ڕستەی پرس .**

**ڕستەكانی پرس بۆ زۆر مەبەستی جیاجیا بە كاردێت .**
**وەك :**

**ا- گلەیی : لە ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم كردە خاكی و پێی نـەنا پێما**
**دەسا خاكی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەكەم , چ بكەم ؟** (مەحوی:273:1387) .

**لـەم دەربڕینـەدا نێـرەر لـە شـێوەی كـردەی پـرس پەیامەكـەی ئاڕاسـتەی وەرگـر دەكـات , بـەڵام بـە پێـی كردەقسەییەكان مەبەستێكی تری هەیە ئەویش دەربڕینی (گلەیی) یە .**

**ب- ناڕەزایی : هێشتا بەس نییە ؟!**
**ئەم نمایشە هێڵنجاوە كۆتایی نەهات ؟**
**شەڕەزرتانێی هابیل و قابیل هەر نەبڕایەوە ؟**
**پەردەی وەهمكرد لەسەر عەورەتیان**
**تلێشی نەبرد ؟ هەڵنەدڕایەوە ؟!** (عبدوڵڵاپەشێو:463:2008) .

**لەم نموونەیەدا قسەكەر ناڕەزایی دەردەبڕێ بۆ بەرامبەرەكەی لە ڕێگەی كردەی پرسەوە .**

**ج- پۆزش : لە ڕستەی پرسدا دەشێ بە شێوەی پرس كردەی (پۆزش) بكرێت .**
**وەك:**

**سا چۆن دەبێ لە بیرت كەم ؟**
**چۆن بۆم دەكرێ دڵگیرت كەم ؟** (عبدوڵڵاپەشێو:18:2008) .

- **هەندێ جار پرسیارەكە بە شێوەی (چی , چما , تخوا...) دەكرێت بە ئاوازەی سەرسوڕمان .**

**وەك :**

**ئەرێ بەڕاست , جگەرگۆشەم , تۆ پایتەختی ؟**
**چما پایتەختی بێ تەخت و**
**شانشینی بێ تاج هەیە ؟** (عبدوڵڵاپەشێو:379:2008) .

- **هەروەها پرسیارەكە بە شێوەی (دەزانی)یش دەكرێت .**

**وەك :**

**ئەراگۆن نیم**
**دەزانی كێم ؟**
**دەزانی من چیم ؟**
**من چلێكی بەژنچەماوەی شەنگەبیم .** (عبدوڵڵاپەشێو:328:2008) .

د- پاكانەكردن :

يەكێكيتر لەو مەبەستانە (پاكانەكردن) ە , كە بە ڕستەی پرس دەكرێت .

وەك :

ڕووحی شيرينم لە بۆچ ئەمرۆكە وا لوتفت نييە
نووری بينای ديدەكانم پێم بڵێ سووچم چييە . (ئەختەر :48:2004) .

- جگە لەو مەبەستانەی باسمان كردن بۆ چەند مەبەستێكی تريش بەكاردێت .

وەك :

1- تاوانباركردن :

بۆچی هێندە لە هاتنەوەم بە تالووكەی ؟
بۆچی ديسان لـــە دەروازەی گومان دەدەی ؟ (عبدوڵڵاپەشێو:96:2008) .

2- توانج لێدان :

ئەی گوايە بۆ دڵخۆش نەبين ؟
ئەی گوايە بۆ هەڵنە پـەڕين ؟
شوانی گـــــورگزادە خۆش بــن ,
ئـــازادتــرين ڕانــەمــەڕيـــــن ! (عبدوڵڵاپەشێو:115:2008) .

3- گومان دەربڕين :

لە دنيادا ,
چ كانياوێ زوڵاڵترە لە دەنگی تۆ ؟
كێ زمانی ڕۆح دەزانێ
وەكو چاوی سەد ڕەنگی تۆ ؟ (عبدوڵڵاپەشێو:86:2008) .

4- هەڵچوون :

كێ كڕيارە ؟
هەرچيم هەيە
هەمووی تالان فرۆش دەكەم . (عبدوڵڵاپەشێو:51:2008) .

5- جنێودان :

كێت لەگەڵدايە , تەرەس ؟
كێت لەگەڵدايە , سەگباب ؟
ئێستا دانی پيا دەنێم ,
بەسە , لێم مەدە جەناب . (عبدوڵڵاپەشێو:102:2008) .

3- کردەی ڕستەی داخوازی .

کـردەی داخـوازی بـە پێـی دەوروبـەر زۆر مەبەسـتی تـر دەدات , کـە هەریەکـەیان ئـاوازێکی تایبـەتی هەیە , وەك :

1- بێزاری :

خۆشەویستم
نامەکانم بسووتێنە
ئەو هۆنراوەی بۆت نووسیوم
سێدارەی بۆ دامەزرێنە . (عبدوڵلاپەشێو:151:200 ) .

لەم دەربڕینەدا هەرچەندە قسەکەر لە شێوەی داخوازی پەیامەکەی ئاڕاستەی وەرگر دەکات , بەڵام بە پێی کردە قسەییەکان مەبەستێکی تری هەیە ئەویش دەربڕینی هەستی بێزارییە بۆ بەرامبەرەکەی .

2- داوا :

دەرگەکەتم لێ بکەوە ,
کفت و ماندووی ڕێگەی دوورم
وەکو جاران ,
کەمێك لە لات دەمێنمەوە و ڕادەبوورم . (عبدوڵلاپەشێو:138:2008) .

لـەم دەربڕینـەدا بـە پێـی کـردە قسـەییەکان نێـرەر مەبەسـتێکی تـری هەیـە ئـەویش دەربڕینـی داوایـە یـان تکاکردنە بۆ بەرامبەرەکەی بە شێوەی کردەی داخوازی .

3- هەست دەربڕین :

تو خودا زولفت لابە تا تێر کولمت ماچ کەم
رێی بولبول با نەگرێ لــەو باغە پــەرژینت . (وەفایی:100:1387) .

لەم دەربڕینەدا نێرەر جگە لە کردەی داخوازییەکە مەبەستێکی تریشی هەیە , کە بە پێی کردەقسـەییەکان کردەی هەست دەربڕینیش بۆ بەرامبەرەکەی دەگەیەنێت .

4- سەرسوڕمان :

دە چاوەکەم ,
دیسان گیانم تژی کەوە
لە منالی و تاسەی یاری
پڕێسکەکەت بکەرەوە ,
بۆم هەڵرێژە
دەنکە زەنگیانە و مرواری ! (عبدوڵلاپەشێو:474:2008) .

لەم دەربڕینەدا قسەکەر لە پاڵ کردەی داخوازیەکەدا مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش سەرسوڕمانە .

5- ئامۆژگاری :

**مەراق مەخۆ ,**

**سەغلەت مەبە , من بۆ تۆمە ,**

**بەری دەستم کەس تێی ناگا ,**

**نهێنییەکەی هەر لای خۆمە .** (عبدوڵلاپەشێو:17:2008) .

لەم دەربڕینەدا قسەکەر لە پاڵ کردەی داخوازیەکەدا مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش ئامۆژگاری کردنی گوێگرە .

6- ڕوولێنان :

**خانمۆڵەکەم !**

**دە پێم بڵێ**

**لە کوێ فێربووی ,**

**هۆنراوە بکەیتە پەخشان .** ( عبدوڵلاپەشێو:18:2008) .

لەم دەربڕینەدا قسەکەر هەرچەندە بە شێوەی داخوازی پەیامەکەی ئاڕاستەی گوێگر کردووە , بەلاّم لە پاڵ کردەی داخوازیەکەدا مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش (ڕوولێنان)ە .

7- جنێودان :

**چیە , هاوڕێم ؟**

**چیت پێ دەڵێ**

**ئەو ئاوێنە زمانشڕ و دڵتۆقێنە ؟**

**ئەگەر باسی پیری دەکا ,**

**دەمکوتی کە ,**

**باوەڕ مەکە بە وڕێنە .** (عبدوڵلاپەشێو:394:2008) .

لەم دەربڕینەدا قسەکەر لە پاڵ کردەی داخوازیەکەدا مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش هەجووکردنە .

8- پۆزش :

**دەستی خـــۆم دا زولفەکەت مـەمکوژە خۆ کافر نـــەبووم**

**قیبلەکەم هەر تۆی بە دڵ بمبەخشە بەو زوننـاری خۆت .** (وەفایی:102:1387) .

لەم دەربڕینەدا قسەکەر لە پاڵ کردەی داخوازیەکەدا مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش هێنانەوەی پۆزشە .

9- پێشنیاز :

**قـــوربـــان وەرە ســـەیرێکی دڵ و عـــالەمی دڵ کــــە**

**هەر زەوقە بە دڵ , شەوقە لەسەر , ئاهە لە دەمدا .** (وەفایی:78:1387) .

لەم دەربڕینەدا قسەکەر لە پاڵ کردەی داخوازیەکەدا مەبەستێکی تری هەیە , ئەویش پێشنیاز کردنە .

## چوارەم / دەرکەوتەکان .

دەرکەوتـەکان هـەلێنجانی واتایـە لـە پێشـەکیەکان , ئـەو واتایانـە دەگرێتـەوە کـە لـە لایـەن قسـەکەرەوە درکاوە یان دەربڕاوە بـە نائاشـکرایی , نـەك ئـەوەی بـە ئاشـکرایی گـوتراوە (عبدالواحیدمشیردزەیی:71:2011) , کەواتە بریتییە لەو زانیاریانەی کە قسەکەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان بە شاراوەیی دەریـان دەبڕێت , بەمەش دەرکەوتەکان دەبێتە دەرئەنجامی ئەو واتا و مەبەستانەی کە گـوێگر لـە لێکدانـەوە و ڕاڤـەکردنی دەربڕینەکان پێی دەگات .

گرایس لە بۆچوونەکانیدا ئـەوە دەردەخـات و پێـی وایـە کـە دەبێـت جیـاوازی بکرێـت لـە نێـوان مەبەسـت و ئـەوەی دەگوترێـت . ئـەوەی مەبەسـتە بریتییـە لـەو زانیارییـەی کـە قسـەکەر دەیـەوێت بـە گـوێگر یـان خوێنەری بڵێت بە شێوەیەکی شاراوە یان ناڕاستەوخۆ , جا گوێگر درکیـان پـێ دەکـات یـان نـا , ئـەوەیان دەکەوێتـە سـەر ڕادەی درك پـێ کـردن و توانـای تێگەیشـتن لـە لای لـە گـوێگر یـان خوێنـەر , ئـەم ڕادەی تێگەیشتنەش جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ یـەکێکی تـر , ئـەویش پشـت بەسـتوو بـە یاسـا کۆمەلایـەتیـەکان و دەرئەنجام .

- دەرکەوتەی پڕاگماتیکی بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە (تایبەتی , گشتی ) :

1- دەرکەوتەی گشتی (conversational implicature generalized) .

دوور لە دەوروبەر هەڵدەهێنجرێت ئەمەش تێکچڕژانێك لەگەڵ دەرکەوتەی شوێنی دێنێتە ئاراوە .

2- دەرکەوتەی تایبەتی (conversational implicature particularized) .

هەموو ئەو دەرکەوتانە دەگرێتەوە کە لە دەوروبەرێکدا هەڵدەهێنجرێن (عبدالواحیدمشیردزەیی:71:2011) .

- هەروەها لە چوارچێوەیەی ئەو باسەدا (گرایس) دوو جۆر دەرکەوتە دیاری دەکات :

1- دەرکەوتـــەی کۆمەڵایـــەتی : ئـــەو دەرکەوتانـــە دەگرێتـــەوە کـــە لـــە زمانـــدا هەیـــە , لـــە ڕێگـــەی ڕێکـــەوتنی کۆمەڵایەتیـــەوە چەســـپاوە , بـــۆ نموونـــە لـــە زمانـــدا کاتێـــك ئـــامرازی (بـــەڵام) لـــە نێـــوان دوو ڕستـەدا بـەکاردەهێنین ئـەوا دەردەکـەوێت کـە ئـەو ڕسـتەیەی لـە دوای ئـەم ئـامرازە دێـت پێچـەوانەی ڕستەی یەکەمە .

2- دەرکەوتـــەی ئاخـــاوتن : ئـــەو دەرکەوتەییـــە کـــە لـــە دەوروبـــەر وەردەگیرێـــت , بـــەپێی دەوروبـــەریش دەگۆڕێت .

وەك :

گوێتان لێمە ؟
من کەرەنای جەنگ لێ دەدەم
جەنگێکی وا کە بۆنی ئاهەنگی لێ بێ . (عبدوڵڵاپەشێو:455:2008) .

ئەم دەربڕینە لەوانەیە پرسیار بێت , لەوانەیە هەڕەشە بێت , لەوانەیە سزا بێت ...هتد .

- دەرکەوتە کاتێك دروست دەبێت کە قسەکەر لادان لە دەربڕینەکانیدا بکات , بنەماکانی هاریکاری کە بریتین لە (چەندیەتی , چۆنیەتی , گونجان , شێواز) بەو جۆرەی کە پێویستە جێبەجێ نەکات .

وەك :

**پووش لەلای حەلوایە حەتتا گەر پەلووشی چنگ کەوێ**
**بای ئەدا , لوولی ئەدا , قووتی ئەدا , مانەندی حووت .** (شێخ رەزا:44:2003) .

لەم دەربڕینەدا شاعیر مەبەستی کەمکردنەوەی نرخی شتی وەسف کراوە , لەم بنەمایانەدا لای داوە :

1- چۆنیەتی : دەربڕینەکە زیادەڕۆی تێدایە .
2- چەندیەتی : بڕی زانیاریەکە زۆرە و شاعیر درێژدادڕی تێدا کردووە .
3- نەگونجان : لە ڕووی واقیع ناکرێت پووش حەلوا بێت .
4- شێواز : دەربڕینەکە بە شێوەیەکی لێڵ دەربڕاوە .

نموونەیەکی تر :

**ئاخ لە دەس شۆربای سلەیمان چاوەش و قاوەی خلـــــە**
**ئـــەو دەڵێی ئـــاوی گـــەڕاوە ئـــەم دەڵێی نەوتـــی گلـە .** (شێخ رەزا:101:2003) .

لـەم دەربڕینـەدا شـاعیر مەبەسـتی گاڵتـە پـێ کردنـە بـە (شـۆربا)ی سـلێمان و (قـاوەی) خلـە , لادانـی لەو بنەمایانەدا کردووە .

وەك :

1- نەگونجان : لە واقیعدا ناگونجێ شۆربا و قاوە , ئاوی گەڕاو و نەوتی گل بێت .
2- چۆنیەتی : دەربڕینەکە زیادەڕۆیی تێدایە و ناڕاست و بێ بەڵگەیە .

# نموونەی پڕاکتیکی

## نموونەی یەکەم :

تۆ یووسفی نەوحوسنی لەسەر میسری جینانی
من پیرم و فانــی
لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم
هەر وا بە تەماتم . (نالی:170:2008) .

### 1- نیشانکارەکان .

ا- کەسەکان :

من : کەسی یەکەمی تاك , قسەکەر (شاعیر) .

تۆ : کەسی دووەمی تاك , گوێگر .

یوسف : کەسی سێیەمی تاك (نائامادە) .

ب- ناسنامەی بەشداربوان :

شاعیر
+ نێر
+خوێندەوار
+ تەمەن
− پلەی کۆمەڵایەتی

گوێگر
+ نێر
+ خوێندەوار
− تەمەن
+ پلەی کۆمەڵایەتی


نائامادە
+ نێر
+ خوێندەوار
− تەمەن
+ پلەی کۆمەڵایەتی

ج- کات :

1− کاتی گوتن : ئێستا , بەڵام ئەم کاتی ئێستایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کاتی گوتنی شیعرەکە نەك ئێستای سەردەمی لێکدانەوەکە .

2− کاتی ڕوودان : ڕابردوو .

له ڕووی واتاوە کاتەکە لە ڕێگای کەتیگۆریەکەییەوە دیاری دەکرێت , کە دۆخە واتایەکە دەردەخات . لە دەربڕینی (تۆ یوسفی نەوحوسنی) کاتەکەی لە دۆخی (ڕابردوو) دایە , بەڵام لە دەربڕینی (من پیرم و فانی) کاتەکەی دەگۆڕێت بۆ دۆخی (ئێستا) , کەچی لە دەربڕینی (هەروا بە تەمانتم) کاتەکەی جارێکی تر دەگۆڕێت بۆ دۆخی (ڕابردووی بەردەوام) , کەواتە دیاریکردنی کات بە پێی دۆخی دەربڕینەکە دەبێت , کە دەکرێت بەم شێوەیە زیاتر ڕوون بکرێتەوە :




د- شوێن :

شوێنی یەکەم : میسر (ناوی شوینە) .
شوێنی دووەم : شوێنی گوێگر (تۆ) دەرنەکەوتووە .
شوێنی سێیەم : ژوورێکی تاریك و تەنگ (کولبەی ئەحزان ناوی شوێنە) .

## 2- کردەی قسەیی .

لەم نموونەیەدا شاعیر هەستی خۆی دەربڕیوە بۆ کەسی بەرامبەر , دەربڕینەکەشی لە شێوەی (هەواڵدان)ە , بەڵام لەڕووی کردەیی قسەییەوە مەبەستی تری هەیە وەك : داوا , پیاهەڵدان , پێشنیاز , نرخاندن , ...هتد ) .

## 3- دەرکەوتەکان .

لەم دەربڕینە شیعریەدا شاعیر مەبەستی بەرزکردنەوەی کەسی وەسفکراوە , لادانی لەم بنەمایانەی خوارەوە کردووە :

ا- چەندێتی : شاعیر درێژ دادڕی لە دەربڕینەکەیدا کردووە , بڕی زانیاریەکە زۆرە .
ب- چۆنیەتی : دەربڕینەکە زیادەڕۆی تێداکراوە , چونکە ناکرێ ئەو هەموو کاتە کەسێك چاوەڕێ کەسێکیتر بکات .
ج- شێواز : دەربڕینەکە تەمومژی پێوەدیارە و ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاوە .
د- گونجان : دەربڕینەکە دروست نیە و لەگەڵ واقیع ناگونجێ , چونکە ناکرێت کەسێك لە هەمان کاتدا نە زیندوو بێت و نە مردوو بێت .

## 4- گریمانەکان :

قسەکەر لەکاتی دەربڕینەکەیدا گریمانەی چەند شتێکی کردووە وەك :

ا- کەسی وەسفکراو مرۆڤە .

ب- پلەی کۆمەلاّیەتی بەرزە .

ج- کەسێکی کەم تەمەنە .

د- شوێنەك هەیە بەناوی میسر .

ه- شوێنەکەی لێی دوورە .

و- گوێگر دەتوانێ لەم بارە خراپە رزگاری بکات .

## 5- بابەت :

بێگومان بابەتەکە ستایش کردنە , پەیامێکە کە تێدا قسەکەر ڕووی پەیامەکە ئاڕستەی کەسی ستایشکراو دەکات و دەیەوێ پێی ڕابگەیەنێت کە لە بارێکی خراپ دایە و هەموو کات چاوەڕێی سۆز و وەفای ئەوە تاکو لەم بارە خراپەی تێدا چارەیەکی بۆ بکات .

## 6- باری دەروونی :

لە ئەنجامی خوێندنەوەمان بۆ دەقەکە دەردەکەوێت , کە قسەکەر (شاعیر) لە بارێکی دەروونی خراپ دابێت , چونکە لە ئەنجامی کەوتنە ژێر ئەو کاریگەریە دەروونیە خراپەی خۆی وایکردووە بەو شێوەیە باس لە بارودۆخی خۆی دەکات .

## نموونەی دووەم :

ئەگەر ڕنجیدە بووی قوربان لە وێرانەی دڵی تەنگــــم

وەرە ســەر مەنزەرەی چـــاوم تەماشای مەوجی دەریاکە . (وەفایی:214:1387) .


## 1- نیشانکارەکان .


ا- نیشانەکەسیەکان :

م : کەسی یەکەمی تاك , قسەکەر (شاعیر) .

تۆ : کەسی دووەمی تاك , گوێگر .

**ب- ناسنامەی بەشداربوان :**




**ج- کات :**

**1- کاتی گوتن : ئێستا , بەڵام ئەم کاتی ئێستایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کاتی گوتنی شیعرەکە نەك ئێستای سەردەمی لێکدانەوەکە .**

**2- کاتی ڕوودان : بە هۆی کار لە ڕستە دیاری دەکرێت .**


**بوو : ڕابردوو .**

**وەرە : داخوازیە (ئێستا) .**

**بکە : داخوازیە (ئێستا) .**

**3- کاتی سیمانتیکی : هیچ نیشانەیەکی کاتی سیمانتیکی تێدانیە .**

**لە ڕووی واتاوە دەربڕینی (ئەگەر ڕەنجیدە بووی ) کاتەکەی لە دۆخی (ڕانەبردوو) دایە , چونکە هێشتا ڕەنجیدە نەبووە و قسەکەر (شاعیر) ئەگەری ئەوە دەکات کە لە داهاتوودا ڕەنجیدە بێت . واتە گریمانە دەکرێت کردەکە لە داهاتوودا ڕووبدات . دواتر لە دەربڕینی (وەرە سەر مەنزەرەی چاوم) کاتەکەی دەگۆڕێت بۆ دۆخی (ئێستا)یی , پاشان لە دەربڕینی (تەماشای مەوجی دەریاکە) کاتەکەی دەگۆڕێت بۆ دۆخی (داهاتوو) , چونکە هێشتا کردەی تەماشا کردنەکە ئەنجام نەدراوە . کە دەکرێت بەم شێوەیە زیاتر ڕوون بکرێتەوە :**



د- شوێن :

گریمانە دەکرێت قسەکەر و گوێگر شوێنیان لەیەك نزیك بێت , چونکە دەربڕینەکەی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی گوێگر دەکات . دوو جۆر ئاماژەکردن هەیە بۆ شوێن , کە بەناوهێنان و شوێن دیارکردنە , قسەکەر (شاعیر) لە دەربڕینەکەی بە ناوهێنان ئاماژە بە (دەریا) دەکات .

## 2- کردەی قسەیی .

لەم نموونەیەدا قسەکەر دەربڕینەکەی لە شێوەی (داخوازی) دایە , بەڵام بە پێی کردە قسەیەکان گریمانە دەکرێت چەند مەبەستێکی تری وەك : پۆزش ,,سەرسوڕمان , پێ ڕاگەیاندن , هەست دەربڕین , داوا , پێشنیاز , توانج لێدان , بێزاری ....هتد بگەیەنێت .

ا– لە ڕستەی (ئەگەر ڕەنجیدە بووی قوربان) قسەکەر (شاعیر) مەبەستی نیشاندانی سەرسوڕمانیەتی لە بەرامبەر ڕەنجیدەبوونی کەسی بەرامبەر (گوێگر) .

ب– لە ڕستەی (وەرە سەر مەنزەرەی چاوم) قسەکەر مەبەستی بۆ گوێگر داوایە تا کارەکە ئەنجام بدات .

ج– لە ڕستەی (تەماشای مەوجی دەریاکە) قسەکەر مەبەستی بۆ گوێگر پێشنیاز کردنە .

## 3- دەرکەوتەکان .

لەم دەربڕینەدا شاعیر مەبەستی نزمکردنەوەی شتی وەسفکراوە , بە شێوەیەکی سەرسوڕمانی پێشنیاز بۆ گوێگر دەکات و لەم بنەمایانە لایداوە :

ا– بنەمای گونجان : دەربڕینەکە لەڕووی واقیع گونجاو نیە , چونکە کەس ناتوانێت بچێتە سەرچاوی کەسێکی تر تاکو سەیری شەپۆلەکانی دەریا بکات .

ب– بنەمای چەندێتی : بڕی زانیاریەکە زۆرە زیاترە .

ج– بنەمای چۆنیەتی : دەربڕینەکان ڕاست نین و زیادەڕۆیی تێداکراوە .

## 4- گریمانەکان .

قسەکەر (شاعیر) لە کاتی دەربڕینەکەیدا گریمانەی چەند شتێکی کردووە وەك :

1 –کەسی باسکراو مرۆڤە .

2 –ڕەگەزی مێیە .

3 –پلەی کۆمەڵایەتی بەرزە .

4 –کەسی باسکراو توانای بینینی هەیە و کوێر نیە .

5 -کەسی وەسفکراو پێشوو تر ڕەنجیدە بووە .

6 -ئەوانەیە جارێکی تر ڕەنجیدە بێتەوە .

7 -دەریا بوونی هەیە .

8 -دەریا شەپۆڵی هەیە .

## 5- **بابەت :**

**بابەتەکە خۆشەویستیە , پەیامێکە کە تێدا قسەکەر ڕووی پەیامەکە ئاڕاستەی خۆشەویستەکەی دەکات و پێشنیازی ئەوەی بۆدەکات کە لە کاتی ڕەنجیدە بوونی دەتوانێت ئەو شوێنی شایەن تری بۆ بدۆزێتەوە . لێرەدا گریمانە دەکرێت کە هۆی ڕەنجیدە بوونەکەی دوو ئاڕاستە وەربگرێت بەم شێوەیە :**

**هۆی کێشەکە**
- **شاعیر بێت**
- **کەسانی دەوروبەری بن**

**بەڵام گریمانە کردن بە ئاڕاستەی شاعیر بە هێز ترە , چونکە قسەکەر (شاعیر) هۆکارەکەی بۆ دڵی خۆی دەگێڕێتەوە کە بۆتە ڕەنجیدە بوونی کەسی بەرامبەر .**

## 6- **باری دەروونی :**

**لە ئەنجامی خوێندنەوەمان بۆ دەقەکە دەردەکەوێت , کە قسەکەر (شاعیر) و گوێگر (یارەکەی) هەردووکیان لە بارێکی دەروونی خراپ دابن , چونکە لە ئەنجامی کەوتنە ژێر ئەو کاریگەریە دەروونیە خراپەی خۆیان وایکردووە بەو شێوەیە باس لە بارودۆخی خۆیان بکەن .**

## نموونەی سێیەم :

**گەر دەپرسی من لە بەرچی کەم دەخۆم**

**من بە برســی قەت مەزانە غەم دەخــۆم .** (نالی:66:2008) .

**1- نیشانکارەکان :**


**ا- نیشانە کەسیەکان :**

**من : ڕاناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی تاك , شاعیر .**

**تۆ : ڕاناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاك , گوێگر .**

**لـە نیـوەی دێـری یەکـەم کردەکـە بـە پرسـیارکردن دەسـت پـێ دەکـات , کەئاڕاسـتەی پرسـیارکردنەکە لـە (تـۆ) بـەرەو (مـن) ە . بـەو پێیـە ئەگـەر (تـۆ) پرسـیاری لـە (مـن) کردبێـت ئـەوا (مـن) دەبێتـە (گـوێگر) و (تــۆ)ش دەبێتــە (پرســیارکەر) قســەکەر , لــەو بارەشــدا (تــۆ) بکــەری کردەیەکەیــە . بــەڵام لــە نیــوە دێــری دووەمــدا ئاڕاســتەکە پێچــەوانە دەبێتــەوە و (مــن) دەبێتــە (قســەکەر) و (تــۆ)ش دەبێتــە (گــوێگر) , بــەو پێیــەی کــرداری غــەم خواردنەکــە لەلایــەن (مــن) ئەنجامــدراوە , کەواتــە لەو بارەدا بکەری ڕستەکە (من)ە .**


**سەبارەت بە (گوێهەڵخەر) وا گریمانە دەکرێت کە هەبێت یان نەبێت :**





**لێرەدا گریمانـە ئـەوە دەکرێـت کـە گوێهەڵخـەر نـەبێت , چـونکە بابەتەکـە پـەیامێکی خۆشەویسـتیە , ئـەو جـۆرە پەیامانــەش بــە زۆری بــە نهێنــی لــە نێــوان کەســی یەکــەم و کەســی دووەم بــە بــێ ئاگــاداری و ئامادەبوونی کەسی سێیەم ئاڵوگۆڕ دەکرێت .**

**ب- ناسنامەی بەشداربوان :**

**بۆ دەست نیشانکردنی ناسنامە و پلە و پایە و ڕەگەزی قسـەکەر و گوێگر دەکرێـت بـەم شـێوەیە ئامـاژەی پـێ بدەین :**






**ج- کات :**

1− کاتی گوتن : ئێستا , بەڵام ئەم کاتی ئێستایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کاتی گوتنی شیعرەکە نەك ئێستای سەردەمی لێکدانەوەکە .

2− کاتی ڕوودان : بە هۆی کار لە ڕستە دیاری دەکرێت .


دەپرسی: ڕابردوو .

دەخۆم : ڕابردووی بەردەوام .

مەزانە : داخوازیە (ئێستا) .

دەخۆم : ڕابردووی بەردەوام .

بە پێی خوێندنەوەمان بۆ دەقە شیعریەکە , کاتەکانی کە کردەکەی دەربڕینەکەی تێدا ئەنجامدراوە جیاوازە و لە گۆڕاندایە , بە جۆرێك لە سەرەتای خوێندنەوەمان لە کاری ڕستەکە (دەپرسی) دا ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت کە کاتی ڕووداوەکە ڕانەبردوو بێت , چونکە هێشتا کردەی پرسەکەی ئەنجام نەداوە . بەڵام لە کاری (کەم دەخۆم) لە ڕووی دۆخە واتاییەکەوە کاتی کەم خواردنەکە لە زەمەنی (ڕابردووی بەردەوام) دایە , دواتر لە نیوە دێری دووەم و لە دەربڕینی (من بەبرسی مەزانە) کاتەکە دەبێتە (ئێستا) , پاشان لە دەربڕینی (غەم خواردن) کاتەکە دەگۆڕێت و دەچێتە زەمەنی (ڕابردوو) کە دەکرێت بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە :




لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە کردەی دەربڕینەکە لە سەردەمێکی پێشوتردا ئەنجامدراوە , لەو بارەشدا چەند کاتێکی تر بوونی دەبێت سەبارەت بە قسەکەر وەك :

1− کاتی بیرکردنەوە .

2− کاتی کە ئیلهامی شیعرەکەی بۆ هاتووە .


3− کاتی نووسین .

**د- شوێن :**

دیاریکردنی شـوێنی ڕووداوەکـە بـە شـێوەی گریمانـەیی دەبێـت , ئـەو شـوێنەی کـە پلـەی بـەهێزی و پەسندی وەردەگرێت بۆ لە خۆگرتنی کردەی دەربڕینەکە (ماڵ) یان دەبێت (جیَ ژوان) بێت . هەر چەندە گریمانەی ئەوەش لە ئارادایە کە چەند شوێنێکی تریش دیاریبکرێت , بەڵام پلەی گریمانە کردن بۆ ئەو دوو شوێنە بەهێزترە , ئەویش بە پشت بەستن بەو بارە و سەردەمەی کە ئەم دەربڕینە شیعریەی تێدا دەربڕاوە . سەبارەت بە دوور و نزیکی شوێنی قسەکەر و گوێگر , لەم دێرە شیعرەدا وا دەردەکەوێت کە ئەو شوێنەی کردەی دەربڕینەکەی تێدا ئەنجامدراوە بە جۆرێکە کە قسەکەر و گوێگر نزیکی یەکترن .

## 2- **کردەی قسەیی** .

لەم نموونەیەدا قسەکەر دەربڕینەکەی لە شێوەی (پرسیار) دایە , بەڵام بە پێی کردە قسەیەکان گریمانە دەکرێت چەند مەبەستێکی تری وەك : پۆزش , سەرسوڕمان , پێ ڕاگەیاندن , هەست دەربڕین , داوا , پێشنیاز , توانج لێدان , بێزاری ....هتد بگەیەنێت .
لەم کردەیەدا مەبەستی قسەکەر هەست دەربڕینە , ئەمەش خۆی لە دوو شێوە دەبینێتەوە کە گریمانە دەکرێت هەست دەربڕینەکە بۆ :




شێوەی هەست دەربڕینەکە زیاتر بۆ کەسی بەرامبەر پلەی پەسندی وەردەگرێت , چونکە قسەکەر باس لە بارودۆخی خۆی دەکات کە لە چ بارێکی خراپ دایە و هەست دەربڕینەکەشی لە شێوەی (گلەیی) دایە , بەو پێیەی گلەیش هەردەم ئاراستە بۆ کەسی دووەم وەردەگرێت , بۆیە گریمانەی هەست دەربڕینەکە بۆ کەسی بەرامبەر بەهێزترە لەوەی بۆ خەڵك بێت .

## 3- **دەرکەوتەکان** .

لەم دەربڕینەدا شاعیر مەبەستی بەرزکردنەوە و گەورەکردنی واقیعی بابەتی وەسفکراوە , بە شێوەیەکی سەرسوڕمانی پێشنیاز بۆ گوێگر دەکات و لەم بنەمایانە لایداوە :

ا- بنەمای چەندێتی : بڕی زانیاریەکە زۆر زیاترە .

ب- بنەمای چۆنیەتی : دەربڕینەکان ڕاست نین و زیادەڕۆیی تێداکراوە .

ج- بنەمای گونجان : دەربڕینەکە لە ڕووی واقیعەوە ناگونجێ , چونکە غەم خواردن نابێتە هۆی تێربوون و نەمانی برسیەتی .

د- بنەمای شێواز : دەربڕینەکە تەمومژە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاوە .

## 4- گریمانەکان .

قسەکەر (شاعیر) لە کاتی دەربڕینەکەیدا گریمانەی چەند شتێکی کردووە وەك :

ا- گوێگر مرۆڤە .

ب- ڕەگەزی مێیە .

ج- گوێگر ئاگاداری حاڵی شاعیر نیە .

د- گریمانە دەکات لە حاڵی بپرسێت .

## 5- بابەت :

بێگومان بابەتەکە خۆشەویستیە و پەیامێکە کە تێدا قسەکەر ڕووی پەیامەکە ئاڕاستەی خۆشەویستەکەی دەکات و دەیەوێ پێی ڕابگەیەنێت کە هۆی غەم خواردنەکەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوێ پێنەدانەی کە بەرامبەر بە ئەو هەیەتی .

لێرەدا گریمانە دەکرێت کە هۆی کێشەکە دوو ئاڕاستە وەربگرێت بەم شێوەیە :

کچەکە بێت
هۆی کێشەکە
ماڵەوەیان بێت

بەلاّم گریمانە کردن بە ئاڕاستەی کچەکە بەهێزترە , چونکە ئەم جۆرە پەیوەندیە خۆشەویستیە زیاتر دەچێتە خانەی نهێنی و زۆر بە دەگمەن ڕێی تێدەچێ لەو سەردەمە کەس و کار ئاگاداری ئەم جۆرە پەیوەندیە بن و ڕێگەی پێ بدەن .

## 6- باری دەروونی :

لە ئەنجامی خوێندنەوەمان بۆ دەقەکە دەردەکەوێت , کە قسەکەر (شاعیر) لە بارێکی دەروونی خراپ دابێت , چونکە لە ئەنجامی کەوتنە ژێر ئەو کاریگەریە دەروونیە خراپەی خۆی وایکردووە بەو شێوەیە باس لە بارودۆخی خۆی دەکات .

قسەکەر ———— کاریگەری دەروونی خۆی

سەبارەت بە گوێگر (کچ)ەکە گریمانە دەکرێت ئەویش لە بارودۆخێکی خراپ دابێت , چونکە لە ژێر کاریگەری دوو هێزی دەروونی دایە ئەویش :

گوێگر
- کاریگەری بەرامبەر (خۆشەویستەکەی)
- کاریگەری کەس و کار

# ئەنجام

## ئەنجام :

1- دەوروبەر لە زۆربەی بارەکاندا ڕۆڵی یەك لایی کەرەوە دەبینێ لە ڕوونکردنەوەی واتا , لادانی لێڵی لەو وشە و گرێ و ڕستانەی کە هاوبێژی وفرەواتا پێك دەهێنن .

2- سنوری دەوروبەر بە پێی هەردوو باری چۆنیەتی و چەندێتی دەربڕینەکان دیاری دەکرێت , نەك تەنها بە پێی شێوەی دەربڕینەکان .

3- گەڕاندنەوەی دەوروبەر لە دەقی شیعری و تایبەت لە دەقی نوسراودا بە شێوەی گریمانەی دەبێت .

4- هەڵبژاردنی دەوروبەر بە پێی پلەی گونجاوی لەگەڵ واقیع و ئەو بارودۆخەی دەربڕینەکی تێدا ئەنجام دراوە دەکرێت .

5- دەوروبەر نرخ و بەها بە وشە دەدات , واتایەکی دیاریکراو و کاتی پێ دەبەخشێت , چونکە واتای وشە لە ژێر کاریگەری ئەو دەوروبەرەی تێدا دەردەبڕدرێت لە گۆڕاندایە .

6- دۆزینەوەی دەوروبەر و ئەو واتایەی لە ئەنجامی شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی پڕاگماتیکیانە , کە بۆ دەقێکی شیعری دەکرێت ڕاستیەکی ڕێژەیی هەیە نەك ڕەها , کە پاشخانی ڕاڤەکەر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت .

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەكان

## یەكەم/ بەزمانی كوردی :

1- تریفـه عومـەر ئەحمـەد , (2008) , مەبەسـتی پڕاگمـاتیكی لـه وتـاردا , نامـەی ماسـتەر , كۆلێـژی زمان , زانكۆی سلێمانی .
2- جبار ئەحمەد حسێن , (2005) , ئیستاتیكیایی دەقی شیعری كوردی , نامەی ماستەر , كۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەكان , زانكۆی سەلاحەدین .
3- سەمەد ئەحمـەد , (2003) , لـه نـاو بازنـەی دەقدا , لـه بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری , چاپی یەكەم , سلێمانی .
4- ساجیده عبدوڵلا فـەرهادی , (2008) , ڕستە و پـاش ڕستە تێڕوانینێكی ئـەركی , دەزگـای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس , چاپی یەكەم , هەولێر .
5- صباح رشید قادر , (2000) , هاوبێژی و فرەواتایی لـه گیرەكدا , نامەی ماستەر , كۆلێژی زمـان , زانكۆی سلێمانی .
6- عبدوڵلا عەزیز مەحەمەد , (1990) , گۆڕانی واتای وشه لە زمانی كوردیدا , نامەی ماستەر , كۆلێژی ئاداب , زانكۆی سەلاحەدین .
7- عبدالواحیـد مشیر دزەیـی , (2009) , كاریگـەری دەروونـی لـه بـواری ڕاگەیاندنـدا , لێكۆڵینەوەیـەكی سیمانتیكی و پڕاگماتیكی , دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس , چاپی یەكەم , هەولێر .
8- عبدالواحیـد مشیر دزەیـی , (2009) , واتاسـازی , دەزگـای توێژینـەوە و بڵاوكردنـەوەی موكریـانی , چاپی یەكەم , هەولێر .
9- عبدالواحید مشیر دزەیی , (2010) , واتاسازی وشه و ڕستە , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , چـاپی یەكـەم , هەولێر .
10- عبدالواحید مشیر دزەیی , (2011) , زانستی پڕاگماتیك , چاپخانەی پاك , چاپی یەكەم , هەولێر .
11- عبدالواحیـد مشـیر دزەیـی , (2012) , شـیكردنەوەی ئاخـاوتن , لێكۆڵینەوەیـەكی پڕاگماتیكیـه , خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا , چاپی یەكەم , سلێمانی .
12- عبدالواحیـد مشـیر دزەیـی و سـەردار ئەحمـەد گـەردی , (2012) , تێروانینێكـی پڕاگمـاتیكی و ڕەخنەی بۆ دێرە شیعرێكی نالی , گ : الاستاذ , ژ (202) .
13- عبدالواحید مشیر دزەیی , (2013) , پڕاگماتیكی دەق و گوتار , بڵاو نەكراوە .
14- عبدالواحید مشیر دزەیی , (2013) , وشەسازی زمانی كوردی , چاپی یەكەم , هەولێر .
15- قـیس كاكـل , (2002) , پەیوەندیـەكانی نێـو دەق , نامـەی دكتـۆرا , كۆلێـژی ئـاداب , زانكـۆی سەلاحەدین .
16- محمد دلێر , (2009) , زمانی شیعر و زمانی ڕۆژنامەنووسی , گ : زانكۆی سلێمانی , ژ(2) .
17- محمد معروف فتاح , (1985) , هێماكاری و زمانەوانی , گ : كاروان , ژ (25) .

18- محمد معروف فتاح , (2010) , لێكۆڵینەوە زمانەوانیەكانم , دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی , چاپی یەكەم , هەولێر .
19- محمد معروف فتاح , (2011) , زمانەوانی , بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی , چاپخانەی حاجی هاشم , هەولێر .
20- هیمداد حسین بكر و محمد عبدالكریم ابراهیم , (2010) , پێكهاتەی زمانی شیعری كوردی لە ڕوانگەی شێوازگەریەوە , گ : ئەكادیمی , ژ (14) هەولێر .
21- وریا عومەر ئەمین , (2009) , چەندئاسۆیەكی تری زمانەوانی , دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس , بەرگی یەكەم , چاى دووەم , هەولێر .

## دووەم / بەزمانی عەرەبی .

22- احمد امين , (1983) , النقدالادبى , مكتبة النهضة المصرية , ط : (5) , القاهرة .
23- احمد مختار عمر , (1998) , علم الدلالة , عالم الكتب , ط : الخامسة , القاهرة .
24- ان روبول و جاك وشلار , (2003) , التداولية اليوم علم جديد فى التواصل , ت : سيف الدين دغفوس و محمدالشيبانى , دارالطليعة للطباعة و النشر , ط : الاولى , بيروت .
25- بالمر .ف , (1985) , علم الدلالة , ت : مجيد عبدالحليم الماشطة , كلية الاداب , الجامعة المستنصرية .
26- تمام حسان , (1986) , مناهج البحث فى اللغة , دار الثقافة , دار البيضاء , المغرب .
27- جمعة سيد يوسف , (1990) , سيكولوجية اللغة و المرض العقلى , سلسلة كتب الثقافية الشهرية , الكويت .
28- جون لاينز , (1987) , اللغة و المعنى و السياق , ت : عباس صادق الوهاب , دار الشؤن الثقافية العامة , ط : الاولى , بغداد .
29- خميس الجوينى (1426هـ) , استراتيجيات الاستنتاج و الاستدلال فى القراءة و الفهم النصوص , مجلة جامعة , كلية اللغات و الترجمة , الرياض .
30- خولة طالب الابراهيمي , 1997, قراة في الليسانيات النصية , مجلة اللغة و الادب , العدد (12) , الجزائر .
31- ردةاللة بن ردة بن ضيف اللة , (1418هـ) , دلالة سياق , رسالة دكتوراه , جامعة ام القرى , كلية اللغة , السعودية .
32- سالم شاكر , (1992) , مدخل الى علم الدلالة , ديوان مطبوعات الجامعية , الجزائر .
33-ستيفن اولمان , (1986) , دور الكلمة فى اللغة , ت : كمال محمد بشير , مكتبة الشباب , ط : العاشرة .
34- صلاح فضل , (1987) , نظريات البنائية فى النقد الادبى , ط : (3) , بغداد .
35- عبدالسلام المسدى , (1982) , الاسلوبية و الاسلوب , دار العربية للكتاب , ط : الثانية , تونس .

36- عبدالعزيز بن ردة الطلحى , (2008) , مصطلح السياق النشاة و المفهوم و التطور , قراءة فى الفكر اللغوى المعاصر , جامعة مؤتة , الاردن .
37- عبدالقادر عبدالجليل , (2002) , علم اللسانيات الحديثة , دار صنعاء للنشر و التوزيع , ط : الاولى , عمان .
38- عبدالهادى الفضلى , (1415هـ) , خلاصة النطق , منشورات دار الاعتصام , التاليف و الترجمة و الطباعة , ط : 3 , جمهورية اسلامية الايرانية .
39- عزمى اسلام , (1985 ) , مفهوم المعنى , دراسة تحليلية , حوليات (6) , جامعة الكويت , كلية الاداب .
40- على زوين , (1986) , منهج البحث اللغوى بين التراث و علم اللغة الحديث , دار الشؤن الثقافة العامة افاق العربية , ط : الاولى , بغداد .
41- فاطمة الشيدى , (2011) , المعنى خارج النص , اثر السياق فى التحديد دلالات الخطاب , دار نينوى , دمشق .
42- فهد بن شتوى , (2005) , دلالة السياق و اثرها فى توجية التشابة اللفظى , رسالة ماجستير , جامعة ام القرى , السعودية .
43- كلودجرمان و ريمون روبلان , (1994) , ت : نور الهدى لوشن , دار الفاضل , دمشق .
44- محمد محمد يونس , (1993) , وصف اللغة العربية دلاليا , جامعة فاتح .
45- مقبول ادريس , (2004) , عالم فكر , بعد التداولى عند سيبوية , المجلد : (33) , عدد : (1) .
46- منقور عبدالجليل , (2001) , علم الدلالة , اصول ومباحثة فى التراث العربى , من المنشورات الغاد الكتب العرب , دمشق .
47- مهدى ابراهيم , (2010) , السياق و اثروة فى المعنى , الدار الدولية للاستثمارات الثقافية , مصر .
48- نور الهدى لوشن , (1995) , علم الدلالة , دراسة و تطبيقها , ط : الاولى , بنغازى , ليبيا .
49- هادى نهر , (1998) , علم اللغة الاجتماعى عند العرب , جامعة المستنصرية , ط : الاولى , بغداد .
50- هدسون , (1990) , علم اللة الاجتماعى , ت : محمودعياد , عالم كتب , ط : الثانية , القاهرة .
51- يحى احمد , (1989) , الاتجاه الوظيفي و دورة فى تحليل اللغة , عالم الفكر , المجلد العشرون , العدد الثالث , الكويت .
52- يونس اوغليسى , (2000) , الخطاب النقدى , بحث فى المنهج اشكالية , اصدارات رابطة الابداع الثقافية , الجزائر .

### سێیەم / بە زمانی ئینگلیزی .

53- Crystal , D . (1992) , An Encyclopde dictionary of longuge and linguistics , Blackwell oxford paress .

54- Cutting . Juan . (2002) , Pragmatics and Discourse : A resourse book for students , Florence , KY , USA .

55- Klammer . E , (1977) , sentaence seanse , Harcourt brace Jovanovich , inc , U. S. A .

56- Leech . G , (1983) , Principles of pragmatics , London , Longman .

57- Palmer . F ,(1976) , semantics , cambrridge .
58- Teun . A . Van dijk , (1977) , Text and Context , Exploration in the semantics and pragmatics of discourse , london , new york .

**چوارەم / ئەو سەرچاوانەی نموونەیان لێ وەرگیراوە :**

59- ئەنوەر مەسیفی , (2005) , جارێکی تر خۆر باران , کۆواری شین , ژ : (15) .
60- حاجی قادری کۆیی, ( 2007) , لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : سەردارحەمید و کەریم مستەفا, سنە .
61- پیرەمێرد , (2009) , پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمی , کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی : ئومێد ئاشنا , دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس , بەرگی یەکەم , چاپی دووەم , هەولێر .
62- پیرەمێرد , (2009) , پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمی , کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی : ئومێد ئاشنا , دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس , بەرگی دووەم , چاپی دووەم , هەولێر .
63- شێخ رەزایی تاڵبانی , (2003) , دیوانە شیعر , دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس , چاپی یەکەم , هەولێر .
64- عبدوڵڵا پەشێو , (2008) , پشت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە , دیوانە شیعر , چاپخانەی هێڤی , چاپی سێیەم , هەولێر .
65- عبدوڵڵا پەشێو , (2008) , هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا , دیوانە شیعر , چاپخانەی هێڤی , چاپی سێیەم , هەولێر .
66- گۆران , (2004) , دیوانە شیعر , نێوەندی چاپ و پەخشی ڕێنما , چاپی سێیەم , سلێمانی .
67- گیوی موکریانی , (1999) , فەرهەنگی کوردستان , دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس , چاپی یەکەم , هەولێر .
68- نالی , (2008) , دیوانە شیعر , چاپخانەی حاجی هاشم , چاپی دووەم , هەولێر .
69- مارف خەزنەدار , (2004) , مێژووی ئەدەبی کوردی , دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس , بەرگی چوارەم , چاپی یەکەم , هەولێر .
70- مەحوی , (1387) , دیوانە شیعر , بڵاوکراوەی انتشارات کردستان , چاپی پێنجەم , سنە .
71- محەمەدنوری عارف , (2009) , فەرهەنگی دیوانی شاعیران(نالی و سالم و کوردی) , دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس , چاپی دووەم , هەولێر .
72-هێمن , (2006) , بارگەی یاران , دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس , چاپی دووەم , هەولێر .
73- هەژار , (1381) , فەرهەنگی هەمبانە بورینە , یك جلدی , چاپ سوم , تهران .
74- وەفایی , (1387) , دیوانە شیعر , چاپی دووەم , سنە .

إقليم كردستان – عيراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين – أربيل

# السياق

## دورة في توضيح الدلالة الشعرية

### دراسة تداولية

رسالة

مقدمة الى المجلس الكلية اللغات – جامعة صلاح الدين – أربيل
وهي جزء من المطتلبات نيل شهادة ماجستير في اللغة الكردية

من قبل

شوان نجم الدين عمر- بكالوريس جامعة صلاح الدين - 2008

بإشراف

أ.م.د. عبدالواحيد مشير دزيي

كولان2713 كوردي     رجب 1434 هجري     أيار 2013
ميلادي

# ملخص البحث


البحث بعنوان (السياق دورة فى توضيح الدلالة الشعرية) , دراسة تداولية , الهدف في هذا البحث هو تحليل المضمون النص الشعرى مكتوب فى اطار السياق النفسى . ادوات هذه البحث النصوص الشعرية باللغة الكردية و تحديدا اللهجة الكرمانجية الوسطى.

يتكون البحث من مقدمة و فصلين و ملخص باهم النتائج :

الفصل الاول :

يتناول الفصل الاول الجانب النظلري للدراسة , تضمن العناوين التالية ( تعريف السياق , انواع السياق, مقومات السياق , البنية السياقية , الاحالة السياقية , الاطر السياقية , السياق و الوحدة الدلالية , السياق والمقصد , دور السياق فى تحليل الدلالة , تاثيرات السياق فى تغير الدلالة ) .

الفصل الثانى :

يتناول الجانب التطبيقى للدراسة , وذلك عن طريق الاستشهاد بالنصوص الشعرية (المكتوبة) فى ايجاد السياق , وتضمن المحاور التالية (اللغة الشعرية , الانحراف الدلالي فى لغة الشعر, قراءة و تحليل اللغة الشعرية, كيفية فهم اللغة الشعرية, السياق و مراحل التحليل , ايجاد السياق و التحليل التداولي ) .

يعد السياق ركن من اركان علم التداول، لدراسة و تحديد الدلالة و مقاصد الشاعر فى شعره , ان الشعر فية نوع من الغموض الدلالى لذالك يعد حقلا خصبا للدراسة تداوليا, فان اختيار الموضوع تم لتحديد و تفسير هذه الغموض .

فى نهاية البحث توصلنا الي مجموعة نتائج , منها : ان السياق فى اغلب الاحيان يؤدي دورا حاسما لتحديد الدلالة و و المقاصد وازالة الغموض عن تلك الكلمات و العبارات و الجمل كما فى المشتركات اللفظية و المترادفات اللغوية . كذالك السياق يكون بمثابة مرجع للمتلقى (المستمع) لازالة الغموض محتوى رسالة فى فهم المعنى المراد, اضافة الى ذالك الاحالة السياقية فى النص الشعري , بالاخص فى النصوص المكتوبة تتكون على شكل السياق الافتراضى و الحقيقة التى نحصل عليها تكون نسبيا غير مطلقة .

# Abstract

أ

s intitled **(The Role Context in Explaning the Meaning of poetry . a pragmatic study).** The present study deals with the interpretation of meaning and the aim of expression in context point of view . The study is limited to Kurdish language – Central dialect in which poetic texts are interpreted depending on the bases context .

The study falls in to an introduction , two chapters a conclusion :

**Chapter One :**

The chapter tackles the oretical aspect of the study in general . it consists of these sections : The definition of context , the types of context , the bases of context , the structure of context , the limitation of context , context and the unit of menaing , isolation of context , reference of context , choosing context , context and aim , deduction and induction of context , the role of context in explaining meaning , and the effects of context in changing meaning .

**Chapter two :**

In this chater the examples of poetic texts are tackled practically to find outthe context , it consists of these sections : the language of poetry , semantic deviation in poetic language , reading and interpreting poetic language , the techniques of understanding poetic language , context and the stages of analysis and finding out the context and pragmatic analaysis .

Context is a prominent subject in pragmatic , it has a great erole in interpreting and explaining aim and meaning in poetry , it consists of some kinds of ambiguity in meaning , and it is great field of semantic deviation. So, choosing this topic will be very intresting for explaining these ambiguities ; this paper has got some results , in them , context has decisive role in explaining meaning and aim in several cases , ambiguity deviation in thouse words , Phrases and sentences that constitute homophones and homonyms . Context is also like a source of recipient to understand the intension of the speaker when the expressions of the speaker deliver vague messages . One more thing which has to be mentioned is that context in poetic texts especially in

written poetic texts in hypothetical;the outcome facts are relative , not absolute.

Kurdistan Region – Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University – Erbil

# Context

## Its Role In Explaining The Meaning of Poetry
## A Pragmateic Study

**A Thesis**

Submitted to the Council of the College of Language - Salahaddin University - Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements For the Degree of Master in Kurdish Language

By
**Shwan Najmaddin Omer -** B.A.Salahaddin University 2008

Supervised By
**Asst.Prof.Dr.Abdulwahid Musher Dezaye**

May 2013 A.D. Rajab 1434 Al-H. Gulan 2713 K.